وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

نەوزادی موهەندیس

# دەروازەیەک بۆ سۆشیال دیموکراتی

## بەهاکان - ئابووری کۆمەڵایەتی - دەوڵەتی خۆشگوزەرانی

## مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

ئۆرگانێکی روناکبیریی و پەروەردەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، لەسەر بنەمای سۆشیال ـ دیموکرات و لە پێناوی پەرە و گەشەپێدانی بەهاکانی (ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی چارەیخۆنووسین) زەمینەی دیالۆگ، گەشەپێدانی هزری و هۆشیاریی سیاسیی دەرەخسێنێت.

لە رێگای ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادیران، چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب، نامیلکە، گۆڤار، کۆڕ و سیمیناری تایبەتمەند و دروستکردنی بەڵگەفیلم ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، هەروەها گرنگی بە ئەرشیفکردنی مێژووی (شۆڕشی نوێ و یەکێتی) بە تایبەت و بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان و دیموکراسی عیراقی بەگشتی دەدات.

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
نەوزادی موهەندیس

# دەروازەیەك بۆ سۆشیال دیموكراتی

## بەهاكان - ئابووری كۆمەڵایەتی - دەوڵەتی خۆشگوزەرانی

چاپی یەكەم
سلێمانی - ٢٠٢٣

مافی لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە بەتەنها پارێزراوە
بۆ وەرگێڕ

ناوی کتێب: دەروازەیەك بۆ سۆشیال دیموکراتی
وەرگێڕانی: نەوزادی موهەندیس
تایپ: نەوزادی موهەندیس
پێداچوونەوە و هەڵەچنی: داسیار محمد حمە صالح
نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ: فەرهاد عومەر
شوێنی چاپ: چاپخانەی / سلێمانی
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم/ ٢٠٢٣
تیراژ: ٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٥٢٩)ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە

سەرپەرشتیاری زنجیرەی کتێب
ئەمیرە عومەر

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیروهۆشیاری

www.pukhoshiari.com    info@pukhoshiari.com

# ناوەڕۆک

**بابەت** **لاپەڕە**

پێشکەشه بە.......................................................... ١٢
پێشەکی.................................................................. ١٣
پێشەکی وەرگێڕ....................................................... ١٥

## بەشی یەکەم

سۆشیال دیموکراتی چییە؟....................................... ٢١
٢١-١مەبەست لە سۆشیال دیموکراتی چییە؟................. ٢٣
١-٢سۆشیال دیموکراتی وەک بزوتنەوەیەک.................... ٢٤
١-٣سێ ئاستەکان........................................................ ٢٤

## بەشی دووەم

ئازادی...................................................................... ٢٩
٢-١ بیرکردنەوە لە ئازادی.......................................... ٣١
٢-٢ مافەکانی ئازادی:مافەکانی پاراستن و مافەکانی................... ٣٤
٢-٣چیت دەوێت لە سۆشیال دیموکراتی......................... ٣٥

## بەشی سێیەم

دادپەروەری............................................................. ٤١
٣-١ دادپەروەری چییە؟و یەکسانی چییە؟........................ ٤٣
٣-٢ دادپەروەری:ژنان و نەوەکان................................. ٤٦
٣-٣ چۆن هەڵدەستین بە کرداری دابەشکردن.................... ٤٧
٣-٤ سۆشیال دیموکراتی چی دەوێت؟.............................. ٤٨

## بەشی چوارەم

هاوکاری........................................................................ ٥١
٤-١ بیرکردنەوە لە هاوکاری.................................................. ٥٣
٤-٢ هاوکاری چۆن کاردەکات؟................................................. ٥٥
٤-٣ چەند نموونەیەک لە هاوکاری........................................... ٥٦
٤-٤ سۆشیال دیموکراتی چی دەوێت؟........................................ ٥٩

## بەشی پێنجەم

## سۆشیال دیموکراتی: بیرکردنەوە ودیاریکردنی

پابەندیەکان و مامەڵە........................................................... ٦١
٥-١ بەها بنەڕەتیەکان سەربەیەکترین..................................... ٦٣
٥-٢ لە بیرکردنەوەوە بۆ دیاریکردنی پابەندییەکان،
لە بەها بنەڕەتیەکانەوە بۆ مافە بنەڕەتیەکان.......................... ٦٤
٥-٣ ڕێکەوتننامەکانی نەتەوە یەککگرتووەکان.............................. ٦٧
٥-٤ لە پابەندی بە یاساکانەوە بۆ مامەڵەکردن:
لە مافی بنەڕەتیەوە بۆ هۆکارەکان............................................ ٦٨

## بەشی شەشەم

سۆشیال دیموکراتی..بەراوردکردن............................................. ٧٣
٦-١ ڕەوتی ئایدیای لیبڕاڵی نوێ............................................. ٧٥
٦-٢ ڕەوتی ئایدیای کۆنەپارێز................................................ ٧٨
٦-٣ ڕەوتی ئایدیای سۆشیال دیموکراتی..................................... ٨٠

## بەشی حەوتەم

سۆشیال دیموکراتی لە وڵاتانی تر............................................ ٨٣
٧- ١ توێژینەوەیەکی نێودەوڵەتی............................................ ٨٥
٧-٢ وڵاتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا......................................... ٨٧

٧-٣ بەریتانیای مەزن..................................................٨٩
٧-٤ ئەڵمانیا..................................................................٩٠
٧-٥ یابان.....................................................................٩٢
٧-٦ سوید.....................................................................٩٣

**بەشی هەشتەم**

سۆشیال دیموکراتی لە ئایندەدا....................................٩٧
٨-١ ئایدیای نوێ...............................................................٩٩
٨-٢ جیهانگیری...............................................................٩٩
٨-٣ جیهانی ژمارەیی......................................................١٠١
٨-٤ بەردەوام بۆ پێشەوە................................................١٠٢

# ئابووری و کۆمەڵایەتی

**بابەت** **لاپەڕە**

پێشەکی....................................................................١٠٧

**بەشی یەکەم**

ئابووری چییە؟............................................................١٠٩
١-١ ئابووری نوێ؟..........................................................١١١
١-٢ سیستەمەکانی ئابووری؟.......................................١١٢

**بەشی دووەم**

بیرکردنەوە لە ئابووری؟..............................................١١٥

٢-١  سێ بیردۆزە ئابوورییە گرنگەکان؟..................................١١٨
٢-٢ بیرۆکە سەرەکییەکان بۆ بیردۆزەی ئابووری..................١٢٨
٢-٣ سیاسەتی خواست و خستنەڕووی ڕۆژ..........................١٣١

## بەشی سێیەم

سیستەمە ئابوورییە نوێکان..........................................................١٣٥
٣-١ سەرمایەداری و دیموکراتی..........................................١٣٧
٣-٢ سیستەمەکانی ئابووری.................................................١٤٠
٣-٣ ئابووری بازاڕی کۆمەڵایەتی..........................................١٤٥

## بەشی چوارەم

چی گرنگە بەلای سۆشیال دیموکراتەکانەوە؟..........................١٤٧
٤-١ بەها بنەڕەتیەکان.......................................................................١٤٩
٤-٢ گەشەکردن.................................................................................١٥١
٤-٣ یەکسانی کۆمەڵایەتی..............................................................١٥٢
٤-٤  بەردەوامبوون..........................................................................١٥٣
٤-٥ گەشەکردنی جۆری:گەشەکردن و یەکسانی
کۆمەڵایەتی و بەردەوامبوون..........................................................١٥٥

## بەشی پێنجەم

ئابووری لە وڵاتانی جیاوازدا........................................................١٥٧
٥-١ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا..................................................١٦٠
٥-٢ بەریتانیای مەزن.......................................................................١٦١
٥-٣ ئەڵمانیا.....................................................................................١٦٣
٥-٤ یابان.........................................................................................١٦٤
٥-٥ سوید.........................................................................................١٦٦

## بەشی شەشەم

سیاسەتی ئابووری لە ئایندەدا.........................................................١٦٩

٦-١ بیری نوێ.......................................................... ١٧١
٦-٢ جیهانگیری.......................................................... ١٧١
٦-٣ گۆڕانی کەشوهەوایی.......................................................... ١٧٤
٦-٤ بازاڕەکانی دارایی.......................................................... ١٧٥
٦-٥ بەژمارەکردنی ئابووری.......................................................... ١٧٦

# دەوڵەتی خۆشگوزەرانی

**بابەت** **لاپەڕە**

پێشەکی.......................................................... ١٨١
**بەشی یەکەم**
ئەم کتێبە چۆن کاردەکات.......................................................... ١٨٣
١-١ زنجیرەی کورتکراوەی ڕۆشن.......................................................... ١٨٥
**بەشی دووەم**
بیرکردنەوە لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.......................... ١٨٧
٢-١ دیموکراتی.......................................................... ١٩٠
٢-٢ بڕیارە پێشوەختە بەربڵاوەکان.......................................................... ١٩٢
٢-٣ سۆشیال دیموکراتی چی دەوێت؟.......................................................... ١٩٥
**بەشی سێیەم**
دادپەروەری.......................................................... ١٩٧
٣-١ یەکسانی.......................................................... ٢٠٠
٣-٢ پێویستی.......................................................... ٢٠٢

٣-٣ کارکردن............................................................................٢٠٤
٣-٤ هەل..................................................................................٢٠٧
٣-٥ سۆشیال دیموکراتی چی دەوێت؟...................................٢١١

**بەشی چوارەم**

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی وەکو ماڵ......................٢١٣
٤-١  کەرەسەی بینا.....................................................................٢١٦
٤-٢ ئەندازیاران و نەخشەی بینا.............................................. ٢٢٠
٤-٣  دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لیبڕاڵی.....................٢٢٢
٤-٤ دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پارێزگار....................٢٢٣
٤-٥ دەوڵەتی خۆشگوزەرانی سۆشیال دیموکراتی......................٢٢٥
٤-٦ بەراورد لە نێوان سێ دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی...٢٢٧
٤-٧ چاودێری دواتر و چاودێری خۆپارێزی..................................٢٢٩

**بەشی پێنجەم**

ئایا کاتی گۆڕانکاری هاتووە؟..............................................٢٣١
٥-١ جیهان بچووکدەبێتەوە.......................................................٢٣٥
٥-٢ ئابووری دەگۆڕێت...............................................................٢٣٩
٥-٣ کۆمەڵگا دەگۆڕێت...............................................................٢٤٣

**بەشی شەشەم**

پارتەکان و سیاسەتی کۆمەڵایەتی:.......................................٢٤٧
ئەڵمانیا وەک نموونەی توێژینەوە
٦-١ بابەتی بەراوردکردن............................................................ ٢٥٠
٦-٢ پارتی سۆشیال دیموکراتی...................................................٢٥٢
٦-٣ پارتی دیموکرات مەسیحی...................................................٢٥٤
٦-٤ هاوپەیمانی ٩٠/ سەوز.........................................................٢٥٦
٦-٥ پارتی دیموکراتی ئازاد.........................................................٢٥٧

٦-٦ پارتی چەپ.......................................................................... ٢٥٩
٦-٧پارتی جێگرەوە لە پێناو ئەڵمانیا................................................. ٢٦٠
٦-٨ پارتەکان.....بەراوردکردن....................................................... ٢٦٣

## پێشکەشە بە :

- بەهەموو ئەو سەرکردە و پارت و کەسانەی کە مێژووییەکی دووردرێژیان هەیە لە خەباتکردن بۆ سەرخستنی دروشم و بەرنامەی سۆشیال دیموکراتی لە جیهاندا.

- بە هەموو هەڵگرانی بیروباوەڕی سۆشیال دیموکراتی لە جیهاندا،کە مەبەستیان گەیشتنە بە پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لەڕێگەی پەیوەستبوون و گرێدانمانەوە بەبەها بنەڕەتیەکانی:

- ئازادی
- دادپەروەری
- هاوکاری

# پێشەکی

هــەردوو زاراوەی سیاسـەت و دیمـوکراتـی بـەتـەنـها تـایبـەت نـین یـان کورتنەکراونەتەوە لەسەر خوێندەوار وخۆشخەونەکانەوە،بەڵکو سیاسەت و دیموکراتی هەردووکیان بریتین لە بناغەی کۆمەڵگاکەمان و هەردووکیان کاریگەریان لەسەر هەمووانمان هەیە.جا لەبەر ئەوهۆکارە، ئەکادیمیای سۆشیال دیموکراتی زانیاری و خولەکان پێشکەش دەکات بەهەموو ئەو کەسانەی لە بواری سیاسەتدا کاردەکەن.

ئایا تۆ گرنگی دەدەیت بە سیاسەت؟ ئایا گەرەکتە وڵات و کۆمەڵگاکەت باشبکەیت؟ئایا بەشداری لەکاری خۆبەخشانەدا دەکەیت؟ ئایا سیاسەتت کردووە بە پیشە؟

لەلای ئەکادیمیا وەڵامی پرسیارەکان و پێشنیازەکانت هەیە بۆ بیرکردنەوە لە ئایندە.

**دەروازەیەکی نموونەیی**

زنـجیـرەی ((سـۆشـیـال دیـمـوکـراتـی-کـورتـکـراوەی ڕۆشــن)) دەروازیــەکـی نموونەیی بۆ جیهانی بیرۆکەکانی سۆشیال دیموکراتی،بەشێوەیەک لە زنجیرە کتێبەکانی((کورتکراوەی ڕۆشندا)) بابەتە سیاسیە گرنگەکان بە دەقی کورت و بەزمانێکی سانا پێشکەش دەکات.

**بەها بنەڕەتیەکان**

یەکەم کتێبی ئەم زنجیرەیە بناغەی سۆشیال دیموکراتی و بەها بنەڕەتیەکان لەخۆدەگرێت.

ئایا بنەڕەتی زاراوەکـانـی ئـازادی و دادپــەروەری و هاوکاری چییە؟ ئەی

گرنگیان چییه له سیاسەتی ئێستادا؟چۆن سۆشیال دیموکراتی جیاوازدەبێت له نموونەکانی تری سیاسی؟ئەی ئەو وەڵامانه چین که سۆشیال دیموکراتی پێشکەشیان دەکات بۆ ئەو پرسیارانەی دەربارەی ئاینده دەکرێن؟

هەموو ئەوانه و بگره زیاتریش لەم ڕێبەرەدا دەیبیننەوە.

دەمانەوێت خۆت ڕێگاکەت هەڵببژێریت

قیبلەنوما نیشانەمانە، قیبلەنوما هۆکارێکی گەشتیارانه لەناودەریاکاندا، بەهۆیەوە،گەشتیار ڕێگاکەی دەدۆزێتەوە.

ئەکادیمیا گەرەکێتی که یارمەتی خەڵکی بدات له دیاریکردنی ئاڕاستەی سیاسیاندا،مایەی دڵخۆشیمانه که ئەم زنجیره کتێبه بەشداربێت بەو ئاڕاستەیەدا.

جا سیاسەت لەباشترین دۆخیدا دەبێت، کاتێک که زۆرینه بەشداری تێدابکەن بەکردار و به بیرکردنەوە.

**یوخن دام**

**بەڕێوەبەری ئەکادیمیای سۆشیال دیموکراتی**

**مارکۆس ترومر**

**بەڕێوەبەری پرۆژەی کتێبی خوێندنەوە دەربارەی سۆشیال دیموکراتی**

# پێشەکی وەرگێڕ

• **خوێنەری ئازیز...**

ئەم کتێبەی لەبەردەستدایە بریتیە لە وەرگێڕانی زنجیرەیەک کتێبی دانراو بەکورتی و ڕوونی بە زمانی ئەڵمانی کە هەڵبژێردراون لە کتێبی ((بنەماکانی سۆشیال دیموکراتی)) کە لەلایەن دەزگای ((فریدریش ئیبەرت))ەوە دەرچوون. لەبەشی ئەکادیمیای سیاسی لە ئەکادیمیای سۆشیال دیموکراتی بە چاپی سێیەم،شوباتی ٢٠١٧. لەلایەن خاتوو امل ابوجریس،بەڕێوەبەری بەرنامەکان، لەدەزگای فریدریش ئیبەرت ((نوسنیگەی ئوردون و عێراق)) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

بەندەش بەباشم زانی کە وەریانبگێڕمە سەر زمانی کوردی بۆئەوەی هەڤاڵان و کادرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەک حیزبێکی سیاسی گەورە و کاریگەر و هەڵگری بەرنامەی سۆشیال دیموکراتی لە هەرێمی کوردستاندا لە نزیکەوە لە بنەما و بیروباوەڕ وتێگەیشتن و دیدگاکانی سۆشیال دیموکراتی تێبگەن. بەهەمان شێوە کەسانی دەرەوەی ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش سوودی لێوەربگرن و لەکاریگەری و بەرنامەی سۆشیال دیموکراتەکانی دونیا بەگشتی و بەتایبەتیش ئەوروپا تێبگەن کە چۆن توانیویانە لەسایەی ئەو بەرنامە و بنەما و بەهایانەوە وڵات و کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی تەژی لەئازادیەکان ویەکسانی ودادپەروەری کۆمەڵایەتی و سیستەمێکی ئابوری سەرکەوتوو و پێکەوەنانی دەوڵەتێکی خۆشگوزەران وەدیبێنن. بۆئەوەی لەهەرێمی کوردستانیشدا هەموان وەک جەماوەری پانوپۆڕ لەدەوری هەمان بەرنامە و پارتی سیاسی کۆببنەوە بەئامانجی گەیشتن بەو ئاستە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانیەی کۆمەڵگە ئەوروپیەکان پێیگەیشتوون.

• وەک خوێنەرێک،کاتێک ئەم زنجیرە کتێبەی دەزگای ((فریدریش ئیبەرت))ی ئەڵمانیم بینی کە لەلایەن پارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیەوە SPD وە سەرپەرشتی دەکرێت بۆ پێگەیاندنی کادران بەشێوەیەکی ئەکادیمی،پێم خۆشبوو منیش بۆ هەمان مەبەستی گەشەپێدانی بیر و هوشیاری کادرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەک پارتێکی سیاسی لە باشووری کوردستاندا کە هەڵگر و پەیڕەوی بەرنامەکانی سۆشیال دیموکراتی دەکات بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٠ساڵ دەبێت هەر لە دوای کۆنگرەی یەکەمی خۆیەوە لەساڵی ١٩٩٢وە و دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان لە ساڵی ١٩٩١دا و دواتریش هەڵبژاردنی پەڕلەمانی کوردستان لە ١٩٩٢/٥/١٩ و دواتریش پێکهێنانی یەکەم

کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩٢/٧/٤دا.

• ئەم کتێبە لە ٣ بەشی سەرەکی پێکهاتووە کە هەریەکەیان وەک کتێبێکی سەربەخۆ وان کە بریتین لە :

١. دەروازەیەک بۆ سۆشیال دیموکراتی / ئەو بەهایانەی کە پێکمانەوە گرێدەدەن

ئاشکرایە لە ساڵی ١٩٩١وە تاکو ئێستا و بۆماوەی زیاد لە ٣٢ ساڵە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەمیشە ڕۆڵ و بەشداریی کاریگەریی هەبوە لە سەرجەم کابینە حکومیەکانی هەرێمی کوردستاندا و یەکێک بوە لە پایە گرنگەکانیشی، لەبەرئەوەی حیزبێکی گەورە و کاریگەرە لە ڕووەکانی سیاسی و ئەمنی و پێشمەرگایەتی و ئابوری و کۆمەلایەتیشەوە،بۆیە گرنگە کە هەوڵی جدی بدات بۆ دابینکردنی بەها بنەڕەتیەکانی سۆشیال دیموکراتی لە ((ئازادی ودادپەروەری و هاوکاری)) کە بناغەی بەرنامەی پارتە سۆشیال دیموکراتەکانی دونیان بۆئەمەش گەرەکە کە مافە بنەڕەتیەکانیش دابینبکات بەهۆکارە جیاوازەکانی خەباتەوە.

جا بۆ تێگەیشتنی ئەندام و لایەنگر و کادران و سەرکردەکانی یەکێتی پێویست بوو کە بەرنامەی کاری سیاسی و دروشم و بەها و مافە بنەڕەتیەکان لەبەرنامەی پارتە سۆشیال دیموکراتەکانی دونیا و بەتایبەتی لە کیشوەری ئەوروپا و دەوڵەتانی ئەسکەندەناڤیدا بکەینە نموونەی کاری سیاسی یەکێتی،چونکە ئەو وڵاتانە زیاد لە ٢٠٠ساڵە خەبات و تێکۆشانیان لەوپێناوەدا دەستپێکردوە وئەزموونی دەوڵەمەندیان هەیە لە پێکەوەنانی کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەرانی کۆمەلایەتی کە ئامانجی سەرەکی هەموو پارتە سۆشیال دیموکراتەکانی دونیایە.

بۆیە گرنگە کە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەو بەها و ئامانجانە لەناوخۆیدا بەوپەڕی شێلگیرییەوە وەربگرێت و قبوڵیان بکات و بیانکاتە بەرنامەی کاری خۆی لەناوخۆی خۆی و لەناو ئۆرگانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا.هەربەمەش دەتوانرێت کە جەماوەری پانوپۆڕ وچین وتوێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لەدەوری بەرنامە سیاسیەکەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کۆبکاتەوە و درێژە بەداهێنان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی ژیانێکی پڕ کەرامەت بۆ تاک و کۆمەڵگەی کوردەواری دابین بکات و ببێتە جێگەی متمانەی زۆرینەی جەماوەر و دەنگی زۆرینەش مسۆگەر بکات لە هەڵبژاردنەکاندا.

٢. ئابوری کۆمەلایەتی / گەشەکردن و یەکسانی کۆمەلایەتی و بەردەوامبوون

ئاشکرایە کە سیستەمە ئابوریەکان و پلان و ڕێوشوێنە ئابوریەکان ڕۆڵێکی گەورە و گرنگ دەگێرێن لە سەر پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی ژیانیکۆمەڵگەکاندا لەکاتی ئاشتی و قەیران و جەنگەکانیشدا،وەک دەوترێت ئابوری و بازاڕ و بازرگانی و سەرمایە

هەمیشە بزوێنەری ژیانی تاک و خێزان و کۆمەڵگەکان بوون و بزوێنەری ماکینەی پیشەسازی وبەرەوپێشوچوون و بوژاندنەوەی بەردەوامی کۆمەڵگەکانیش بوون.

• هەربۆیە لەلای پارتە سۆشیال دیموکراتەکانیش ئابوری کۆمەڵایەتی یەکێکە لە بنەما و پێکهاتە گرنگەکانی سیاسەتەکانیان بۆئەوەی لەڕێگەیەوە بتوانن خزمەتی زیاتر پێشکەش بکەن بە کۆمەڵگەکانیان و ببنە جێگە متمانەیان و زۆرترین دەنگی هاوڵاتیانی خۆیان بۆ پارت و سیاسەتەکانیان مسۆگەر بکەن و بۆئەوەی زیاترین ماوەش لە دەسەڵاتدا بمێننەوە.

• سۆشیال دیموکراتەکان لایەنگری ئابوری ئازاد و بازرگانی سەربەخۆن بەڵام هەموو کاتیش گەرەکیانە کە دەوڵـەت ئامادەگی خۆی هەبێت و لەکاتی قەیران و تەنگژەکاندا بتوانێت دەستوەربداتە بازاڕ و بازرگانی و سیستەمی ئابوریەوە بەمەبەستی کەمکردنەوە یان سووککردنی بارگرانی لەسەر ئەستۆی تاک و خێزان و کۆمەڵگە و بەتایبەتیش چینە هەژار و کەم دەرامەتەکان. سۆشیال دیموکراتەکان بە پێچەوانەی لیبراڵ و پارێزگارەکانەوە لێناگەڕێن کە بازاڕ خۆی خۆی بەڕێوەببات و جڵەوگیر نەکرێت لەلایەن دەوڵەتەوە.

• هەربۆیە لای سۆشیال دیموکراتەکان گرنگیدان بە بەها بنەڕەتیەکان لە ئازادی و دادپەروەری و هاوکاری کاری لە پێشینەیانە و دواتریش لەڕێگەی ئەم بەهایانەوە دەتوانرێت کاربکرێت بۆ پاراستنی مافەکانی هەموان لەهەموو بوارەکانی خوێندن و تەندروستی و کار و ڕەخساندنی هەلەکان و دابەشکردنەوەی خێروبێرەکان بە یەکسانی و مافی خانەنشینی و بەمەش دەتوانرێت کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بهێنرێتە دی.

• ئابوری کۆمەڵایەتی لای سۆشیال دیموکراتەکان لەسەر سێ پایەی گرنگ بنیاتدەنرێت کە بریتین لە ((گەشەکردن و یەکسانی کۆمەڵایەتی و بەردەوامبوون)) کە ئەم سێ بنەمایانە هەموانیان پێکەوە گرێدراون و یەک ئەویتر تەواو دەکات، بنەمای گەشەکردن بەمانای ڕانەوەستان و بەرەوپێشەوە چوون و چەقنەبەستن دەگەیەنێت و خۆگونجاندنە لەگەڵ ڕەوت و گۆڕانکاریە بەردەوامەکانی ئەم سەردەمەدا . دواتریش هەموو ئەو دەسکەوت و داهات و خێروبێرانەی کەدەستدەکەوێت بەشێوەیەکی یەکسانی کۆمەڵایەتی دابەشبکرێتەوە بەسەر هەمواندا هەریەکە بەپێی پێویستی یان بەپێی توانا و کارکردن و دواتریش بۆ ئەوەی هەموان بەشداریەکی کارابکەن لە ژیانی سیاسی و گشتی وڵاتدا دەبێت هەلی کارکردنی یەکسان بۆ هەموان برەخسێنرێت و جیاوازی نەکرێت. دواتریش ئەم پرۆسەی گەشەکردن و پاراستنی یەکسانی و دادپەروەرییە بەردەوامی هەبێت نەک تەنها بۆ ئێستا بەڵکو بۆ نەوەکانی ئایندەش.

• ئاشکراشە کەرت و بواری ئابوری زۆر هەستیارە و بە بەردەوامی ڕووبەڕووی هەڵکشان وداکشانی ئابوری دەبێتەوە و ڕووبەڕووی قەیرانەکانیش دەبێتەوە.هەربۆیە پابەندبوون بە سیستەمە ئابوری و بیروبۆچونەکانی بیرمەندە مەزنەکانی ئەو بوارە تاکە ڕێگاچارەسەرن بۆ دەربازبوون لە قەیرانە دارایی و ئابورییەکان.بەمەبەستی خۆلادان لە ئالنگاریە نوێکانی ئەم سەردەمە لە جیهانگیری و بیرۆکەی نوێ و مەترسیەکانی ژینگە و کەشوهەوا و بەژمارەکردنی ئابوری و قەیران و کێشەکانی بازاڕی دراو.کەهەموانیان مەترسی گەورەن بۆ سەر ژیانی ئێستاو ئایندەی تەواوی کۆمەڵگەکانی سەر گۆی زەوی.

٣. دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی / هەل و پشتیوانی بۆ هەمووان

لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا تاک و کۆمەڵگە و دەوڵەت هەمووان ئەرکی گەورە و گرنگیان لەئەستۆدایە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە، گەرەکە لەهەمووان کە بەشداریەکی گەرمووگوڕ و شێلگیرانە بکەن لە کاری سیاسی و ئالوگۆڕی بیروڕاکان و پێشکەشکردنی چارەسەریە گونجاوەکان و خۆگونجاندنیان لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشهات و ئالنگاریە سیاسی و ئابوری و ئەمنیەکان کە لەتەواوی جیهاندا دێنەپێش و ڕوودەدن بەهۆی بچووکبونەوەی جیهانەوە لەسایەی جیهانگیری و بەژمارەکردنی ئابوری و تێکچڕژانی بەرژەوەندی و ململانێکان و بتوانن بەرەنگاری و ڕووبەڕوویان ببنەوە لە پێناو پاراستنی هەموو مافەکانی پارێزگاریکردن وچاودێری تاک و کۆمەڵگەشدا. هەموو ئەمانەش لەسایەی بەردەوامبوون بۆ پێشەوە بە ئاڕاستەی ئایندەیەکی گەشتر وەدیدێن.

• بەهیوای ئەوەی کە لەڕێگەی ئەم وەرگێڕانی زنجیرە کتێبانەوە بتوانم گەرچی دەروازەیەکی کەم و کورتیش بێت بکەمەوە بەسەر دڵ و دەروون و مێشکی تاک و خێزان و تەواوی کۆمەڵگەی کوردەواری بەگشتی و بەتایبەتیش کادرەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەک هەڵگرانی بیروباوەڕی سۆشیال دیموکراتەکان و پیادەکارانی ئەو ڕێبازە بەمەبەستی زیاتر تێگەیشتنی ئەو بنەما و بەرنامە و بەها مرۆڤدۆستانەی سۆشیال دیموکراتەکان و جێبەجێکردنیشیان لەسەر زەمینەی واقع بەقازانجی تەواوی کۆمەڵگەی کوردەواریمان.

**لەگەڵ ڕێزی...**

**( نەوزادی موهەندیس)**

**سلێمانی - ٢٠٢٢/١٠/١٠**

Nawzad_mohandis@yahoo.com

# ١

# دەروازەیەک بۆ سۆشیال دیموکراتی

1

# بەشی یەکەم

## سۆشیال دیموکراتی چییە؟

له كاتی بیستنی زاراوەی سۆشیال دیموكراتی ،خەڵكی بیرۆكەی جیاوازیان بەخەیاڵدا دێت.

زۆرێک له خەڵكی لەوبڕوایەدان كه هەردوو زاراوەكه هەمان مانا دەبەخشن، تائێستاش سۆشیال دیموكراتیه.

بەڵام هەندێک كەسی تر بیر له ئابووری دەكەنەوە.ئایا ئەوە پەیوەندی به ئابووری بازاڕی كۆمەڵایەتیەوە نیه؟

یان هەندێک كەسی تر دەیبەستنەوە به پارتێكی سیاسی دیاریكراوەوە.((سۆشیال دیموكراتی)) بەڵێ به ڕاستی یەكێكه له بیرۆكەكانی پارتی سۆشیال دیموكراتی.

هەندێكی تریش دەیبەستنەوە به مێژووەوە.ئایا له ڕابردووشدا ناوی سۆشیال دیموكراتی نەبووە؟

ئایا كام لەو وەڵامانه ڕاستن؟ بەداخەوە.پێناسەیەكی گشتگیر نیه بۆ زاراوەی سۆشیال دیموكراتی.بەڵام هەندێک خاڵ هەیه كه دەكرێت له ڕێگەیانەوە سۆشیال دیموكراتی بناسرێت.

**١-١ مەبەست له سۆشیال دیموكراتی چییه؟**

**سۆشیال دیموكراتی چییه؟**

- له ئامانجەكانی سۆشیال دیموكراتی كردنی كۆمەڵگاكانمانه به دیموكراتی و كۆمەڵایەتی زیاد لەوەی كه له ئێستادا هەیه.
- سۆشیال دیموكراتی سێ بەهای بنەڕەتی هەیه: ئازادی، دادپەروەری،هاوكاری.
- سۆشیال دیموكراتی داوای یەكسانی مافەكان و مافەكانی مرۆڤ بۆ هەمووان دەكات.و ئەو مافانەش دەچەسپێنێت لەهەموو بوارەكاندا،وەک ژیانی تایبەتی و كەسی یان ئابووری یانیش كۆمەڵگا بەگشتی.
- سۆشیال دیموكراتی نموونەیەكی سیاسیه و بیرۆكەی دیاریكراوی هەیه. له نموونه سیاسیەكانی تر جیایدەكاتەوە وەک نموونەی پارێزگار و نموونەی لیبراڵی.

### ١-٢ سۆشیال دیموکراتی وەک بزوتنەوەیەک

سۆشیال دیموکراتی وەک ڕەوتێکی سیاسی لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەرکەوت. هەر لەوکاتەدا زۆرێک لەخەڵکی بەگەرموگوڕیەوە پێشوازیان لە ئامانجەکانی کرد. کۆبوونەوە و کاریان کرد بە ئاڕاستەی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا بۆ فەراهەمکردنی زیاتری ئازادی و دادپەروەری و هاوکاری.

لە مانگی ئایاری ساڵی ١٨٦٤دا فردیناند لاسال لەگەڵ هاوڕێکانی هەستان بە دامەزراندنی کۆمەڵەی گشتی بۆ کرێکارانی ئەڵمان،ئەوان یەکێک بوون لە کەسە یەکەمەکان کە خەباتیان کرد لە پێناو کرێکاراندا. لەو کاتەدا کرێکاران هەڵدەستان بە کاری زۆر سەخت و لەبەرامبەریشدا کرێیەکی زۆر کەمیان وەردەگرت و بەم شێوەیەش لە ژیانێکی زۆر خراپدا دەژیان.

ئیدی لەوکاتەوە،ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەڵەکان و ڕێکخراوەکان و حیزبە سیاسیەکان دامـەزران کە ویست و خواستی زۆریـان هەبوو بۆ سۆشیال دیموکراتی،کە دێرینترین و گەورەترینیان لەڕووی مێژووییەوە بریتی بوو لە ((حیزبی سۆشیال دیموکراتی)) و بە شێوەیەکی سەرەکیش بەهەمان شێوە بریتی بوون لەو سەندیکایانەی کە سەر بە یەکێتی سەندیکاکانی ئەڵمانیا بوون.

### ١-٣ سێ ئاستەکان

**لایەنگرانی سۆشیال دیموکراتی گەرەکیانە کە ئامانجە سیاسیە دیاریکراوەکان وەدیبێنن کە دەتوانن دۆخی گوزەرانی کۆمەڵگا باشتر بکەن.**

| | |
|---|---|
| ئاستی سێیەم | هۆکارەکان |
| ئاستی دووەم | مافە بنەڕەتیەکان |
| ئاستی یەکەم | بەها بنەڕەتیەکان |

لەبەرئەوە،سێ ئاستی جیاواز هەن.

بەها بنەڕەتیەکان بریتین لە ئاستی یەکەم.

ئەم بەهایانە گرنگی تایبەتیان هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە سۆشیال دیموکراتی زیاتریان دەوێت.

مافە بنەڕەتیەکان بریتین لە ئاستی دووەم.

هەرکەسێک بەها بنەڕەتیەکان بە توندوتۆڵی وەربگرێت ئەوا کاردەکات لە پێناو مافەکانی هەمووواندا.

هۆکارەکان بریتین لە ئاستی سێیەم.

بریتین لە هۆکارەکانی کاری سۆشیال دیموکراتی.لەڕێگایانەوە، دەکرێت مافە بنەڕەتیەکان بکرێنە کارێکی چەسپێنراو((امر واقع/ دیفاکتۆ)).

**ئاستی یەکەم**

**بەها بنەڕەتیەکانی سۆشیال دیموکراتی**

**ئازادی و دادپەروەری و هاوکاری**

| | |
|---|---|
| ئاستی سێیەم | هۆکارەکان |
| ئاستی دووەم | مافە بنەڕەتیەکان |
| ئاستی یەکەم | بەها بنەڕەتیەکان |

بناغەی سۆشیال دیموکراتی وەستاوەتە سەر سێ بەها کە بریتین لە: ئازادی و دادپەروەری و هاوکاری. ئەم بەهایانە بریتین لە گرنگترین پایەکانی ژیانی هەر کۆمەڵگایەک.

ئەم بەها بنەڕەتیانە بەتەنها گرنگ نین بۆ سۆشیال دیموکراتی لە وڵاتێکی دیاریکراودا ،بەڵکو کەسانێک کە خاوەن بیروباوەڕی جیاوازیشن لە تەواوی وڵاتانی جیهاندا کاردەکەن لە پێناو وەدیهێنانی ئەو بەهایانەدا.

بەها بنەڕەتیەکان:

– گرنگترین بەها پێشەنگەکانن کە پێویستە هەمووان هەیانبێت لە هەر کۆمەڵگایەکدا.

– ئەم بەهایانە بەدرێژایی مێژوو بەدەرکەوتوون و ئەزموونی خەڵکیش دەوڵەمەندتر بوون کاتێک پابەندبوون بەو بەهایانەوە .

– بنەما بنەڕەتیەکانی دیموکراتی پشت دەبەستنە سەر ئەو بەهایانە.

**ئاستی دووەم**

**مافە بنەڕەتیەکانی سۆشیال دیموکراتی**

**مافی یەکسانی بۆ هەموان**

| | |
|---|---|
| ئاستی سێیەم | هۆکارەکان |
| ئاستی دووەم | مافە بنەڕەتیەکان |
| ئاستی یەکەم | بەها بنەڕەتیەکان |

چۆن دەتوانرێت هەر سێ بەها بنەڕەتیەکە جێبەجێبکرێت لە بواری مافەکانی مرۆڤدا؟ ئالێرەدا ئاستی مافە بنەڕەتیەکان دێت.

لەنموونەکانی دەربارەی مافە بنەڕەتیەکان: مافی مرۆڤەکانە کە دەنگ بدەن لە هەڵبژاردندا،یان پۆلیس بانگ بکات لەکاتی مەترسیدا. هەروەها مافە بنەڕەتیەکان بریتیە لە ڕۆیشتن بۆ قوتابخانە، هەروەها مافی ئەوەی هەیە لەکاتە ناکاوەکاندا بپارێزرێت.

سۆشیال دیموکرات داوادەکات کە دەوڵەت کاربکات بە چالاکی لە پێناو دابینکردنی مافە بنەڕەتیەکاندا بۆ هەموان.هەروەها داوا لە دەوڵەت دەکات کە پابەند بێت بە مامەڵەکردن لەو بارودۆخانەدا.

مافە بنەڕەتیەکان:

– مافە پارێزراوەکانە کە هەموو مرۆڤەکان پیادەی دەکەن.

– نابێت و دروست نیە کە بەهۆی تەمەن یان بنچینە یان ڕەگەز هیچ ڕۆڵێکیان تیایاندا هەبێت.

**ئاستی سێیەم**

**هۆکارەکانی سۆشیال دیموکراتی**

**سۆشیال دیموکراتی چۆن کاردەکات لە ئەڵمانیا و وڵاتانی تردا؟**

| | |
|---|---|
| ئاستی سێیەم | هۆکارەکان |
| ئاستی دووەم | مافە بنەڕەتیەکان |
| ئاستی یەکەم | بەها بنەڕەتیەکان |

ئەو هۆکارە پشتپێبەستوانە چین بۆ پاراستن یان سووربوون لەسەر مافە بنەڕەتیەکان؟ دەوڵەت لە سەر زەمینەی واقع چۆن مامەڵەدەکات؟ لەسەر چ بنەمایەک وەک کۆمەڵگا پارە دەدەین؟ چۆن بە باشترین شێوە کاردەکات؟ئالێرەدا ڕۆڵی ئاستی سێیەم دەردەکەوێت.

هۆکارەکان:

وڵاتانی جیاواز هۆکاری جیاواز هەڵدەبژێرن بۆ دڵنیابوونی مافە بنەڕەتیەکان بۆ مرۆڤ.

ئایا وڵاتان ئەو کارە چۆن بە ڕێکوپێکی ئەنجام دەدات؟

# بەشی دووەم

# ئازادی

لەم بەشەدا ئاشنا دەبین بە زاراوەی ئازادی.چۆن دەتوانرێت تاکەکان والێبکرێن ئازاد بن؟ ئەو میکانیزمی کارکردنی ئازادییە چییە لە کۆمەڵگادا؟ ئەی ئامانجەکانی سۆشیال دیموکرات چییە لەو بوارەدا؟

| | |
|---|---|
| ئاستی سێیەم | هۆکارەکان |
| ئاستی دووەم | مافە بنەڕەتیەکان |
| ئاستی یەکەم | بەها بنەڕەتیەکان |

ئازادی یەکێکە لە بەها بنەڕەتیەکانی سۆشیال دیموکراتی.کە بریتیە لە ئاستی یەکەم.

**٢-١ بیرکردنەوە لە ئازادی**

**ئازادی چییە؟ هەر کەسێک دەتوانێت ئەوەی وێنای دەکات بینوسێت:**

* چیت دەوێت  ئەنجامی بدە.
* دوور لە ئامۆژگاریی کەسانی تر بژی.
* بتوانی گەشت بکەیت بە ئاسانی بۆ هەر کوێ بتەوێت.
* توانای بڕیاردانت هەبێت بۆ خۆت.

بەدرێژایی کات،ژمارەیەکی زۆر لە فەیلەسوفەکان بیریان لە زاراوەی ئازادی کردۆتەوە.یەکێک لەو فەیلەسوفانە جۆن لۆک بوو.کە لە سەدەی حەڤدەهەمدا لە بەریتانیا ژیاوە.

**فەیلەسوف:**

فەیلەسوف بیر لە پرسیارە گرنگەکان دەکاتەوە دەربارەی ژیان.

**بۆ نموونە:**

- مانای ژیان چییە؟
- شتەکان لەکوێوە دێن؟
- لەدووای مردن چی ڕوودەدات؟

– فەیلەسوف هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە و ئەوانەی هاوشێوەیانن.

*** تێگەیشتن بۆ ئازادی تاکە کەسیی لای جۆن لۆک بەم شێوەیەی لای خوارەوە بووە:**

– مرۆڤ دەتوانێت بڕیاربدات لەوەی باوەڕی پێیەتی دەربارەی پرسێکی گرنگ.

– مرۆڤ بە باشی دەزانێت چی باشترە بۆی.

– مرۆڤ دەتوانێت بڕیاربدات لەوەی کە دەیەوێت بیکات.

– مرۆڤ دەتوانێت بڕیار بدات کە چی بکات لەگەڵ کاڵاو کەلوپەلەکانیدا.

–مرۆڤ پێویستی بە ڕێگەپێدانی کەسانی تر نیە.

*** هەروەها تێگەیشتنی بۆ ئازادی لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا بەم شێوەیەی لای خوارەوە بووە:**

– مرۆڤ ئازادە لەگەڵ هەمووانداکاتێک دەنگ دەدات بە هەر دەسەڵاتێک.

– دروست نیە کە یاساکان بۆ کەسانی تر دابنێت.

کاتێک ( جۆن لۆک ) کتێبەکانی دەربارەی ئازادی نووسی، زۆرێک لە مرۆڤەکان لە ئەوروپادا لە سایەی سیستەمی حوکمڕانیی ڕەهای پادشایی دەژیان. بەشێوەیەک پادشاکان بڕیاریاندەدا کە گەلان چی بکەن.تەنها کەسانێکی کەم بە ئازادی دەژیان.ئالەو کات و سەردەمەدا بیرۆکەکانی لۆک زۆر نوێ بوون و لای هەمووان نامۆبوون.

فەیلەسوفەکانی تریش وەڵامدانەوەیان هەبوو بۆ بیرۆکەکانی لۆک،و بیرۆکەکانی لۆکیان دەربارەی ئازادیی تەواو کرد.یەکێک لەو فەیلەسوفانەش جان جاک ڕۆسۆ بوو.کە لە سەدەی هەژدەهەمدا ژیاوە لە فەڕەنسادا.

*** تێگەیشتنی ڕۆسۆ بۆ ئازادی لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا بەم شێوەیەی لای خوارەوە بووە:**

– خەڵکی تەنها لەو کاتانەدا ئازاد دەبن کە دەتوانن بۆخۆیان دەنگ بدەن لەسەر یاساکان.

- خەڵکی پێویستیان بە دیموکراتیی هەیە بۆئەوەی ئازاد بن.

*** هەروەها بەلای ڕۆسۆوە زۆر گرنگ بوو کە:**

- دروست نیە کە مرۆڤ بیرۆکەی ئازادی بەکاربهێنێت بۆ بەرژەوەندی خۆی.
- زۆرێک لە خەڵکی وشەی ئازادی بەکاردێنن لە هەندێک کاتدا کە بەهیچ شێوەیەک ئازادی بوونی نیە.

بۆ نموونە: لەبارودۆخی کاری سەختدا.

زۆرێک لە خەڵکی گریمانە دەکەن، پێویستە لەسەر هەموو کەسێک ئاگاداری خۆی بێت تەنانەت لەکارکردندا،کاتێک کارێک بەمەترسی دادەنرێت.هەندێک بڕوایان وایە کە کەسەکە پێویستە جلوبەرگی پارێزگاریی بۆخۆی بکڕێت،وەک کڵاو و پێڵاوی پارێزگاری و دەستکێش.یان پێویستە لەسەری کە بۆ کارێکی تر بگەڕێت،ئەوەش هەڵبژاردەیەکی ئازادە.

بەڵام لە زەمینەی واقعدا وانیە،چونکە زۆربەی کەسەکان ناتوانن کارێکی تر بە ئاسانی بدۆزنەوە. پارەیەکی پێویستیشیان پێ نیە بۆ کڕینی جلوبەرگی پارێزەر کە نرخەکانیان گرانن.

لەبەرئەوە پێویستە لەسەر خاوەن کارەکە گرنگی بدات بە دابینکردنی پارێزگاریی گونجاو لە جێگەی کارکردندا،ئەمەش دەبێت لەڕێگەی سەندیکاکانەوە بسەپێنرێت.

*** سنووری ئازادی**

ئازادی سنووری هەیە.مرۆڤ چۆن دەتوانێت بە ئازادی بژێت بەبێ ئەوەی زیان بگەیەنێت بە کۆمەڵگا، یان کەسانی تر؟ فەیلەسوف ئیمانۆیل کانت (کە لەسەدەی هەژدەهەمدا لە ئەڵمانیا ژیاوە) بیری لەوە کردۆتەوە.

**کانت دەڵێت:**

سنووری ئازادی بەتەنها نەوەستاوەتە سەر یاسا دانراوەکان،بەڵکو لەم پرسیارەدایە: ئایا چی ڕوودەدات کاتێک هەرکەسێک ئەوەی ویستی ئەنجامی بدات؟

لەبەرئەوە، ئازادی کورتناکرێتەوە لەو سنوورانەی کە هەن، بەڵکو خۆی دەنوێنێت لەوەی کە مرۆڤ دەیەوێت بۆ هەموو خەڵکی لە ئایندەدا. ئەمە ئەوەیە کە کانت پێی دەڵێت (( یاسای ڕەوشتی// مۆڕاڵی)).

**بۆ نموونە: گوێگرتنی مۆسیقا لەناو پاسدا.**

ڕەنگە لە خۆشەویستانی مۆسیقا بیت و پێتخۆش بێت کە بەدەنگی بەرز گوێی لێبگریت و بەبێ گوێگریش؟ تۆ ئازادی لە ئەنجامدانی ئەو کارە کاتێک لە ماڵی خۆتدا بیت.

بەڵام ئەو کارە چۆن دەبێت کاتێک دادەنیشی لەناو پاسدا کە پڕ بێت لە سەرنشینان؟

پرسیارەکە بەهەمان شێوە ئەوەیە: ئایا چی ڕوودەدات کاتێک هەر کەسە ئەوە بکات کە دەیەوێت؟ ئەی چی ڕوودەدات کاتێک هەمووان گوێ لەمۆسیقای دەنگ بەرز دەگرن لەناو پاسدا؟مۆسیقای کلاسیکی یان مۆسیقای هارد ڕۆک یان مۆسیقای توند یان مۆسیقای میللی؟

ڕەنگە وەڵامەکە بریتی بێت لە: ئاە،ئەوە بیرۆکەیەکی باش نیە.بەو شێوەیە ((یاسای ڕەوشتی))کاردەکات.

جا ئەوە کاریگەری چییە لەسەر تێگەیشتنمان بۆ ئازادی؟

ئازادی بەهایەکی بنەڕەتیە لە بەهاکانی سۆشیال دیموکراتی.

لەبەرئەوە دیاریدەکرێت و دەچەسپێنرێت بەپێی یاسا.ناکرێت مرۆڤ بەتەنها هەڵسوکەوت بکات بەپێی یاسا بەرکارەکان.بەڵکو پێویستە لەسەر مرۆڤ بیربکاتەوە،ئەگەر ئەو ئازادیەی کە هەیەتی زیان بەخەڵکانی تر بگەیەنێت.

**٢-٢ مافەکانی ئازادی:مافەکانی پاراستن و مافەکانی چاودێریکردن**

تەنانەت لەسەردەمی نوێشدا،فەیلوسەفەکان تێڕامان لە ماناکانی ئازادی.بۆ نموونە،ئەشعیا برلین کە لە سەدەی بیستدا لە ڕووسیا و بەریتانیادا ژیاوە،هەستا بە جیاکردنەوە لە نێوان مافەکانی پاراستنی کەسیدا و مافەکان لە گەشەپێدانی ئازادیدا.

- مافی هەموو کەسێکە کە پارێزگاری لە ئازادیەکانیان بکەن.
- مافی هەموو کەسێکە کە ڕێگە بەهەرکەسێک بدات سەردانی بکات.
- دروست نیە بۆ هەر کەسێک کە توندوتیژی بنوێنێت بەرامبەر کەسانی تر.
- پێویستە منداڵان بەشێوەیەکی تایبەت بپارێزرێت.
- پێویستە زانیاریەکانی کەسەکان تایبەت و پارێزراو بن.
- پێویستە دەوڵەت و کۆمەڵگا ئەو مافانە لە ئازادیدا بپارێزن.
- تەنها بەو ڕێگایە،دەکرێت مرۆڤ هەست بە ئازادی تاکە کەسی بکات.

* ئەو مافانە ناودەبرێن بە مافەکانی پاراستن.

- مرۆڤەکان مافیان هەیە لە گەشەپێدانی ئازادییەکانیاندا.
- پێویستە مرۆڤەکان بتوانن گەشە بەئازادییە کەسیەکانیان بدەن.
- مرۆڤەکان مافیان هەیە لە زانستدا.
- مرۆڤەکان مافیان هەیە لە کەلتوردا.
- مرۆڤەکان مافیان هەیە لە چاودێری تەندروستیدا.
- پێویستە دەوڵەت پشتیوانی هەر تاکێک بکات لە مافەکانی ئازادیدا.
- پێویستە دەوڵەت پشتیوان و ڕێگەش بدات بە هەرکەسێک کە مافەکانی خۆی پیادە بکات بەباشترین شێوە.
- تەنها بەو شێوەیە،هەموو تاکەکان دەتوانن بواری یەکسانیان بۆ برەخسێت.

*** ئەو مافانە پێیان دەوترێت مافەکانی چاودێری.**

مافەکانی پاراستن و مافەکانی چاودێری گرنگە نەک تەنها بۆ بەهای ئازادی بنەڕەتی،بەڵکو بەهەمان شێوە مرۆڤ پێویستی پێیەتی لە پێناو وەدیهێنانی دادپەروەریی و هاوکاریدا.ئەمەش لە بەشی پێنجەمدا ڕووندەکرێتەوە.

### ٣-٢ سۆشیال دیموکراتی چی دەوێت؟

- چۆن پێویستە کە کۆمەڵگا مامەڵە بکات لەگەڵ مافەکانی ئازادیدا؟
- ئایا بەتەنها مافەکانی پاراستن گرنگن؟

- ئایا بەتەنها مافەکانی چاودێری گرنگن؟
- ئەو سنوورانە چین کە پێویستە دەوڵەت دیارییان بکات؟
- ئەو مەسەلانە چین کە خۆیان خۆیان ڕێکدەخەن؟

سیاسەتمەدار و بیرمەندان هاوڕا نین دەربارەی ئەو مەسەلانە.

**لێرەدا تێبینی دوو دیدگا و تێڕوانینی جیاواز دەکەین:**

- شێوازی بیرکردنەوەی لیبڕاڵیزمی نوێ و شێوازی بیرکردنەوە لە سۆشیال دیموکراتی.
- بیرکردنەوەی لیبڕاڵیزمی نوێ
- بیرمەندەکانی لیبڕاڵیەتی نوێ دەڵێن کە ئازادی کەسی و تاک گرنگترینە.
- پێویستە کۆمەڵگا کەمترین بنەماکان//یاساکان دابڕێژێت.
- هۆکارەکەشی بەلای ئەوانەوە،ئەوەیە کە بنەما و یاساکان ئازادی کەسی سنووردار دەکەن.

**- تێڕامانە:**

کەسێک دوو خانووی هەیە نەک تەنها یەک خانوو،دەیەوێت یەکێکیان بدات بە کرێ.ناتوانێت کرێچییەک بدۆزێتەوە لەبەرئەوەی داوای کرێیەکی بەرز دەکات. لەشارەکەشدا ژمارەیەکی کەم لە خانووی نیشتەجێبوونی چۆڵ هەیە.لەگەڵ ئەوەشدا. خاوەنی خانوەکە دەڵێت:خانوەکە بە چۆڵی دەهێڵمەوە تا کرێچییەک دەدۆزمەوە کە کرێیەکی بەرزم پێبدات.

**بیرمەندە لیبڕاڵیەکان دەڵێن:**

ئەو کارە زۆر ئاساییە. خانووەکە موڵکی تایبەتی خۆیەتی.مافی پاراستنی هەیە، ئەوە ناوی مافە لە خاوەندارێتیدا.

**بەڵام سۆشیال دیموکراتی لەو بارەیەوە دەڵێت:**

ئەوە کارێکی باش نیە.ئێمە بە پێی یاسا ڕێگە نادەین ئەو خانووە بەچۆڵی بمێنێتەوە،بەڵێ مافی خاوەندارێتی هەیە.بەڵام لێرەشدا مافی کەسێکیش هەیە کە خانوویەک بیپارێزێت.ئەوەش ئەوەیە کە پێی دەوترێت مافی چاودێری.پێویستە خاوەندارێتی بخرێتە خزمەتی کۆمەڵگاوە.

له سەر زەمینەی واقعدا،یاسا هەیە کە ڕێگەنادات کە خانووی نیشتەجێبوون بە چۆڵی بمێنێتەوە بۆ ماوەی دوورودرێژ: بۆ نموونە لە شاری هامبۆرگ لە ئەڵمانیا کە بەدەست گرفتی توندی نیشتەجێبوونەوە دەناڵێنێت.

**هەندێک نموونەی تر، لە یاسای بنەڕەتی ئەڵمانیدا ((دەستوور)) بەدەق هاتووە بۆ نموونە:**

مافی هەموو هاولاتیەکە کە مولکی تایبەتی هەبێت،بەلام دەبێت ئەو مولکانە بەکاربهێنرێن بۆ مەبەستی کۆمەلایەتی.

**بیرمەندەکانی لیبراڵیزمی نوێ دەپرسن:**

کام لە یاساکانی دەوڵەت کاردەکەن دژی ئازادی تاکە کەسی؟

لیبراڵەکان دەیانەوێت کە دەستێوەردانی دەوڵەت لە ژیانی هاولاتیاندا بەکەمترین ئاست بێت،نەک تەنها لە ڕۆژانی خۆشگوزەرانیدا بەڵکو لە ڕۆژانی سەختی وقەیرانەکانیشدا.وبەڵگەکانیشیان بۆ ئەوە بریتیە لە: لەبەرئەوەی مافەکانی پاراستن( بۆ ڕاوبۆچوون و نیشتەجێبوون و زانیاریەکان) گرنگترە لە مافەکانی چاودێری (بۆ فێربوون و تەندروستی و ڕۆشنبیری).

جا کاتێک دەوڵەت مافەکانی چاودێری سنووداردەکات،ئەوە زیان دەگەیەنێت بە ئازادی تاکەکەسی.

**بەلام سۆشیال دیموکراتی دەپرسێت:**

چی پێویستە لەسەر دەوڵەت ئەنجامی بدات بۆئەوەی خەڵکی بە ئازادی بژین؟

سۆشیال دیموکراتەکان گەرەکیانە کە هەموان بتوانن بەشداربیکەن، وە هەموان ژیانێکی باشتر بگوزەرێنن.لەبەرئەوە،پێویستە دەوڵەت دەستێوەردان بکات.پێویستە هەمیشە و بەبەردەوامی دەستێوەردان بکات،نەک تەنها لە دۆخە لەناکاوەکاندا.

**بۆ ئەمەش پشت دەبەستن بە:**

مافەکانی پاراستن(( بۆ ڕاوبۆچوون و نیشتەجێبوون و زانیاریەکان)) و مافەکانی چاودێری (( بۆ فێربوون و تەندروستی و ڕۆشنبیری)) کە هەریەکەیان

ئەویتریان تـەواو دەكات.جا بەبێ بوونی مافەكانی چاودێری، ئەوا مافەكانی پاراستن بە بەردەوامی ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە.

**سۆشیال دیموكراتەكان ئەمانەی لای خوارەوەیان دەوێت:**

- پێویستە لەسەر دەوڵـەت زۆرێـك لە مافەكانی پاراستن و چاودێری بە یاساكان ڕێكبخات.

- پێویستە بەپێی ئەو یاسایانە هەمووان وەكو یەک و بەیەكسانی هەلی ژیانیان بە ئازادی دەستبكەوێت.لەسایەی ئەو یاسایانەوە، دەتوانن كە بەشداریبكەن و بەشداربن لە دروستكردنی بڕیار لە كۆمەڵگادا.

هیچ كەسێك ناتوانێت دەستبەرداری مافەكانی پاراستن و چاودێری ببێت ! و لەسەر تەواوی كۆمەڵگاشە كە بڕیاربدەن چ مافێك پێویستە لە یاساكاندا بچەسپێنرێن و چۆنیش ئەوە دەستدەكەوێت.

پارتی سۆشیال دیموكراتی چی دەڵێت دەربـارەی ئـازادی لـە بەرنامە سیاسیەكەیدا؟

**بەرنامەی سیاسی**

**هەموو حیزبێكی سیاسی بەرنامەیەكی بنەڕەتی تایبەت بەخۆی هەیە. كە ئەم خاڵانە لە خۆدەگرێت:**

- ئەو بەهایانەی كە حیزب بڕوای پێیان هەیە.
- كێشە وگرفتە گرنگەكان بەلای حیزبەوە و ئەركەكانی.
- ئامانجەكان كە حیزب گەرەكێتی وەدییانبهێنێت لە میانەی سیاسەتەكانیەوە.

بەرنامەی بنەڕەتی ئاسایی بەزۆری گشتگیرترە لە بەرنامەی هەڵبژاردن،چونكە بەرنامەی هەڵبژاردن تازەیە،و تیایدا پلانی بەرجەستەبوو هەیە كە حیزب دەیەوێت جێبەجیان بكات كاتێك لە هەڵبژاردندا سەردەكەوێت.

**ئازادی لە بەرنامەی بنەڕەتی ((پارتی سۆشیال دیموكراتی))دا:**

ئازادی بریتیە لە توانای تاک بۆ ژیان بەپێی بژاردەكانی، هەموو مرۆڤێک دروستكەر و تواناداره لەسەر پیادەكردنی ئازادی. كۆمەڵگاش بڕیار دەدات ئایا

ئەو توانایە بەرزدەبێتەوە بۆ ئاستی داواکراو یان نا؟!

پێویستە مرۆڤ ئازاد بێت لە گوێڕایەڵی سەرشۆڕی و پێویستیبوون و ترس. پێویستە چانسی بدرێتێ بۆ پێشخستنی تواناکانی، بەشداریش بکات لە کۆمەڵگاو سیاسەتدا بە لێپرسراوێتیەوە.

تەنها ئەو کەسانە دەتوانن سوود لە ئازادیەکەیان وەربگرن کە دەزانن لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە بە ئاستێکی پێویست سەلامەتن.

سیستەمە بنەڕەتیەکانی حیزبە سۆشیال دیموکراتەکان جەخت دەکەنەوە وەک لە ئوردون و ئەڵمانیادا هەن لەسەر پەیوەستبوونی ئازادی و دادپەروەری بەیەکەوە.سۆشیال دیموکراتەکان داوای ئازادی و دادپەروەری دەکەن وەک دوو بیرۆکەی تەواوکەر وتێکهەڵکێشراوی یەکتری، هەر کێشە وگرفتێک لە یەکێکیاندا هەبێت لەوی تریان کەم دەکاتەوە یان ڕەتیدەکاتەوە.جا دادپەروەری لە دابەشکردنی داهات و دەسکەوتەکانی گەشەکردن و فێربوون و تەندروستیدا، هۆکارن بۆ پێکەوەنانی ژیانێکی پڕ شکۆ بۆ هەموو هاوڵاتیان.جا لەکاتی بزربوون یان نەمانی دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا،ئەوا چارەنووسی ئازادی دەکەوێتە بەر هەڕەشەی ئەو توێژانەی کە دەسەڵاتدارن بەسەر کۆمەڵگا و ئەیانخەنە گەڕ بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان،وە بە نەمان و بزربوونی ئازادیش،ئەوا دادپەروەریش کەسێک نابینێتەوە کە پارێزگاری لێبکات.

# بەشی سێیەم

# دادپەروەری

ئەم بەشی سێیەمە  باس لە چەمکی دادپەروەری دەکات.ئایا هەموو تاکەکان یەکسانن بەشێوەیەکی خۆڕسکی؟ئەی دابەشکردنی دادپەروەرانە کامەیە؟ ئەی چۆن دەتوانین کە دادپەروەری بچەسپێنین بەشێوەیەکی گشتی؟

| | |
|---|---|
| ئاستی سێیەم | هۆکارەکان |
| ئاستی دووەم | مافە بنەڕەتیەکان |
| ئاستی یەکەم | بەها بنەڕەتیەکان |

دادپەروەری بریتیە لە یەکێک لە بەها بنەڕەتیەکانی سۆشیال دیموکراتی کە ئەمەش بریتیە لە ئاستی یەکەم.

**١-٣ یەکسانی مانای چییە؟ ئەی دادپەروەریی مانای چییە؟**

نموونە: ئاهەنگی لەدایک بوون

هۆزاک ((٨ساڵە)) و ئاهەنگ دەگێڕێت بە یادی لەدایکبوونیەوە. هاوڕێکانی داوەتکردووە بۆئەوەی پێکەوە ئاهەنگەکە ساز بکەن.دووای گۆرانی وتن، قاڵبە کێکەکە گەیشت.ئایا چۆن کێکەکە بەشێوەی پارچە دابەشدەکرێت؟

هۆزاک هاواری کرد: دەمەوێت تەنها خۆم هەموو قاڵبە کێکەکە بخۆم ! بەڵام هاوڕێکانی ئەمەیان پێ خۆش نەبوو.ڕاستە کە ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوونی هۆزاکە،بەڵام هاوڕێکانیشی دەیانەوێت کە پارچەیەک لە کێکەکە بخۆن،ئەگەر بەو شێوەیە بێت ئەوا هیچ دادپەروەرییەکی تیادا نابێت.

یەکسانی بریتیە لەدابەشکردنێکی یەکسانی (هەلی کار و سەروەت وسامان) بۆ هەمووان.

## یەکسانی بریتیە لە دەستپێک

**یاسای بنەڕەتی بەم شێوەیە باس لە یەکسانی دەکات:**

مامەڵە لەگەڵ هەموو خەڵکیدا دەکەین بە یەکسانی. مامەڵە لەگەڵ هەموو خەڵکی دەکەین بە شێوەیەکی وەکیەکی و یەکسانی بەبێ گوێدانە ڕەگەزی نێر یان مێ((پیاو یان ژن))،بەبێ گوێدانە تەمەنیان، بەبێ گوێدانە ڕەنگی پێستیان،بەبێ گوێدانە کێیان خۆشدەوێت.

لەسەر بنەمای ئەوەی پێشەوە،هەمووان پارچەیەکی گەورەی یەکسانیان بەردەکەوێت،ئایا وانیە؟

لە ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوونی هۆزاکدا،دوو منداڵ هەبوون کە تەمەنیان کەمتر بوو لە ٤ ساڵان،کە ناتوانن زۆر بخۆن.دایکەکەیان دوو پارچەی بچووکی بۆ بڕین لە کێکەکە.بەڵام حاجی عوسمان،هیچ خواردنێکی نەخوارد بەدرێژایی ڕۆژەکە،بۆیە زۆر برسی بوو. لەبەرئەوە تاڕادەیەک پارچەیەکی گەورەی بەرکەوت.

ئەو منداڵەی کە ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوونەکەیەتی پارچەیەکی گەورەی بەردەکەوێت بە کرێمەوە لەبەرئەوەی ڕۆژی لەدایکبونی خۆیەتی.

لە کۆتاییدا،هەمووان نەبوونە خاوەنی پارچەی گەورە و یەکسان لە کێکەکە. دابەشکردنەکە بە یەکسانی نەبوو،بەڵام هەمووان ڕازیبوون لە پارچەکەی خۆیان ولەپارچەکەی ئەوانی تریش.دابەشکردنەکە دادپەروەرانە بوو.

**چ کاتێک دابەشکردن دادپەروەرانە دەبێت؟**

لەگەڵ دابەشکردنی دادپەروەرانە،پێویستە هەموو بەشداربووان هەست بە دادپەروەری بکەن.

دابەشکردنی دادپەروەرانە سەرکەوتوو دەبێت کاتێک سێ ڕەگەزی تیادا بێت:

یەکەم: دەسکەوت یان هەل .لەو نموونەیەی سەرەوەدا،بە کردارەکی پارچە شیرینیەکە دابەشکرا بەسەر هەمووان‌دا،نەک تەنها بۆ تاکە کەسێک.

دووەم: هەمووان تێبگەن- هەموو ئەوانەی کە بەشیان دەدرێتێ- لەسەر تێگەیشتنی بنەما هاوبەشەکان.لەنموونەکەماندا،هەمووان تێگەیشتن یان ئەوەیان بەهەند وەرگرت کە منداڵی خاوەن ئاهەنگەکە پارچەیەک کێکی گەورەی بەکریمەوە بەربکەوێت.

سێیەم: ڕەزامەندی هەموو ئەوانەی بەشیان بەردەکەوێت لەسەر بنەماکانی دابەشکردن.لەبەرئەوەی ڕۆژی لەدایکبوون ڕۆژێکی تایبەتە،بینرا کە هەمووان پارچەیەکی گەورەی کێک و بەکریمیشەوە بۆ خاوەن ئاهەنگەکە کارێکی گونجاوە.

بەڵام دابەشکردنی هەل و دەسکەوتەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە کۆمەڵگاکانماندا زیاتر ئاڵۆزترە لە بڕین و پارچەکردنی قاڵبێک کێکی گەورە.

ئاشکرایە جیاوازی گەورە هەیە لە نێوان تاکەکاندا.

**١. بنەچەیان جیاوازە.**

- من یەکەم کەس دەبم لە خێزانەکەمدا لە زانکۆ دەخوێنم.
- من دەبمە میراتگری ئەو کۆمپانیایەی کە باپیرم دایمەزراندوە.

**٢. توانا و گرنگیپێدان و کاری جیاوازیان هەیە.**

- من دەمەوێت ببمە داهێنەر.
- من دەمەوێت ببمە مامۆستا.

**٣. داهاتەکانیشیان زۆر جیاواز دەبێت.**

- ١٤٠٠ یۆرۆ پوختەی مووچەکەمە.
- ٥ ملیۆن یۆرۆ داهاتمە لە ساڵێکدا.

سەرەڕای ئەوەی کە جیاوازی نێوان تاکەکان گەورەن،بەڵام دادپەروەریی مانای ئەوەیە هەموو کەس ببنە خاوەن هەمان هەل لە ژیانێکی شایستەدا.

## ٢-٣ دادپەروەری: ژنان و نەوەکان

**لە سیاسەتدا،زۆر باس لە دادپەروەری دەکرێت**

زۆرێک زاراوە هەیە کە پەیوەندییان هەیە بە دادپەروەرییەوە. دووان لەو زاراوانە بەشێوەیەکی کورت ڕووندەکەینەوە وەک لای خوارەوە:

**١. دادپەوروەری لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا**

تائێستا هەل بۆ ژنان لە جیهاندا بەشێوەیەکی گشتی کەمترە لە هەلی پیاوان، لە زۆر کاتدا دەبنە خاوەن کارێکی خراپتر بەرامبەر کرێیەکی کەمتر.کە ئەمەش دادپەروەریی نیە.لەبەرئەوە،مانای یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا بۆ نموونە مووچەیەکی یەکسان بۆ پیاوان و ژنان لە هەمان کاردا.

**٢. دادپەروەری لە نێوان نەوەکاندا**

مانای یەکسانی لەنێوان نەوەکاندا بریتیە لەوەی کە گەورەکان بەشێوەیەک نەژین کە ببێتە هۆکاری کێشە و گرفت بۆ نەوەکانیان لە ئایندەدا.ڕەنگە ئەوە ڕووبدات بۆ نموونە،کاتێک هەڵدەستین بە وێرانکردنی ژینگە یان دەبینە هۆکاری قەرزاریەکی گەورە.

ئەرکمانە کە پلانی دوورمەودا دابنێین بۆ ئایندە.

پێویستە پارێزگاری بکەین لە ماڵەکانمان و ڕێگاوبانەکانمان.

هەروەها پێویستمان بەدامودەزگای باشی فێربوون هەیە وەک قوتابخانە و زانکۆکان.

تەنها لەڕێگەی ڕاهێنانی پیشەیی باش،نەوەی ئاینده دەتوانن چارەسەری باشتر بدۆزنەوە بۆ کێشەکانی سبەینێ.لەبەرئەوە، پێویستمان بەپارەیە وڕەنگە بە ناچاریی پەنا ببەینە بەر قەرز وەرگرتن.

## ٣-٣ چۆن کرداری دابەشکردن  جێبەجێ دەکرێت

### دادپەروەری

مەبەست لێی دابەشکردنێکی دادپەروەرانەیە بۆکاڵاو کەلوپەلەکان وەکو سەروەت وسامان.بەهەمان شێوە مەبەست لێی خاڵی دەستپێکردنێکی دادپەروەرانە و هەلی دادپەروەرانەیە بۆ هەمووان.

ئەی چۆن پێویستە کە دابەشکردن دادپەروەرانە بێت؟ئەمە لەسەر دوو ئاست ئەنجامدەدرێت:

### ١. دابەشکردن بەپێی کارامەیی و لێهاتوویی

بنەمای دابەشکردن بەپێی کارامەیی و لێهاتوویی بەم شێوەیەی لای خوارەوە ئەنجام دەدرێت:

هەرکەسێک شارەزایی و کارامەیی باش بوو ئەوا زیاتری بەردەکەوێت. ئەمەش بەزۆری لە ژینگە و شوێنی کاردا ڕوودەدات. بەشێوەیەک هەرکەسێک کاری  باشتر بکات موچەی بەرزتری بەردەکەوێت.

ئەمەش دەچەسپێنرێت بەسەر مووچەی خانەنشینبووندا،کێ زیاتر بداتە سندوقی مووچەکان ئەوا مووچەیەکی خانەنشینی بەرزتر وەردەگرێت.

جا کاتێک مرۆڤ پشکی خۆی بە دادپەروەریی و یەکسانی بەپێی کارامەیی وەردەگرێت. بەهەمان شێوە مەبەست لێی: بەڕێوەبەری کۆمپانیا دەهێندەی کرێکارێکی ئاسایی بەرهەم دێنێت،ئەوا مووچەیەک وەردەگرێت کە دە هێندەی مووچەی کرێکارەکە بێت.بەڵام نابێت مووچەی بەڕێوەبەرەکە بگاتە سەد یان هەزار هێندەی مووچەی کرێکارەکە.

یان:

پێویستە برینپێچە ژن و پیاوەکان مووچەیەکی بەرز وەربگرن لەبەرئەوەی کاری سەخت و زۆر گرنگ  ئەنجام دەدەن.

**٢. دابەشکردن بەپێی پێویستی**

زۆرێک لە خەڵکی پشتیوانی ئەم بنەمایە دەکەن.ئەو کەسەی لە دۆخێکی لەناکاودایە هاوکارییەکی دەدرێتی کە پێویستی پێیەتی لە کاتی ئێستادا.

ئەمەش ڕوودەدات لە بوار و کەرتی تەندروستیدا:

مرۆڤێک کاتێک بەدەست نەخۆشیەکەوە دەناڵێنێت ئەوا ئەو چارەسەرەی دەدرێتی کە پێویستی پێیەتی.بەڵام مرۆڤێکی تەندروست باش چارەسەری نادرێتی لەبەرئەوەی پێویستی پێی نیە.

بەهەمان شێوە ئیشوکارەکان لە بواری هاوکارییە کۆمەڵایەتیەکانیشدا بەڕێدەکرێن:

کەسێکی بێکار بیمەی کۆمەڵایەتی دەدرێتی لەلایەن دەوڵەتەوە. بەڵام ئەو کەسەی کە پارەیەکی بەهێندەی پێویست دەستدەکەوێت، ئەوا ئەو هاوکارییانەی نادرێتێ.

هەردوو بنەماکان گرنگن:پێویستە مرۆڤ ئەو کارانەی خەڵکی بەهەند وەربگرن کە ئەنجامی دەدەن لەگەڵ ئەوەی کە پێویستیشیانە.

جا ئەو کەسەی کە دەتوانێت دەسکەوتێکی زۆر بەدەستبێنێت ئەوا پێویستە دڵخۆش بێت لەبەرئەوەی تەندروست باشە و کارێکیشی هەیە.بەشێوەیەک کە دەتوانێت ((پیاو یان ژن)) کارێکی زیاتر پێشکەش بە کۆمەڵگا بکەن زیاتر لەکەسێکی تر بەبێ کێشە و گرفت.جا لە کۆتایدا،خاوەن جەستە بەهێزەکان لەتوانایاندایە کە قورسایی هەڵبگرن لەکاتێکدا کە خاوەن جەستە لاوازەکان ناتوانن کە ئەو قورساییە هەڵبگرن.

**٣-٤ سۆشیال دیموکراتی چی دەوێت؟**

سۆشیال دیموکراتی گەرەکێتی کە هەموو خەڵکی مافەکانیان لە ئازادیدا پیادەبکەن لەسەر هەمان ئاستی ناوخۆیی.و لەسەر دەوڵەتیشە کە چاودێریی و پارێزگاریی لە خەڵکی بکات لەکاتێکدا کە هەلەکانیان کەمە.

**ئەمەش بەمانای:**

سۆشیال دیموکراتی گەرەکێتی دەوڵەت دەستوەربداتە کرداری دابەشکردنەوە بەشێوەیەکی گەرموگوڕ.ڕەنگە ئەوە لەبەرژەوەندی تاکدا بێت.ڕەنگیشە لەبەرژەوەندی تەواوی کۆمەڵگاشدا بێت، ئامانجیش بریتیە لە: دادپەروەری و یەکسانی بۆ هەمووان.مانای دابەشکردنی دادپەروەر بەپێی بوارەکە دەگۆڕێت.

لەبواری باجەکاندا بنەمای دابەشکردنی تر و جیاواز پیادەدەکرێت لە سیاسەتی تەندروستی و فێرکردندا.پێویستە جارێکی تر گفتوگۆ بکرێت لەسەر میکانیزمی دابەشکردن لەهەر بوارێکدا بە تەنها.جا لەبەرئەوە،گرنگە کە هەمووان بەشدارییەکی کردەیی بکەن لەدروستکردنی بڕیاردا،بۆ نموونە لە هەڵبژاردندا:

پێویستە هەمووان هەمان هەلیان بۆ بڕەخسێت،جالێرەدا دەکرێت دەوڵەت هەستێت بە یارمەتیدانێکی کردەیی.

*** دادپەروەریی لە بەرنامەی بنەڕەتی حیزبی سۆشیال دیموکراتیدا:**

(( دادپەروەریی وەستاوەتە سەر بەهای وەکیەکی بۆ هەر مرۆڤێک.کە مانای ئازادی یەکسانی و هەلی ژیانی یەکسانیش،بەبێ ڕەچاوکردنی بنەچە و ڕەگەز. بەهەمان شێوە دادپەروەری مانای بەشداریکردنێکی یەکسانیە لە فێرکردن و کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دیموکراتیدا و هەلی سوود وەرگرتنیش لە سامانی گشتی)).

جا لەکاتی دابەشکردنی نادادپەروەریدا بۆ داهات و سامان ئەوا کۆمەڵگا دابەشدەبێت بۆ خاوەندار و ژێردەستە.کە ئەمەش نادادپەروەرییە و یەکسانیی لە ئازادیدا پێشێل دەکات.لەبەرئەوە، دادپەروەری پێویستی بە یەکسانی زیاتر هەیە لە دابەشکردنی داهات و سامان و هێزدا.

# بەشی چوارەم

# هاوکاری (سۆلیداریێتی)

لەم بەشی چوارەمەدا باسی زاراوەی هاوکاری دەکەین.چۆنێتی هاوکاری یان کاری هاوکاری خەڵکی لەگەڵ یەکتردا دەگۆڕێت بەپێی هەڵوێستەکان.

ئایا هاوکاری لە کۆمەڵگای ئێمەدا چۆن دەبێت؟

ئەی سۆشیال دیموکراتی چی دەوێت؟

| | |
|---|---|
| ئاستی سێیەم | هۆکارەکان |
| ئاستی دووەم | مافە بنەڕەتیەکان |
| ئاستی یەکەم | بەها بنەڕەتیەکان |

هاوکاری یان کاری هاوکاری یەکێکە لە بەها بنەڕەتیەکانی سۆشیال دیموکراتی. کە ئەمەش ئاستی یەکەمە.

**ئازادی ! یەکسانی ! برایەتی !**

پێش ٢٠٠ ساڵ،شۆڕشگێرانی فەڕەنسا ئەم دروشمەیان دەوتەوە لەسەر ڕێگرییەکان.بەڵام لە مڕۆدا دەڵێین:کە بەها بنەڕەتیەکانی سۆشیال دیموکراتی بریتیە لە ئازادی و دادپەروەری وهاوکاری.

تائێستا هەردوو زاراوەی ئازادی و دادپەروەریمان ناسیوە.بەڵام هەردووکیان پەیوەستن بە زاراوەی پێکەوەییەوە.ئەی ئەم وشەیە چۆن پەیوەندی هەیە بە برایەتیەوە.

**١-٤ بیرکردنەوە لە هاوکاری**

هاوکاری بریتیە لە تێکەڵەیەک لە لایەنگریی وپێکەوەیی.ئەو کەسانەی کە هەڵسوکەوتیان ڕەنگدانەوەی پێکەوەییە،ئەم سیفاتانەی لای خوارەوەیان هەیە:

* هەستدەکەن کە ئەوان لێپرسراوێتییەک بۆ یەکتری هەڵدەگرن هەستی

لایەنگریی بۆ کۆمەڵ دەچەسپێت لەسەر تاکەکان و کۆمەڵەکان. ڕەنگیشە بچەسپێت بە سەر تەواوی کۆمەڵگاشدا.

* بەشێوەیەک هەڵسوکەوت دەکەن کە لەبەرژەوەندیی خەڵکانی تردا بێت.

تەنانەت ئەگەر ئەوەش زیان بەبەرژەوەندیەکانی خۆشیان بگەیەنێت لەهەندێک کاتدا.

* یارمەتی و هاوکاری ئەو کەسانەش دەکەن کە بڕوایان بەهەمان بنەماکان هەیە

خەڵکی کاری هاوکاری دەکەن کاتێک تێدەکۆشن دژی خراپی دۆخی کۆمەڵگا.

هەستی لایەنگری خێزانی دادەنرێت بە نموونەیەکی کردارەکی لەسەر هاوکاری.بەشێوەیەکی خۆڕسکی زۆربەی خەڵکی دەڵێن:من یارمەتی خێزانەکەم دەدەم بارودۆخ هەرچۆنێک بێت.کاتێک براکەم ڕووبەڕووی هەر کێشەیەک ببێتەوە ئەوا من لەوێم بۆ یارمەتیدانی. یارمەتی دەدەم بەبێ ئەوەی بیربکەمەوە لەوەی کە ئەو لە ئایندەدا دەتوانێت یارمەتی من بداتەوە. ئێمە بۆ یەکترین.

خەڵکی بەتەنها لە چوراچێوەی خێزاندا هاوکاری یەکتر ناکەن،بەڵکو لە بارودۆخی تریشدا هاوکاری یەکتری دەکەن.

**هەر بۆ نموونە،لە یانە وەرزشیەکاندا:**

(( دەتوانین پێکەوە ئاهەنگی هاوینە ڕێکبخەین.هەروەها منداڵانیش دەتوانن کە خۆشی وەربگرن لە ئێوارەیەکی جواندا)).

**یان بۆ نموونە:**

کەسێک لەجێگەی کارەکەیدا دەتوانێت پارێزگاریەکی باشتر وەدەستبێنێت لە میانەی کۆمەڵێکدا. و دەشتوانێت زۆر ئیشوکاریش بەدەستبێنێت: ((پێکەوە ئاگاداری بەڕێوەبەر بکەینەوە لەو کێشانەی بەرەوڕوومان دەبێتەوە،بەوشێوەیە دەتوانێت گوێ لەهەموومان بگرێت. نەک بەتەنها گوێ لە نیەتی تاکە کەسێک بگرێت)).

**لەکاری سیاسیشدا بەهەمان شێوەیە:**

(( پێکەوە تێدەکۆشین لە پێناو کەمترین ئاستی کرێ کە دادپەروەر بێت بۆ هەمووان.سەرتاشەکان و کرێکارانی بینا و کرێکارانی پاکوخاوێنی مافیان هەیە لە کرێیەکی دادپەروەرانەدا)).

**جا کاتێک کە خەڵکی لە بارودۆخێکی سەختی لەناکاودا بوو:**

(( پەناهەندەکان لەوڵاتی خۆیان ڕایانکردووە بەهۆی جەنگەوە، پێویستە لەسەرمان هاوکاری و یارمەتیان بدەین)).

بۆچی ئەم هەستە دادەنرێت لە بەها بنەڕەتیەکانی سۆشیال دیموکراتی؟

ڕاستە هەموو خەڵکی لەهەمان دۆخدا نین.ئاشکرایە کە هەمووانیش وەکو یەک بەشدارنابن لەهەمان گرنگیپێدانەکاندا،بەڵام زۆربەی خەڵکی بەشداریدەکەن لەهەستی پەیوەستبوون بە کەسانی ترەوە.ئەم هەستە لە زۆرێک لە جێگاکانی کۆمەڵگاکەماندا بەربڵاوە.

خەڵکی یارمەتی یەکتری دەدەن بەبێ بەرامبەر. بەهەمان شێوە خەڵکی لە کۆمەڵێکدا پێکەوە کاردەکەن بەبێ ئەوەی کەس داوایان لێبکات.و پێکەوەش کاردەکەن لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجێکی هاوبەشدا.

زۆربەی خەڵکی هەڵسوکەوت دەکەن پێکەوە لە کۆمەڵەی گەورە و بچوکدا.جا سۆشیال دیموکراتی لەسەر ئەو هەستە بنیاتنراوە. مێژوو ئەوەی بۆ سەلماندووین کرێکاران زۆر دەسکەوتیان وەدەستهێناوە لە میانەی بەشداریکردن و کاری پێکەوەییان لەگەڵ یەکتردا. نموونەش لەسەر ئەوە مافی هەمووانە بۆ دەنگدان لە هەڵبژاردندا.

**٤-٢ چۆن کاری هاوکاری سەرکەوتوو دەبێت؟**

- ئایا کاری هاوکاری مانای کاری باش ناگەیەنێت؟
- جلوبەرگی منداڵان بۆ سندوقی کۆکردنەوەی جلوبەرگی کۆن.
- دوو پول بۆ کەسێکی بێ لانە.
- نەخێر،بەپێی وتەی زانای کۆمەڵایەتی ئەمریکی ڕیتشارد سینیت.

**نوسەر دەڵێت:**

هەرکەسێک بەشێوەی تاکە کەسی ببەخشێتە هەزاران ئەوا هەڵسوکەوتەکەی ناچێتە چوارچێوەی کاری هاوکاری.چونکە کاری هاوکاری بەتەنها مانای کاری باش ناگەیەنێت،بەهەمان شێوە بەتەنها مانای ڕازیبوونی ویژدانیش ناگەیەنێت.

کاری هاوکاری مانای ئەوەیە کە مرۆڤ تێبکۆشێت لەگەڵ کەسانی تردا لە پێناو جیهانێکی باشتردا.جا کاری هاوکاری پارێزگاری نیە بەتەنها بۆ کاتێکی کورت، بەڵکو بۆ ژیانێکی باشتر لە ئایندەشدایە.

پێناسەکەی ڕیتشارد سینت بۆ کاری هاوکاری ئەمەی لای خوارەوە دەگەیەنێت:

ئەو جۆرە لە هاوکاری بریتیە لە ئاڵوگۆڕکردن لە واقعدا لەنێوان هەموو بەشداربوواندا، بەشێوەیەک خەڵکی کار لەگەڵ یەکتردا دەکەن بۆ بەرهەمهێنانی شتێک کە ناتوانن بەتەنها وەدیبێنن.

کاتێک هەر کەسێک بەتەنها تێدەکۆشێت،ئەوا کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گەورە و بەگشتی سەرکەوتوو نابێت.بەڵام کاتێک خەڵکی شانبەشانی یەکتری کار دەکەن پێکەوە،ئەوا دەتوانن زۆر ئامانج وەدیبێنن.

لەبەرئەوە،لە ئەرکەکانی سۆشیال دیموکراتیە کە هاوکاری خەڵکی بکات لە پێدانی یارمەتیەکاندا.

ئامانج بریتیە لە بەهێزکردنی کۆمەڵگا،ئەمەش سوودی هەیە بۆ هەمووان. پێویستە لەسەر سیاسەت کە چاودێری و پارێزگاری لە کاری هاوکاری بکات بەپێی توانا.لەبەرئەوەی خەڵکی پێکەوە بەرهەمی زیاتریان دەبێت. دواتریش هەمووان سوودمەند دەبن.

### ٤-٣ نموونە لەسەر کاری هاوکاری

**١. سەندیکاکان:**

سەندیکا خەڵکی کۆدەکاتەوە کە بەشدارن لە کار یان هەمان بواردا، کە پێکەوە هەوڵدەدەن بۆ دروستکردنی دۆخێکی کاری گونجاو، بۆ نموونە هەریەکەیان

ئەویتریان دەپارێزێت لەکاتی مانگرتن یان گفتوگۆ لەسەر مووچە.

هەر بۆنموونە: سەندیکا یەکەمەکان لە ئەڵمانیادا لەساڵی ١٨٥٠دا دامەزران،ئەو سەندیکایانەش دادەنرێن بە بەهێز و جێگیر و دیموکراتی و کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر ژینگەی کار.

سەندیکاکان لە ئەڵمانیادا دەسکەوتی زۆریان وەدەستهێناوە:بۆ نموونە باشکردنی دۆخی کار. زۆرێک لە کرێکاران ئەندامن لەو سەندیکایانەدا. تائێستاش هەروان لە سەدەی بیست و یەکدا هەروەک چۆن لە ڕابردوودا وابوون. سەندیکاکان ڕێکخستنێکی ڕوونیان هەیە،بەشێوەیەک مامەڵە لەگەڵ هەمووان‌دا وەکو یەک دەکات،هەموو ئەندامانیش دەتوانن ئاڵوگۆڕی قسەوباس بکەن و بەشدارییبکەن لە کار و دروستکردنی بڕیاردا.

**٢. بیمەی کۆمەڵایەتی:**

بیمەی کۆمەڵایەتی بە بەشێکی گرنگ دادەنرێت لە دەوڵەتی خۆشگوزەران. جا بیمە بەتەنها بەهۆی کاری هاوکارییەوە لەنێوان خەڵکەکاندا کاردەکات.بەشێوەیەک هەرکەسێک پارە دەدات بە بیمەکە کارێکی هەیە،بێ گوێدانە پێویستی یان پێویست نەبوونیشی بۆ یارمەتی لە ئایندەدا.

بۆ نموونە: دەوڵەتی ئەڵمانیا لەسەرەتای ساڵی ١٨٨٠وە بیمەی کۆمەڵایەتی نوێی پەسەندکرد.ئەو دڵنیاییە مەترسیەکانی دەگرتەوە وەک بێکاری و نەخۆشی و پیربوون.ئەو سیستەمە تائێستاش بەشێوەیەکی سانا خۆی دەنوێنێت:کەسی توانادار بڕێک پارە دەدات. هەرکەسێکیش پێویستی بە یارمەتی هەیە وەریدەگرێت.

دڵنیایی((بیمەی))کۆمەڵایەتی بەشێکی گرنگە لە دەوڵەتی ڕەفا ((خۆشگوزەران)) ی کۆمەڵایەتی، ئەو بیمەیە کاریگەری دەبێت بەتەنها بە هۆی کاری پێکەوەییەوە لەنێوان خەڵکەکاندا.بەشێوەیەک هەرکەسێک کارێکی هەیە پارە دەدات بە بیمە،بەبێ گوێدانە پێویستبوونی یان پێویستنەبوونی بۆ یارمەتی لە داهاتوودا.

**دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی**

- بریتیە لە ئەنجامی سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکان پێکەوە.

- سیستەمی هەموو ڕێوشوێنەکان و کردارەکانی دووبارە دابەشکردن،کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە ڕووبەڕووی هەموو مەترسیەکان ببێتەوە کە ڕوودەکەنە تاکەکان.

## ٣. کۆمەڵەکان:

خەڵکی حەزدەکەن کە پێکەوە کاربکەن لە پێناو مەسەلەیەکدا. لەبەرئەوە کۆمەڵەکان دەردەکەون لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگادا.جا لە بواری وەرزش یان کەلتور و ڕۆشنبیری یان کاتبەسەربردن یان سیاسەتدا.کە بوونی هەیە لەهەموو جێگەیەک وەک یانەی ڕاهێنان و شەترەنج و کۆمەڵەکانی دانسی هیب هۆپ و کۆمەڵەی باخچە کشتوکاڵیە بچوکەکان.

ئایا ئەوە چییە کە وایکردووە ئەو کۆمەڵانە هێندە خۆشەویست بن؟ ئەوە هەستی لایەنگرییە لای ئەندامەکان کە هەمان ئامانجەکان دروستدەبن یان ئەندامان بەشداردەبن لەهەمان ئارەزووەکانیاندا. لەبەرئەوە پێکەوە یەکتری بەهێزدەکەن وەکو کۆمەڵەش زیاتر وەدیدێنن وەک بە تاک و تەنها کاربکەن. ئەوەشت بیرنەچێت کە دڵخۆشیش دەبن بەو کارە.

کۆمەڵەکان هەستی کاری هاوکاری بەشێوەیەکی باش وەردەگێڕن و پیشانی دەدەن، بەشێوەیەک تیایدا ئەندامان لەشێوەی کۆمەڵەدا دەبن.ئەو کۆمەڵانەش ئامانجیان هەیە.جا کاتێک ئامانجەکان وەدیهاتن بەتەنها کۆمەڵەکە سوودمەند نابێت لەو کارە. بەڵکو هەموو کۆمەڵگا بەهێزدەبێت بەگشتی.ئەو کۆمەڵانە بەتەنها کار بۆخۆیان ناکەن،بەڵکو بۆ هەموو کۆمەڵگا کاردەکەن.

## ٤. کاری هاوکاری لەناو کۆمەڵێکدا و نەکردنی کاری هاوکاری لەدەرەوەیدا

بەپێویست نازانرێت کە هەستی هاوکاری لای ئەندامان لەهەموو کۆمەڵەکاندا

دەربارەی کۆمەڵگا ئەرێنی بێت.چونکە توێژێک لە کۆمەڵەکان هەن کە هەوڵی دوورخستنەوەی کەسانی تر دەدات و جیاکاریان دژ ئەنجام دەدات.

لە یانە ڕاستڕەوە توندڕەوەکاندا یان کۆمەڵەکاندا کە ئەندامێتی تەنها بۆ پێڕەوانی ئاین یان خێزان یان هۆزێکی دیاریکراوە. ئەندامەکان پشتی یەکدەگرن و یارمەتی یەکتر دەدەن.بەڵام لەهەمان کاتدا دژی پشتگرتنی کۆمەڵگان.بەمەش مەترسی دروستدەکەن لەسەر دیموکراتی.

**٤-٤ سۆشیال دیموکراتی چی گەرەکە؟**

سۆشیال دیموکراتی دەیەوێت کە خەڵکی هەست بە پەیوەندی و هاوکاری بکەن لەنێوان یەکتریدا لە تەواوی کۆمەڵگادا. دەکرێت کە تاک ئەو پەیوەندی و پێکەوەییە پشتگیری بکات بەڵام دروستنیە بسەپێنرێت.بۆ نموونە: شارێک ناوەندێک دروستدەکات کە کۆمەڵەکان بتوانن تیایدا کۆببنەوە.کۆمەڵەکان باج نادەن، ئەگەر داشیان ئەوا کەمە.

جا پەیوەندی و کاری هاوکاری لە کۆمەڵگاکەماندا جیاوازە لە جێگەیەک بۆ جێگەیەکی تر.دەکرێت کە هاوڵاتیان و دەوڵەتیش کاریگەریان هەبێت لەسەری.

لەبەرئەوە، پێویستە لەسەر سۆشیال دیموکراتەکان جارێکی تر ئەم دوو پرسیارە بخەنەوە ڕوو:

* ئەو دەزگا و ڕێکخراوە بەسوودانە کامانەن لە ئێستادا بۆ یەکگرتوویی کۆمەڵگا؟

* ئایا هیچ ڕێکخراوێک هەیە کە هاوکاری بچەسپێنێت لەنێوان خەڵکیدا؟ ئەی هیچ ڕێکخراوێکی تر هەیە کە کۆمەڵگا لاواز بکات؟

هاوکاری و یەکگرتوویی نێوان خەڵکی دروست نابێت تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێت کە تاک ڕێزی ئازادی کەسانی تر نەگرێت و مامەڵەیان بەیەکسانی لەگەڵدا نەکات.

**هاوکاری لەبەرنامەی بنەڕەتی ((پارتی سۆشیال دیموکرات))دا:**

مەبەست لە هاوکاری/ کاری هاوکاری پشتگرتنی دوولایەنە و لایەنگری و

درێژکردنی دەستی یارمەتیە.بریتیە لە ئامادەگی خەڵکی بۆ وەستان لەلای یەکتری و هاوکاری یەکێکیان بۆ ئەویتریان بە نۆرە.

ئەم هاوکاریە پێڕەودەکرێت لەنێوان بەهێز و لاوازەکاندا،هەروەها لە نێوان نەوە جیاوازەکانیشدا،و هەروەها گەلانی جیاوازیشدا.

هاوکاری هێزێکی گۆڕان دروستدەکات،بەپێی ئەوەی فێریبووین لە ئەزمونی بزوتنەوەی کرێکاراندا.

هاوکاری بریتیە لەهێزی کاریگەر کە بەشداریدەکات لە یەکگرتوویی کۆمەڵگادا. لە میانەی ئامادەگی خۆبەخۆیی و تاکە کەسیەوە بۆ یارمەتیدان.جێبەجێدەکرێت لە ڕێگەی بنەما وڕێکخراوە هاوبەشەکان لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی وەک هاوکاری ڕێکخراو و شارستانی(مەدەنی) و سیاسی.

# بەشی پێنجەم

## سۆشیال دیموکراتی:

### بیرکردنەوە- دیاریکردنی پابەندییەکان - هەڵسوکەوتکردن

لەم بەشی پێنجەمەدا ڕوونیدەکەینەوە کە چۆن بەها بنەڕەتیەکان سەر بەیەکترین و پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە و چۆن یاسا بنەڕەتیەکان لەدایک بوون لەهەناویدا بۆ هەموو مرۆڤایەتی وچۆن مافە بنەڕەتیەکان جێبەجێدەکرێت لە بنەماکان و یاساکاندا.هەروەها هۆکارە بەردەستەکانیش دەخاتە ڕوو بۆ دەوڵەت بۆ جێبەجێکردنی ئەو مافانە لە سیاسەتدا.

| | |
|---|---|
| ئاستی سێیەم | هۆکارەکان |
| ئاستی دووەم | مافە بنەڕەتیەکان |
| ئاستی یەکەم | بەها بنەڕەتیەکان |

ئەم بەشە باس لە سێ ئاست دەکات: بەها بنەڕەتیەکان، و مافە بنەڕەتیەکان،و هۆکارەکان. مافە بنەڕەتیەکان گرنگی زیاتری پێدەدرێت،کە بریتیە لە ئاستی دووەم.

### ١-٥ بەها بنەڕەتیەکان وابەستەی یەکترین

بەها بنەڕەتیەکان بۆ سۆشیال دیموکراتەکان بریتیە لە ئازادی و دادپەروەری وهاوکاری.وهەرسێکیشیان یەکسانن لەڕووی گرنگیانەوە،هەرسێکیشیان وابەستەی یەکترین و پەیوەندی توندوتۆڵیان پێکەوە هەیە و پشتگیری یەکتری دەکەن و یەکتریش دیاریدەکەن.

ئازادی ناتوانێت دەستبەرداریی دادپەروەریی و هاوکاری ببێت.

ئازادی تاکەکان ڕووبەڕووی کۆتوبەند دەبێتەوە کاتێک خەڵکی لە کۆمەڵێکدا دەژی چونکە دەبێت مرۆڤ ئاگاداری کەسانی تر بێت لەهەموو کاتێکدا. بەڵام بەهەمان شێوە پێکەوەژیان دەتوانێت لە ئازادی کەسی زیاد بکات.

لەبەرئەوە مرۆڤ ناتوانێت بگاتە فێربوون و ڕۆشنبیری کە بەردەستە بۆ هەمووان.کە بریتین لە مافەکانی چاودێری.تەنها لەڕێگەی هاوکارییەوە نەبێت لە

چوارچێوەی کۆمەڵێک و هەڵسوکەوتکردن بە دادپەروەری و هاوکاری.

ناتوانرێت دادەپەوروەری وەدەستبێت بەبێ ئازادی و هاوکاری.

دادپەروەری بریتیە لە دابەشکردنی دادپەروەرانە بۆ سامان و هەلەکان،پێویستە لەسەر هەمووان ڕەزامەندبن لە بنەماکانی دابەشکردن بۆئەوەی دابەشکردنەکە دادپەروەر بێت. ئەوەش وەدینایەت هەتا ئەگەر هەمووان لەگەڵ یەکدا بە ئاشتی مامەڵە نەکەن.بۆیە پێویستە پشتگیری یەکتری بکرێت و هاوکاری و یارمەتیەکان ئاڵوگۆڕبکرێت بەو پەڕی تواناوە .

هاوکاری پێویستی بە دابینکردنی ئازادیی و دادپەروەریی هەیە لە کۆمەڵگادا

هاوکاری هەموو مرۆڤەکان کە حەزیان بە پێکەوەژیانە دەبەستێتەوە بە دادپەروەریی و ئاشتی. ئەوەش ڕوودەدات بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لە سایەی دەوڵەتێکی دیموکراتیەوە.

ئەو سێ بەها بنەڕەتیە،پێکگەیشتنیان جێگیرە لەنێوان خۆیاندا،کە کرۆکی سۆشیال دیموکراتین.

**٢-٥ لە بیرکردنەوەوە بۆ دیاریکردنی پابەندیەکان: لە بەها بنەڕەتیەکانەوە بۆ مافە بنەڕەتیەکان**

ئەو بەها بنەڕەتیانە گرنگن نەک تەنها بۆ سۆشیال دیموکراتی لە ئەڵمانیادا یان ئوردوندا،بەڵکو بۆ هەموو خەڵکی گرنگن لە هەموو وڵاتانی جیهاندا کە کاردەکەن لە پێناو بەهاکانی ئازادی و دادپەروەری و پێکەوەیی.

جا چۆنێتی مرۆڤ جیاوازە بۆ ئەو بەهایانە و هەڵسەنگاندنیان بەشێوەیەکی گەورە.لای زۆرێک لە خەڵکی ئازادی دادەنرێت بە شکۆیەکی خۆڕسکی.لەکاتێکدا هەندێک وایدەبینن کە بەخششێکی خوداییە.لەبەرئەوە بیروبۆچوونی خەڵکی دەربارەی ئازادی جیاوازن.

ئێمە لە کۆمەڵگایەکی کراوە و هەمەڕەنگدا دەژین، لەبەر ئەوە گونجاو نیە کە مانای زۆر دیاریکراو بسەپێنین بۆ ئازادی و دادپەروەری و هاوکاری.بۆیە مافی

هەر تاکێکە کە بۆخۆی بڕیاربدات دەربارەی مانای ئازادی بەمەرجێک ڕێز لە کەسانی تر بگرێت.

لەجیاتی ئەوە دەبینین کە چۆن بەها بنەڕەتیەکانی سۆشیال دیموکراتی دەچەسپێنرێن لە چوارچێوەی بنەماکان و یاساکان لە هەموو لایەکی جیهاندا و لەهەر وڵاتێکدا جێبەجێکردنی گرنگترین بەها هاوبەشەکان کاری لەسەردەکرێت لە مافەکان بۆهەموو مرۆڤەکان.

مافە بنەڕەتیەکان کە دەگونجێت بۆ هەموو خەڵکی بریتین لە مافەکانی پاراستن و مافەکانی چاودێری.

بەزۆریش گرنگترین مافەکان و ئەرکەکان دەردەکەون بۆ هەموو دانیشتوان لە دەستووری وڵاتدا.

لە زۆرێک لە وڵاتاندا،پارتە جیاوازەکان بەشداردەبن لە داڕشتنی دەستوور ،بەڵام بەهاکان  بە بنچینەی دەستوور دەمێننەوە.

مافە بنەڕەتیەکان لە دەستووری ئوردونیدا دەردەکەون بۆ نموونە لە بەشی دووەم (مادەی پێنجەم تا مادەی بیست و سێیەم)،کە مافەکانی ئوردونیەکان و ئەرکەکانیان دیاریدەکات .مافە بنەڕەتیەکان دەنوسێت کە لەسەر دەوڵەتە کە مامەڵەی یەکسان بکات لەگەڵ هەموو مرۆڤەکانداو مافی هەموو مرۆڤێکە کە  ئازادانە بیروڕای خۆی دەرببڕێت. مافەکانی پاراستن لە دەستووری ئوردونیدا دەکەونە پێش مافەکانی چاودێریەوە. سەرەڕای ئوردونیەکان، زۆرێک لە بنەماکان و یاساکانی تر هەن وەک هەموو وڵاتانی تر بۆ پاراستنی مافە بنەڕەتیەکان. کە ڕوونیدەکاتەوە چۆن مافە بنەڕەتیەکان کاردەکەن لەسەر زەمینەی واقع.لەخوارەوە هەندێک نموونە دەهێنینەوە:

*** ئازادی وەکو مافێکی بنەڕەتی:**

١. مافی گەشەپێدانی کەسی

ئەوەش مانای ئەوەیە کە هەموو مرۆڤێک مافی پێکەوەنانی ژیانی خۆی هەیە هەرچۆنێک پێی خۆشە. بۆیە دەکرێت و دروستیشە کە بۆ هەر کەسێک هەیە حەز

و وێنا تایبەتەکانی کە گەشەیان پێدەدات وەک چۆن بۆی گونجاوە.هەروەک چۆن دەکرێت کە هەموو تاکێک بتوانێت کە ژیان بکات وەک ئەوەی کە دەیەوێت.بەڵام ئەوە تەنها جێبەجێدەبێت لەکاتێکدا کە لە مافەکانی کەسانی تر کەمنەکرێتەوە. ئەو مافەش مافی پاراستن دروست دەکەن.

٢. مافی بوونی شوێنێکی نیشتەجێبوونی سەلامەت

دروست نیە هیچ کەسێکی نامۆ بچێتەماڵێکەوە بۆ نیشتەجێبوون تا خەڵکانی ناو ئەو ماڵە ڕێگەی پێنەدەن.ئەمەش بریتیە لە مافی پاراستن.

٣. مافی فێربوون بەخۆڕایی

دەوڵەت ئەرکی فێربوون دەخاتە ئەستۆی خۆی لە چوارچێوەی سنووری تواناکانیدا.بەشێوەیەک فێربوونی بنەڕەتی بەزۆرە بۆ ئوردونیەکان کە بەخۆڕاییە لە قوتابخانەکانی حکومەتدا.ئەمەش بریتیە لە مافی چاودێری.

*** دادپەروەری وەک مافێکی بنەڕەتی:**

١. وەکیەکی لەبەردەم یاسادا

دەوڵەمەند و هەژار و گەورە و بچووک و پیاو ژن یەکسانن لەبەردەم یاسادا. دروست نیە جیاکاری بکرێت دژ بەمافی هیچ کەسێک و پێویستە دەوڵەت ئەوە بپارێزێت.ئەو مافەش بریتیە لە مافی پاراستن و چاودێری.

٢. مافی کارکردن و مووچەیەکی گونجاو

مافی هەموو مرۆڤێکە کە کارێکی هەبێت،لەگەڵ مووچەیەکی دادپەروەرانەدا کە بەشێکە لە کارەکەی. ئەمە و لە ئوردوندا نزمترین ئاستی مووچە دیاریکراوە. ئەمەش مافی چاودێری دەگرێتەوە.

٣. مافی دەنگدانی نەرێنی و ئەرێنی

هەموو مرۆڤێک مافی هەیە کە بەشداریبکات لە دانگدان و دروستکردنی سیاسەتدا.ئەمەش مافی پاراستن و چاودێری دەگرێتەوە لەهەمان کاتدا.

*** هاوکاری وەکو مافێکی بنەڕەتی:**

١. مافی دامەزراندنی کۆمەڵەکان

مافی هەموو ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت پێکەوە چالاکیەک ئەنجامبدەن، یان دەیانەوێت تێبکۆشن لە پێناو کارێکی خێرخوازیدا، کۆببنەوە ((کۆمەڵەیەک دابمەزرێنن)).

نابێت و دروستنیە کە هیچ کەسێک ناچاربکرێت بۆ پەیوەندیکردن بە هیچ کۆمەڵەیەکەوە، و مافی هەر کەسێکیشە کەی ویستی بکشێتەوە لەو کۆمەڵەیە. ئەمەش بریتیە لە مافی پاراستن.

٢. مافی مانگرتن

مافی هەموو کەسێکە کە کارێکی هەبێت و مانبگرێت لەکارکردن لە دۆخێکی تایبەتدا لە چوارچێوەی یاسادا.قەدەغەیە و نابێت هیچ فەرمانبەرێک دەربکرێت کاتێک لە یەکێک لە مانگرتنەکانی سەندیکاکاندا بەشداریدەکات.ئەمەش بریتیە لە مافی پاراستن.

**٣-٥ ڕێکەوتننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان**

زۆرێک لە وڵاتانی جیهان بەها بنەڕەتیەکان لە مافە بنەڕەتیەکان جێبەجێدەکەن. هەموو وڵاتانی دونیا لە شاری نیویۆرک لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان کۆدەبنەوە و گفتوگۆ دەربارەی ئەو کێشانە دەکەن کە ڕووبەڕووی هەموان دەبنەوە.

**نەتەوە یەکگرتووەکان:**

نزیکەی هەموو وڵاتانی جیهان سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکانن کە بە ئینگلیزی پێی دەوترێت The United Nation. ئەو وڵاتانە کۆدەبنەوە لە پێناو ئاشتی و مافەکانی مرۆڤدا.

وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا واژۆیان کردوە لەسەر ڕاگەیاندنەکان/ ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیە هاوبەشەکان کە ئامانجە هاوبەشەکان وەبیردەخەنەوە کە وڵاتان ئارەزووی جێبەجێکردنیان هەیە.ڕێکەوتننامەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان باس لە مافە بنەڕەتیەکان دەکەن کە زۆر گرنگن بۆ سۆشیال دیموکراتی.

**ڕێکەوتننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان:**

نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی ١٩٦٦دا دوو ڕێکەوتننامەی تایبەت بە مافە بنەڕەتیەکانەوە واژۆکردووە: یەکەمیان بریتیە لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان و پڕۆتۆکۆلی ئارەزوومەندانە کە باس لە مافەکانی پاراستن دەکات بۆ هەموو جیهان.دووەمیشیان بریتیە لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان کە دەربارەی مافەکانی چاودێرین.

* ڕێکەوتننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بناغەیەکی باش پێکدێنن بۆ سۆشیال دیموکراتی. مافە بنەڕەتیەکان کە باسیان دەکات لەهەموو لایەکی جیهاندا دانیان پیادانراوە.کە ١٧٠ وڵات واژۆیان لەسەر ئەو ڕێکەوتننامانە کردوە.

* ئەو ڕێکەوتننامانە پێویستیان بە هاوکاری نێودەوڵەتی و جێبەجێکردنی جیهانی هەیە بۆ مافە بنەڕەتیەکان.

* ڕێکەوتنامەکان بە ووردی مافەکانی هەموو خەڵکی دیاریدەکەن لە هەموو جێگایەکی جیهاندا و ئەو مافانەشی کە لەوڵاتێکی دیاریکراودا داوادەکرێن.

* ڕێکەوتننامەکان زۆر بە ووردی داڕێژراون لە یاسا بنەڕەتیەکان((دەستوورەکان))کە دەرچوون لەهەر وڵاتێکدا بە جیا. دەتوانرێت کە کوالیتی((چۆنایەتیەک)) ژیانێکی زۆر باشتر دابینبکرێت بۆ زۆرێک لە مرۆڤەکان ئەگەر پابەندبوون هەبێت بەو ڕێکەوتننامانەوە.

**٤-٥ لە پابەندبوون بە یاساکانەوە بۆ جێبەجێکردن: لە مافی بنەڕەتیەوە بۆ هۆکارەکان**

ڕەنگە چەمک و تێگەیشتنی مافە بنەڕەتیەکان بۆ هەمووان باش و ڕاست بن.بەڵام سەرەڕای ڕێکەوتننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. جیاوازی زۆر دەبینرێت دەربارەی مافەکانی مرۆڤ و دەوڵەتی ڕەفا((خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی)) لە زۆر جێگای جیهان.

دیاریکردنی مافەبنەڕەتیەکان بەپێی یاسا دادەنرێت بەیەکەم هەنگاو.

بەڵام هەنگاوی دووەم بریتیە لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە بە کردارەکی.

ژمارەیەک لە وڵاتان پابەندنابن بە مافە بنەڕەتیەکانەوە کە لەڕێکەوتننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوون.

بەڵام کاتێک وڵاتێک بە گەرموگوڕی کاردەکات لە پێناو گەیشتنی مرۆڤ بە پیادەکردنی مافە بنەڕەتیەکانیان و لە پێناو بەردەوامبونیشیان ئەوا هاوڵاتیان سوودمەند دەبن بەشێوەیەکی گشتی لەو کارە.

ئەرکی هەڵسوکەوتکردن(لەسەر دەوڵەت پێویستە کاربکات) پێناسەدەکرێت بەدانانی یاساکانی مافە بنەڕەتیەکان و پاراستنیشیان. ئەم ئەرکەش دەکەوێتە سەر ئەستۆی هەر دەوڵەتێک.

## ئەرکی هەڵسوکەوتکردن

لە بیری سۆشیال دیموکراتیدا.دەکەوێتە سەر ئەستۆی دەوڵـەت ئەرکی پاراستنی مافە بنەڕەتیەکان بۆ مرۆڤ و دابینکردنیشیان. دەوڵەت بنیاتنراوە لە پێناو باشکردنی ژیانی خەڵکیدا.

## ئەرکی دەوڵەت

لە سۆشیال دیموکراتیدا دەوڵـەت ئەرکێکی ئاشکرای هەیە. کە بریتیە لە باشترکردنی ژیانی خەڵکی.

## دەوڵەت چی لەتوانادایە و پێویستە چی بکات؟

* پێویستە لەسەر دەوڵەت کە هەموو پێداویستیەکانی ژیان بۆ هەمووان دابین بکات.بۆ هەموو مرۆڤێک مافی بنەڕەتی هەیە کە خۆیدەنوێنێت لەوەی کە چی هەیە لە پێداویستی لە خواردن و ماڵێک بۆ نیشتەجێبوون و ڕێگاوبان و قوتابخانەکان.

* پێویستە لەسەر وڵات کە گرنگی بدات بە دابینکردنی بڕی پێویست لە خۆراک و خانوو و قوتابخانەکان.کە پێیان دەڵێن ژێرخان. ودەبێت هەموو خەڵکیش ئەو پێداویستیانەی ژیانیان دەستبکەوێت. بناغەکان دابینکراون،پێدانی هەلەکان، بۆ هەمووان وەکویەکە.

* ئەرکی دەوڵەتە کە هەلی بەشداربوون لە کۆمەڵگادا دابینبکات بۆ هەمووان و لەبەرئەوەی خەڵکیش هەموویان وەکویەک نین، دابەشکردنی خێر و بێر و هەلەکان دەبێتە ئەرکی دەوڵەت،هەروەک هەندێک جاریش پێویستە لەسەر دەوڵەت دووبارە هەستێت بە پڕۆسەی دابەشکردنەوە.

* سەرەڕای ئەمانە لە سۆشیال دیموکراتیدا پێویستە لە سەر دەوڵەت ئاگاداربێت کە ئابوریی لە کۆنترۆڵ دەرنەچێت.

بۆ نموونە: دەوڵەت سورە لەسەر ئەوەی منداڵ کارنەکات،لەبەرکردنی جلوبەرگی پارێزگاریش لەکاتی کارکردندا دەسەپێنێت،و ئاگاداری ئەوەشە کە خەڵکی ناچار نەبن بۆ کارکردن بۆ ماوەی دوورودرێژ.

پێویستیشە کە پارێزگاریی لە دیموکراتیەتی کرێکاران و مافە بنەڕەتیەکانیشیان بکرێت.کاتێک ئابووری ئازاد دەکرێت بەبێ کۆتوبەندی سەپێنراو لەلایەن دەوڵەتەوە،ئەوا زۆرێک لە مافە بنەڕەتیەکان ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە.

دەوڵەت چۆن دەتوانێت ئەوە بێنێتە دی؟

زۆرێک لەوڵاتان هۆکاری جیاواز هەڵدەبژێرن لە پێناو باشکردنی ژیانی دانیشتوانەکانیان.

## نموونەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی

دەوڵەت لە هەندێک وڵاتدا یارمەتی ئەو خەڵکانە دەدات کە پێویستیان بە هاوکاریی هەیە.بۆ نموونە،لە دۆخی نەخۆشی و بێکاری و ڕووداوەکانی کار و پیربووندا.

بۆ نموونە،لەبەر ئەو هۆکارانە،سیستەمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەیە لە ئەڵمانیادا.بەشێوەیەک خاوەن توانا داراییەکان بڕێک پارەی مانگانە دەدەن کە دواتر بەکاردێت بۆ دابینکردنی خەرجی هەر کەسێک کە پێویستی بە هاوکاری هەبێت.

هەمان سیستەمیش لە وڵاتانی ئەسکەندەناڤیش پیادە دەکرێت. وەک وڵاتی سوید،بەشێوەیەک خەڵکی پارەی بێکاریی و چاودێریی تەندروستی و فێربوون

دەدەن لە میانەی داهاتی باجەکانەوە. و دواتریش ئەڵمانیا وەک دەوڵەتێکی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو وێنادەکرێت یان چاویلێدەکرێت گەرچی شێواز و هۆکاری جیاوازیش بەکاربهێنرێت.

# بەشی شەشەم

## سۆشیال دیموکراتی.. بەراوردکاری

لەم بەشەدا سۆشیال دیموکراتی بەراوورد دەکەین لەگەڵ ڕەوتە سیاسیەکانی تردا.چۆن سۆشیال دیموکراتی جیاوازە لە لیبرالیەتی نوێ و پارێزگارەکان؟

| | |
|---|---|
| ئاستی سێیەم | هۆکارەکان |
| ئاستی دووەم | مافە بنەڕەتیەکان |
| ئاستی یەکەم | بەها بنەڕەتیەکان |

ڕەوتـە سیاسیە جیاوازەکان هۆکاری جیاواز هەڵدەبژێرن بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان.ئەمەش بریتیە لە ئاستی سێیەم.

**٦-١ ئاڕاستەی (( فیکری )) لیبرالیزمی نوێ**

ئامانجەکانی لیبرالیزمی نوێ ڕوونە و بریتین لە: دەیانەوێت کە هەموو خەڵکی تا ئەوپەڕی بە ئازادی بژین. لیبراڵەکان بە پلەی یەکەم گرنگی دەدەن بە مافەکانی پاراستن،وەک مافی خاوەندارێتی، واش دەبینن کە دەبێت بازاڕ ئازادی تەواوی هەبێت.

**بازاڕ**

زاراوەیەکی ئابورییە. واتای: هاوتابوونی خواست و خستنەڕووە. و ئەمەش بەسەر هەموو کاڵاوکەلوپەل و خزمەتگوزاریەکدا دەچەسپێت.

**نموونە:** بازاڕی ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوو هەموو ئەو کەسانە لە خۆدەگرێت کە بەدوای ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوودا دەگەڕێن،هەروەها هەموو بازرگان و تاکێکیش لەخۆدەگرێت کە ئۆتۆمبێلێکی بەکارهاتوو یان زیاتر دەفرۆشێت.

لیبراڵە نوێکان وایدەبینن کە بازاڕ خۆی خۆی ڕێکدەخات،کاریگەریی خواست و خستنەڕوو دەستەبەری ئەوە دەکات کە ئەو کەلوپەلەی خەڵکی پێویستی پێیانە بریتیە لەوەی کە تەنها پیشاندەدرێت.

**ڕاوبۆچوونی لیبڕاڵە نوێکان دەربارەی بەها بنەڕەتیەکان و کۆمەڵگا:**

لیبڕاڵە نوێکان پابەندن بە ئازادی بۆ پیاوانی کار(( رجال الاعمال)) و ئازادی لە بیر و هەڵسوکەوتدا.بەشێوەیەک دەستێوەردانی دەوڵەت بۆ ئەو ئازادیە زۆر دیاریکراوە.

هەروەک چۆن دەبینن کە ئازادی زۆر گرنگترە لە یەکسانی و هاوکاری.

هەروەها وایدەبینن کە تاک گرنگترە لە کۆمەڵگا.لیبڕاڵە نوێکان وایدەبینن کە هەموو کەس ئـازادن.و تاکەکانیش یەک لە یەکتری جیاوازن لە میانەی کاری کەسیانەوە.

**لیبڕاڵە نوێکان وایدەبینن ئەم ئەرکانەی لای خـوارەوە دەکەونە ئەستۆی دەوڵەت:**

* پێویستە لەسەر دەوڵەت گرنگی بدات بەکاری بازاڕ بە ئەمانەتەوە.

* دەکرێت دەوڵەت یارمەتی خەڵکی بدات کە تەنها لە دۆخی لەناکاودان جگە لە تاوانبارەکانیان.

* پێویستە دەوڵەت دەستەبەری دەستێوەردانی هەر کەسێک بکات لە کاری سەربەستی خەڵکی و ئازادیەکانیاندا.

* لیبڕاڵە نوێکان وایدەبینن کە جێگیری نرخی دراو زۆر گرنگترە لە دابینکردنی کـار بۆ هەمووان.تەنها بـڕیـاردەدەن بە دەستپێکردنی بەرنامەی نەهێشتنی هەڵئاوسان لە جیاتی پڕۆژەی دابینکردنی هەلی کار.

ئەو خاڵە ناکۆکانە چین لە لیبڕاڵیزمی نوێدا؟

بەلای لیبڕاڵە نوێکانەوە، دەستەبەری ئازادی بازاڕ لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆی دەستەبەری دڵنیایی ئازادی هەموو مرۆڤەکان.

بەڵام ئەو کەسانەی دەیانەوێت کە سۆشیال دیموکراتی بچەسپێنن دەڵێن ئەوە ڕاست نیە. هەرکەسێک ئاسەوارەکانی بازاڕی ئازاد ببینێت ڕاستەوخۆ ئەوە دەبینێت کە ئەو سیستەمە دۆڕاو و براوە لەخۆدەگرێت.

دەوڵەمەندەکان زیاتر دەوڵەمەند دەبن و هەژارەکانیش هەژارتر دەبن، دۆڕاوی گەورەش هەموو کات بریتیە لەو کەسانەی کە لەهەمان کاتدا ئازادیەکانیشی لەدەستدەدات.

لەلایەکی ترەوە لیبڕاڵە نوێکان داوای ئازادی زیاتر دەکەن. و دەڵێن کە نابێت دەوڵەت دەستوەربداتە ژیانی خەڵکیەوە یان بازاڕەوە. و لەلایەکی تریشەوە دژایەتی توندی قۆرخکاریش دەکەن.نابێت تەنها کۆمپانیایەک دەستبگرێت بەسەر تەواوی بوارەکاندا.لەبەرئەوەی قۆرخکاری کاریگەری بازاڕ تێکدەدات.

ئایا لیبڕاڵیزمی نوێ وەک ڕەوتێکی فکری سەرکەوتووە؟

بەڵێ ،لە دەیەی هەشتاکانەوە سەرکەوتنی پارتە لیبڕاڵە نوێکان لەهەندێک وڵاتدا دووبارە بۆتەوە.و ئەو پارتانەش سەرکەوتووبوون لە چەسپاندنی بەرنامەی لیبڕاڵە نوێکاندا، و گێڕانەوەی دووبارە پێکهێنانەوەی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی کە سۆشیال دیموکراتەکان و پارێزگارەکان دروستیان کرد.

کێن ئەوانەی لایەنگری بیرۆکەکانی لیبڕاڵە نوێکان دەکەن؟

زۆرێک لە پشتگیری بۆ لیبڕاڵە نوێکان لەو کەسانەوە دێت کە سەروەت و سامانی زۆریان هەیە و سەرمایەدارن.ئەو کەسانە بە کردارەکی ژیانێکی ئەمین و پارێزراویان هەیە و پێویستیان بە دەوڵەت نیە.

**لیبڕاڵە نوێکان دەستەبژێرن لە دوو لاوە:**

ئەو بنیاتنراوە لەسەر بیرۆکەی دەوڵەمەندەکان و نوێنەرایەتی بەرژەوەندی ئەوانیش دەکات.

دەستەبژێری:

- خاوەندارێتی بۆ دەستەبژێریکە.
- کۆمەڵێکی بچووک لەهەڵبژێردراوەکانن یان هەرەدەوڵەمەندەکان یان زۆرترین ئاستی خوێندنیان هەیە یان کەسانێکن کە پۆستی باڵایان هەیە.

**٦-٢ ڕەوتی (( فیکری)) پارێزگاری**

کارێکی سەختە بە ئاسانی ڕەوتی فکری پارێزگاری کورتبکرێتەوە، بەزۆری ئامانجی پارێزگارەکان بریتیە لە پارێزگاریکردن لە دۆخی ئێستا،یان گەڕانەوەی شتگەلێکی دیاریکراو لە ڕابردوو.

لەبەرئەوەی کۆمەڵگاکان بەدرێژایی مێژوو بە خێرایی گۆڕان ، بەو پێیەش ئامانجەکانیش گۆڕان کەپارێزگارەکان بەتەواوەتی پێوەی پابەندبوون:

* لە سەردەمی شۆڕشی فەڕەنسیدا،پارێزگارەکان ویستیان کە پارێزگاری لە بەرژەوەندی خانەدانەکان بکەن.

* لەکاتی دەرکەوتنی دەوڵەتی ئەڵمانیدا((نزیکەی ١٨٧٠))، پارێزگارەکان هەوڵی دەست بەسەراگرتنی زۆربەی شارە بچووکەکانیاندا.

* لە سەردەمی کۆماری ڤایماردا،زۆرێک لە پارێزگارەکان تێکۆشان دژی دیموکراتیەت، گەرەکیان بوو کە ڕایخی ئەڵمانی بگێڕننەوە.

* لە هەشتاکاندا،پارێزگارەکان زۆرێک لە بەهاکانی لیبراڵی نوێیان پەسەندکرد.

کارێکی سەخت دەبێت کە ئەوە بزانین لەسەر ئاڕاستەیەکی دیاریکراو. لێگەڕێن با جەختبکەینەوە لەسەر بەهاکان کە گرنگبوون بەلای پارێزگارەکانەوە لەم ساڵانەی دواییدا.

**پارێزگارەکان بەها بنەڕەتیەکان و کۆمەڵگا بەم شێوەیە دەبینن:**

پێویستە خەڵکی بەپێی توانا بۆخۆیان ژیانی خۆیان ڕێکبخەن یان بە یارمەتی خێزانەکانیان.

بۆ نموونە،لەکاتێکدا ئەوە سەرکەوتوو نەبوو،پەنادەبرێتە بەر ئاستێکی بەرزتر،وەک شارەوانی یان ناوچە یان هەرێم یان حکومەتی فیدراڵی.

**بە نموونە منداڵان:**

پارێزگارەکان دەڵێن دەبێت باوکان منداڵەکانیان نەنێرن بۆ باخچەی ساوایان لە تەمەنێکی زۆر کەمەوە.پێیان باشترە کە پارە بدرێت بە باوک و دایکان و بەتایبەتیش دایکان لەبەرامبەر ئەوەی کە کار نەکات و لە ماڵەوە بمێنێتەوە بۆ

چاودێریکردنی منداڵەکانیان تەنانەت گەر ئەوەش ببێتە هۆکاری بێبەشبوونی منداڵەکان لە دەسکەوتنی هەلی فێربوونی باش.

**بە نموونە چاودێری:**

بەپێی بۆچوونی پارێزگارەکان،کاتێک مرۆڤ پێویستی بە چاودێریە، پێویستە لەسەر خێزان و کەسە نزیکەکانی گرنگی پێبدەن ئەگەر بۆیان کرا.

وڵاتانی ئەسکەندەناڤی زۆرێک لەدامودەزگای خزمەتگوزاری چاودێری گشتیان دامەزراندوە،بەڵام پارێزگارەکان وایدەبینن کە ئەو دامودەزگایانە گرنگ نین، لەبەرئەوە بیروباوەڕە بنەڕەتیەکانیان بریتیە لەوەی کە پایەکانی کۆمەڵگا بریتیە لە خێزان و هاوسەرگیریکردن.و سیاسەتی خێزانیش لای پارێزگاران جەختدەکاتەوە لەسەر پیاو و ژن و ژن ومێرد کە منداڵیان هەیە.زۆرێک لە پارێزگارەکان کێشە و گرفتی زۆر دەبینن لە هاوڕەگەزبازیدا.

**پارێزگارەکان ئەرکەکانی دەوڵەت بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەبینن:**

بنچینەی وشەی پارێزگار دەگەڕێتەوە بۆ زمانی لاتینی، کە بەمانای پارێزگاری لە شتێک دێت.جا گرنگترین ئەرکی دەوڵەتیش لای پارێزگارەکان بریتیە لە ئەرکی پارێزگاریکردن ،بەمانای وازهێنان لە شتەکان وەکو ئەوەی هەن.بە زۆری پارێزگارەکان ڕازین لەو دۆخەی ئێستا و گۆڕانکاری یان باشترکردنی زۆریان ناوێت .

خاڵە ناکۆکان لای پارێزگارەکان چین؟

پارێزگارەکان جەختدەکەنەوە لە پارێزگاریکردن لە ئامانجەکانی ڕابردوو. لەبەرئەوەی کۆمەڵگە بە خێرایی دەگۆڕێت هەربۆیە ئامانجەکانی پارێزگارەکانیش بەبەردەوامی دەگۆڕێن.

ئایا پارێزگاری وەکو ڕەوتێکی فیکری سەرکەوتوو بووە؟

بەدڵنیایی ، نەک تەنها لە ئەڵمانیا بەڵکو لە زۆرێک لە وڵاتانی تریشدا بەشێوەیەک پارتە پارێزگارەکان(( کۆنزەرڤاتیڤەکان)) ئەنجامی باش و زۆر باش بەدەستدێنن لە هەڵبژاردنەکاندا.پارتە پارێزگارەکان لە ساڵی ١٩٤٩وە بەشداریان کردووە لە

حکومەتە فیدڕاڵیەکاندا تا ئەمڕۆ و تەنها ماوەی ٢٠ ساڵ نەبێت.

کێن ئەو کەسانەی کە پشتگیری لە ئاڕاستەی ڕەوتی پارێزگاری دەکەن؟

ئاسایی ئەو کەسانەی پشتگیری لە بیرۆکەکانی پارێزگاران دەکەن بریتین لە کەسە دەوڵەمەند و ڕۆشنبیر و خاوەن پایە باڵاکان لە کۆمەڵگادا. یان ڕەنگە ئەو کەسانەش بگرێتەوە کە بڕوایان بە هەموو شتێکی باشتر هەیە لە ڕابردوودا و گەرەکیانە کە سەردەم و قۆناغەکان بگەڕێنەوە بۆ کاتی جاران.

### ٦-٣ ڕەوتی سۆشیال دیموکراتی

سۆشیال دیموکراتی ئامانجی دروستکردنی کۆمەڵگایەکی هاوکاری و ئازاد و دادپەروەرە. و دەتوانرێت ئەو ئامانجەش وەدیبێت کاتێک دەوڵەت توانی کە دەستوەربداتە ئابووری و بازاڕی ئازادەوە. بەشێوەیەک کە یاسا و ڕێسا دادەنێت بۆ ڕێکخستنی بازاڕ.

و بازاڕ بەتەنها بەجێناهێڵێت بۆ خۆی. و بەپێی سۆشیال دیموکراتی مافەکانی پاراستن و مافەکانی چاودێریی یەکتری تەواودەکەن و تەواوکەری یەکترن.جا بەبێ مافەکانی چاودێری ئەوا مافەکانی پاراستنیش ڕووبەڕووی مەترسیەکی هەمیشەیی دەبێتەوە.

سۆشیال دیموکراتی دەیەوێت کە خەڵکی لە تەواوی کۆمەڵگادا هەست بە پەیوەندی و هاوکاری یەکتری بکەن لەگەڵ یەکتردا.بۆیە دەکرێت خەڵکی پشتی یەکتربگرن و ببنە پشتیوانی یەکتر کاتێک مرۆڤ ڕێزی ئازادی ئەوی تری گرت و مامەڵەشی لەگەڵدا کرد بە یەکسانی.

**سۆشیال دیموکراتەکان ئەرکەکانی دەوڵەت لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا دەبینن:**

* پێویستە دەوڵەت زۆرێک لە مافەکانی پاراستن و مافەکانی چاودێری بپارێزێت لە یاساکاندا. و ئەو مافانەش دەستەبەری ئەوە بکەن کە خەڵکی هەلی یەکسان و ژیانێکی ئازادانەیان دەستبکەوێت .

* هەندێک جار مافەکانی چاودێری گرنگترن لە مافەکانی پاراستن.ئەوەش پەسەندە.جا تاکەکانی کۆمەڵگاش بڕیاردەدەن دەربارەی ئەو مافانەی کە لە یاسا و ڕێساکاندا پێکەوە دادەنرێن.

* کاتێک خەڵکی هەلی کەمتریان بەردەکەوێت.پێویستە لەسەر دەوڵەت کە چاودێریان بکات و بشیانپارێزێت.

* سۆشیال دیموکراتی گەرەکێتی کە دەوڵەت بەشداری بکات بەشێوەیەکی چالاکانە لە دابەشکردنی خێروبێرەکاندا. کە خزمەت بە بەرژەوەندی تاکەکان و کۆمەڵگا بکات بەگشتی.و ئامانجیش بریتیە لە وەدیهێنانی دادپەروەری و یەکسانی بۆ هەمووان.

خاڵە ناکۆکەکان لەلای سۆشیال دیموکراتەکان چین؟

ئەو کەسانەی کە چاوەڕوانیان لە سۆشیال دیموکراتی زیاترە خوازیارن کە گفتوگۆ بکەن دەربارەی نموونەیبوونی خۆیان.و هەندێک جاریش گفتوگۆکان گەرموگوڕ دەبن.بەڵام ئەوەی پێکەوەیان گرێدەدات ئەوەیە کە پێیان وایە کە خەڵکی پێکەوە دەتوانن ئایندەیەکی باشتر دابینبکەن. و ئەوان دەگەڕێن بۆ وەڵامدانەوەی کێشەکانی سەردەم. ڕەوتە فکریەکەیان بە بەردەوامی گەشەپێدەدەن.

**ویلی برانت دەڵێت:**

هیچ شتێک لەخۆوە نایەت،و بەکەمیش بەردەوام دەبێت.لەبەرئەوە هێزی خۆتت لەبیر بێت،و بیرت بێت کە هەموو سەردەمێک وەڵامی خۆی هەیە،و پێویستە لەسەر مرۆڤ لە ئاستی پێشبینیەکانی سەردەمەکەی خۆیدا بێت ئەگەر مەبەست ئەنجامدانی کاری باشە بێت.

# بەشی حەوتەم

# سۆشیال دیموکراتی لە وڵاتانی تردا

لەم بەشەدا باس لە سۆشیال دیموکراتی دەکەین لە وڵاتانی جیاوازدا.چۆن مافە بنەڕەتیەکان دەچەسپێنرێت لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و یابان و سوید؟ گرنگترین جیاوازیەکان چین لەگەڵ ئەڵمانیادا؟ و دەتوانین چی فێربین لەوەوە؟

| | |
|---|---|
| ئاستی سێیەم | هۆکارەکان |
| ئاستی دووەم | مافە بنەڕەتیەکان |
| ئاستی یەکەم | بەها بنەڕەتیەکان |

وڵاتانی جیاواز هۆکاری جیاواز هەڵدەبژێرن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. ئەمەش ئاستی سێهەمە.

بەنزیکەیی زۆربەی مرۆڤەکان هاوبەشن لە بەها بنەڕەتیەکانی سۆشیال دیموکراتیدا،بەڵام ناو و هەڵسەنگاندنەکانیان جیاوازە.

نزیکەی زۆربەی وڵاتانی جیهان واژۆیان لەسەر ڕێکەوتننامەی مافە بنەڕەتیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کردوە. بەڵام پابەندبوون پێیانەوە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت.

هەندێک وڵات پابەند نابێت بە هەڵسوکەوتەکانیەوە.جگە لە توانای دەستێوەردانی دەوڵەت لە کۆمەڵگادا پشتدەبەستێتە سەر ئاڕاستەی سیاسی حکومەت.جا وڵاتانی جیاواز هۆکاری جیاواز هەڵدەبژێرن بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی.

### ١-٧ توێژینەوەیەکی نێودەوڵەتی

زانا تۆماس مایەر و تیمەکەی لێکۆڵینەوەیەکیان دەربارەی سۆشیال دیموکراتی لە وڵاتانی جیاوازدا ئەنجامدا و پرسیاری توێژینەوەکەش بریتی بوو لە:

تا چ ڕادەیەک دەوڵەت دەستوەردان دەکاتە ناو کۆمەڵگاوە لەپێناو باشکردنی ژیانی خەڵکی؟

ئەی ئەو هۆکارانە چین کە دەوڵەت بەکاریان دێنێت لە پێناو وەدیهێنانی ئەوەدا؟

لەم بەشەدا کورتەیەکی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەی مایەر دەخەینە ڕوو. سیسەتەمی کۆمەڵایەتی بۆ  پێنج وڵاتی جیاواز بەراوورد دەکەین، و سێ پرس ڕاڤەدەکەین و دەرئەنجامەکانیش دەخەینە ڕوو:

**سیاسەتی کۆمەڵایەتی**

چۆن سیاسەتی کۆمەڵایەتی کار دەکات؟

چ پارتێک کاریگەری هەبووە لەسەر شێوە و ڕێگای سیاسەتی کۆمەڵایەتی؟

**سیاسەتی کۆمەڵایەتی**

ئەو هۆکارە بەردەستانە چین لە کۆمەڵگایەکدا بۆئەوەی وابکات کە مەترسیەکانی ژیان وەکو نەخۆشی و لەدەستدانی کار بەئاسانی بەرگەی بگیرێت لای دانیشتوان؟ چۆن بتوانرێت دڵنیابین لە تواناى بەشداربوونی سیاسی هەموو دانیشتوان لە کۆمەڵگایەکدا؟

دەوڵەت چی پێشکەش دەکات؟

دەوڵەت چی دەکات بۆ ڕووبەڕووبونەوەی نایەکسانی؟ ئەی ئەوە چۆن کاریگەری دەکاتە سەر جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان؟

**مووچەی خانەنشینی و تەندروستی و خوێندن**

ئەو جیاوازیانە چین لەو وڵاتانەدا تایبەت بە مووچەی خانەنشینی و تەندروستی و فێربوونەوە؟

**دەرئەنجامەکان**

حاڵی خەڵکی چۆنە لەو وڵاتەدا؟چەند لە خەڵکی کارێکیان هەیە و کرێ وەردەگرن؟ئایا جیاوازیەکانی داهات زۆرن یان کەمن؟

لە پێشدا ئێمە چیمان دەزانی؟

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: وڵاتێکە سۆشیال دیموکراتی تیادا نیە.ماوەیەکی دوورودرێژە لیبراڵیەتی نوێ دەسەڵاتی تیادا هەیە لە فکر و سیاسەتیدا.

شانشینی یەکگرتووو: تیایدا جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان زۆر زەقن لەنێوان هەژاران و دەوڵەمەندەکاندا و ڕێژەی سۆشیال دیموکراتی تیایدا تاڕادەیەک کەمە.

ئەڵمانیا: لەناوەڕاستدایە.لە ئەڵمانیادا ڕەگەزەکانی سۆشیال دیموکراتی هەیە و هەروەها لیبرالیەتی نوێشی تیادایە.

یابان: ناکەوێتە جیهانی ڕۆژئاواوە،بەڵام دەتوانرێت بشوبهێنرێت بە ئەڵمانیا لە جێبەجێکردنیدا بۆ سۆشیال دیموکراتی.

سوید: باشترین نموونەی سۆشیال دیموکراتیە.بەشێوەیەک زۆرێک لە مافە بنەڕەتیەکان دەچەسپێنرێت و دەوڵەتیش بە چالاکانە تیایدا بەشدارە.

**٧-٢ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**

**سیاسەتی کۆمەڵایەتی**

ئەمریکا لەوکاتەوەی دامەزراوە پەیڕەوی سیاسەتی لیبرالیەتی نوێ دەکات. بەو شێوەیەش دەوڵەت دوورە لە ژیانی خەڵکیەوە.ئازادی تاک بریتیە لە گرنگترین بنەماکان.

کاتێک هاوڵاتیەک پشتیوانی یان هاوکاریەکی دەوڵەتی پێدەگات ئەوا دابەشکردن لەسەر بنەمای توانا دەبێت و گرنگترە لە دابەشکردن لەسەر پێویستی.جا ئامانجی سیاسەتی کۆمەڵایەتی ئەمریکا بریتی نیە لە بەشداریکردنی هەمووان،بەڵکو ڕێگرتنە لە ڕوودانی هەژاریەکی توند.

**دابەشکردن بەپێی تواناو کارکردن**

هەرکەسێک توانا و کارکردنی باش بێت ئەوا زیاتری دەستدەکەوێت.

**دابەشکردن بەپێی پێویستی**

هەرکەسێک لە دۆخێکی دیاریکراودا بێت ئەوا هاوکاری و یارمەتی دەستدەکەوێت کە پێویستی پێیەتی.

دەوڵەت چی پێشکەش دەکات دەکات؟

زۆر بەکەمی دەوڵەت هەڵدەستێت بە کرداری دووبارە دابەشکردنەوە، لەبەرئەوە تاکو ئێستا جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان لەنێوان خەڵکیدا فراوانە.هەندێک کۆمپانیای تایبەتی هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی بەشێک لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی

وەک دەستەبەری تەندروستی،بەڵام ئامانجی کۆمپانیاکان هەر مەبەست قازانجە.

**جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان**

- جیاوازیەکان لە جۆری ژیانی خەڵکیدا:

ئایا داهاتەکانیان بەرزە یان نزمە؟

ئایا ئاستی فێربوونیان بەرزە یان نزمە؟

ئایا لە گەڕەکێکی دەوڵەمەندا دەژین یان هەژاردا؟

ئایا دۆخێکی تەندروستی باشیان هەیە یان نا؟

ئایا خێزان یەکگرتووە یان لێکهەڵوەشاوە؟

مووچەی خانەنشینی و تەندروستی و خوێندن

لە ئەمریکا بەشێکی کەم لە بەرنامەی پاراستنی کۆمەڵایەتی هەیە، تەنها سیستەمێکی نیشتیمانیش هەیە بۆ مووچەی خانەنشینی و بیمەی بێکاری.هەروەها هەژارترین هەژاریش تەنها هەندێک یارمەتی کۆمەڵایەتی دەستدەکەوێت،بەڵام پارەیان نادرێتێ.بەڵکو کۆبۆنی خواردنیان پێدەدرێت.

لەساڵی ٢٠١٤دا هەندێک ڕیفۆرم ئەنجامدرا لە سیاسەتی کۆمەڵایەتی ئەمریکادا کاتێک سەرۆک باراک ئۆباما بەرنامەی چاودێریی پزیشکی خستە ناو ئەو سیاسەتەوە،کە بریتیە لە بیمەی تەندروستی بۆ هەمووان.

**دەرئەنجامەکان**

٦٧٪ لە ئەمریکیەکان لە نێوان تەمەنی ١٥-٦٤ ساڵیدا کاری بەکرێیان هەیە. بەڵام جیاوازی نێوان مووچەی خەڵکی زۆر فراوانە.

زۆرێک لە خەڵکی لە ئەمریکا زۆر کەمتریان لە کرێی مامناوەند دەستدەکەوێت.
ئەو کەسانە هەژارەکانن سەرەڕای دەوڵەمەندی ئەمریکا.

٨٢٪ لە خەڵک ڕازین لەو هەلانەی کە دەستیان کەوتووە.

## ٣-٧ بەریتانیای مەزن

### سیاسەتی کۆمەڵایەتی

بەریتانیای مەزن شانشینە بەڵام دیموکراسیانە کاردەکات.بەڵام سیاسەتی کۆمەڵایەتی بەریتانیی زۆرتر لیبراڵیە.لە هەردوو سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمەوە سیاسیەکان ڕێکەوتوون کە دەوڵەت دەستوەرنەدات،لەگەڵ ئەوەی لەو ماوە دووردرێژەدا کڵێسا و هەندێک لە بەخشەرەکان گرنگیان داوە بە پشتیوانی کۆمەڵایەتی بۆ هەژاران.

لەسەدەی بیستدا پارێزگارەکان،بەهاوبەشی لەگەڵ سۆشیالیستەکان، بڕیاری سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی کەمیاندا کە بەو پێیە دەوڵەت هەڵدەستێت بە هەڵگرتنی لێپرسراوێتی گرنگترین مەترسیەکانی ژیان لە نەخۆشی و بێکاری.لەوکاتەوە و تائێستاش پشتیوانیە کۆمەڵایەتیەکان، زۆر کەمن بەشێوەیەک خەڵکی پشتیوانی زۆر ناکرێن.

کۆمپانیا تایبەتەکان دەستیانگرتووە بەسەر هەندێک خومەتگوزاریدا،لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا سیاسەتی کۆمەڵایەتی لە بەریتانیا کەمێک باشتر بوو,بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا زۆرێک لەبەرنامەکان ڕەتکرانەوە لەسەر دەستی حکومەتە پارێزگارەکە.

دەوڵەت چی پێشکەش دەکات؟

سیاسەتی کۆمەڵایەتی لە بەریتانیادا ڕوون نیە،لەزۆرێک لە بوارەکاندا دابەشکردن لەسەر کار و ئەرکە.و لەبوارەکانی تردا لەسەر پێداویستیە. دەوڵەت زۆر بەووردی بەدواداچوون دەکات کە ئایا ئەو کەسە بە کردارەکی پێویستی بەو یارمەتیە هەیە یان نا،زۆرێک لە بەریتانیەکان ئەو کاری لێکۆڵینەوەیە زۆر بە سوکایەتی و شەرمەزاریی دادەنێن.بەڵام جیاوازییە کۆمەڵایەتیەکان لەنێوان خەڵکیدا لە بەریتانیادا زۆر گەورەیە و لەگەڵ کاتیشدا زیاتر دەبێت.

مووچەی خانەنشینی و تەندروستی و خوێندن

بەرنامەی نیشتیمانی هەیە بۆ خانەنشینی و تەندروستی.سیستەمی خانەنشینی

ئاسانە،بەشێوەیەک بەشداران بڕێک پارە دەدەن کە بەپێی داهاتەکانیان جیاوازە. بەڵام مووچەی خانەنشینی بنەڕەتی زۆر نزمە.

جا هەرکەسێک بتوانێت بڕە پارەی زیاتر بدات لە ڕێگەی خانەنشینی تایبەتەوە دەتوانێت ئەو کارە بکات. بەڵام سیستەمی تەندروستی بۆ هەمووان بەردەستە. هەمووان باج دەدەن لەبەرئەوە هەمووان چاودێری تەندروستی بەخۆڕایی دەیانگرێتەوە.

بەڵام سیستەمی خوێندن نادادپەروەرە،چونکە قوتابخانەی حکومی و هەندێکی تریش کەرتی تایبەت هەن و لە حکومیەکان زۆر باشترن. قوتابخانە ئەهلیەکانی کەرتی تایبەت زۆر گرانن و پێویستیان بە پارەی زۆر هەیە و تەنها دەستەبژێرێکی کەم لە خەڵکی تیایاندا دەخوێنن.جا هەرکەسێک چانسی سەرکەوتنی هەبێت لە خوێندندا ئەوا پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزی دەبێت.

دەرئەنجامەکان

- ٧١٪ لە بەریتانیەکان لەنێوان تەمەنی ١٥-٦٤ ساڵیدا کارێکیان هەیە کە کرێی لەسەر وەردەگرن.
- جیاوازییەکانی داهات لە بەریتانیادا گەورەیە.چونکە زۆرێک لە خەڵکی کەمتر لە نیوەی داهاتیان دەستدەکەوێت.ئەو کەسانە هەژارن، سەرەڕای دەوڵەمەندی دەوڵەت.
- ٨٨٪ لە خەڵکی ڕازین لەو هەلانەی لەبەردەستیاندایە.

## ٤-٧ ئەڵمانیا

### سیاسەتی کۆمەڵایەتی

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لە ئەڵمانیادا لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا دامەزراوە ،واتە لە سەردەمی ڕایخی ئەڵمانیدا.پارێزگارەکان لەو ڕێگەیەوە ویستیان کە پەرەسەندنی بزوتنەوەی کرێکاران پشتگوێ بخەن.دووای جەنگی جیهانی دووەم پارێزگارەکان CDU و سۆشیال دیموکراتەکان SPD پێکەوە

هەستان بەکاری بونیاتنانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.

دەوڵەت چی پێشکەش دەکات؟

لە ڕابردوودا دەوڵەتی خۆشگوزەران سووربوو لەسەر ئەوەی کە جیاوازیەکان لە نێوان ژیانی هەژاران و دەوڵەمەندەکاندا زۆر گەورە نەبێت.بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا جارێکی تر لە ئەڵمانیادا جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان زۆر بوون.

**خانەنشینی و تەندروستی و خوێندن**

بیمەی کۆمەڵایەتی جیاواز هەیە بۆ خاوەن پیشە جیاوازەکان،و پێویستە لەسەر خاوەن پیشەکان کە خۆیان تۆمار بکەن لە دڵنیایی دەوڵەتدا.بۆ فەرمانبەرانی مەدەنیش هەیە لای دەوڵەت و خاوەن کارە ئازادەکانیش کە دڵنیایی تایبەت هەڵبژێرن.

و هەرکەسیش بڕە پارەیەک بدات بۆ ماوەی دووردرێژ ئەوا خزمەتگوزاریی زیاتری پێشکەشدەکرێت،سیستەمی ئەڵمانی باشە بۆ ئەو کەسانەی کە کارێکی دوور مەودایان هەیە.

لە ئێستادا سیستەمی دڵنیایی یاسایی ئەڵمانی باشە،ودەکرێت باشتریش بکرێت.لەم کاتەدا فەرمانبەرانی حکومی و خاوەن کارە تایبەتەکانیش دەتوانن ببنە خاوەن دڵنیایی تایبەت.و دواتریش،ئەم سیستەمە بەشێوەیەکی کەم دادپەروەریی تیادا نیە لەبەرئەوەی ئەو کەسەی کە دڵنیایی تایبەتی هەیە ئەوا بەشێوەیەکی خێرا و باشتر چارەسەری دەستدەکەوێت بە بەراوورد لەگەڵ کەسانی تردا.

**خوێندن**

خوێندن لە ئەڵمانیادا دەچێتە ژێر دەسەڵاتی هەرێمەکانەوە.لەبەرئەوە باشی و کوالێتی خوێندن لە قوتابخانە و زانکۆکاندا لە جێگەیەک بۆ جێگەیەکی تر دەگۆڕێت.ئەمەش مانای وایە کە لە زۆرێک لە هەرێمە فیدڕاڵیەکاندا ئاستی خوێندکاران باشترن لە ئاستی مامناوەند.بەڵام لە جێگەی تردا خراپن. سەرکەوتن لە قوتابخانەدا لە ئەڵمانیا بە زۆری پشتدەبەستێتە سەر پاشخانی

کۆمەڵایەتی،بەڵام هەل بۆ منداڵانی هاتوو لە خێزانە بێبەشکراوەکانەوە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە زۆر خراپە.

**دەرئەنجامەکان**

- ٧٣٪ لە ئەڵمانەکان لە تەمەنی ١٥-٦٤ ساڵیدا کاری بەکرێیان هەیە.
- جیاوازیەکان لە داهات لە ئەڵمانیادا زۆر گەورە نیە وەک لەوەی لە ئەمریکا و بەریتانیادا هەیە.
- ژمارەی هەژارانیش کەمترە بە بەراوورد بە وڵاتانی تر،بەڵام زیاترە لە ژمارەی هەژارانی سوید.
- ٩٠٪ لە خەڵکی ڕازین لەو هەلانەی کە لە بەردەستدان.

## ٧-٥ یابان

### سیاسەتی کۆمەڵایەتی

یابان ئیمپراتۆریەتە بەڵام وەک دیموکراتی کار دەکات.پارتی پارێزگاران دەسەڵاتی سیاسی گرتۆتە دەست بۆ ماوەی دەیان ساڵە. یابان یاسایەکی بنەڕەتی((دەستوور))ێکی نوێی هەیە کە زۆرێک لە مافە بنەڕەتیەکانی بۆ دانیشتوان لە خۆگرتووە. وەک مافی کارکردن و مافی تەندروستی و مافی کەلتوری و ڕۆشنبیری.دۆزینەوەی هەلی کار گرنگترین ئامانجە سیاسیەکانی یابان پێکدێنێت.

دەوڵەت پێکەوە کاردەکات لەگەڵ ئابووری و بانکەکاندا بۆ سنووردانان بۆ مەترسیەکانی ژیان کە ڕەنگە ڕووبەڕووی یابانیەکان ببێتەوە. زۆرێک لە یابانیەکان کاری بەردەوامیان هەیە.

دەوڵەت چی پێشکەش دەکات؟

خەڵکی یابان زۆرێک لە خزمەتگوزاریەکانیان دەستدەکەوێت نەک لە دەوڵەتەوە بەڵکو لە کۆمپانیاکانەوە.مرۆڤ پێویستی بە کارێکی جێگیر هەیە.ئەگینا زۆرێک لەخزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکانی دەستناکەوێت. بەڵام نایەکسانی لە کۆمەڵگای یابانیدا زۆر گەورە نیە.بەڵام بەزۆری هەلی پیاوان زیاترە وەک لە هەلی ژنان،بەڵام

به هیچ جۆرێک هەلی کار بۆ ئەو کەسانە نیە کە ڕەگەزنامەی یابانیان نیە.

خانەنشینی و تەندروستی و خوێندن

یابانیەکان مووچەیەکی خانەنشینی بنەڕەتی کەم وەردەگرن لە دەوڵەت،بەڵام زۆربەیان مووچەیەکی خانەنشینی باش وەردەگرن لەخاوەن کارەکانەوە. بەشداربوونی خانەنشینی لەم ساڵانەی دواییدا بەرزبۆتەوە،لەبەرئەوەی بەتەمەنەکان ژمارەیان لە هەڵکشانی بەردەوامدایە. دەوڵەت هەڵدەستێت بە پشتگیری دارایی بۆ سیستەمی تەندروستی،کە چاودێری تەندروستیش دەگرێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە دڵنیاییان کردوە لە ڕێگەی کارەکانیانەوە،و ئەوانەشی کە دڵنیاییشیان نەکردوە.بەشداری تاک لە دڵنیاییدا دەگاتە ٣٠٪.بەڵام سیستەمی خوێندنی یابانی دادپەروەرە بەبەراوورد لەگەڵ ئەوانی تردا.بەنزیکەیی هەموو خوێندکاران بە زۆر ٩٨٪ پەیوەندی دەکەن لەدووای خوێندنی بە ڕاهێنانی پیشەییەوە.

**دەرئەنجامەکان**

- ٧٢٪ لە یابانیەکان لە تەمەنی ١٥-٦٤ ساڵیدا کاری بەکرێیان هەیە.

- بەڵام جیاوازیەکانی داهات لە یابان بەرزترە وەک لە ئەڵمانیا.و کەمترە لەوەی بەریتانیا و ئەمریکا.هەژاری زۆر هەیە لە یاباندا سەرەڕای دەوڵەمەندی دەوڵەت.

- ٧٠٪ لە یابانیەکان ڕازین لەو هەلانەی کە لەبەردەستیاندایە.

**٧-٦ سوید**

**سیاسەتی کۆمەڵایەتی**

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی  بە ماوەیەکی دوورودرێژ لە سوید دامەزراوە و فراوان بووە لەسەر دەستی پارتی سۆشیال دیموکراتی.بووە خاڵی وەرچەرخان و دەستپێک بۆ سۆشیال دیموکراتی لەوەی کە دەبێت هەموو خەڵکی بتوانن بەشداربن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.سوید بۆ ماوەی چەندین ساڵ نموونەیەکی

بێوێنە بوو بۆ سیاسەتی کۆمەڵایەتی.بەشێوەیەک دەوڵەت ئیدارەی سیستەمەکەی دەکرد و پشتگیری هاوڵاتیانیشی دەکرد لەهەموو بوارەکانی ژیاندا.

بەڵام بەهۆی قەیرانی ئابوری وئاسەوارەکانیەوە، سیاسەتی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتەکان لای زۆرێک لە دەنگدەران ئەو هێزی کێشکردن و سەرنجڕاکێشانەی پێشتری نەما. بەشێوەیەک چینی ناوەڕاست دەنگیان نەدا بۆیان.هەربۆیە پارێزگارەکان لەساڵی ٢٠٠٦دا توانیان حکومەتی یەکەمینیان پێکبێنن بۆ یەکەم جار لە مێژووی سویدا.هەر لەوکاتەوە ئیدی دەستهەڵگیرا لە هەندێک لایەنی بەهێزی دەوڵەتی ڕەفا/خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.

سۆشیال دیموکراتەکان لەو کاتەدا به هاوکاری لەگەڵ پارتی سەوز و پارتی چەپدا حکومەتیان پێکەوەنایەوە بۆ جاری دووەم.

دەوڵەت چی پێشکەش دەکات؟

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سویدی لەسەر دوو بنەما کاردەکات کە بریتین لە:دابینکردنی خەرجی بنەڕەتی،ودڵنیایی یان دەستەبەری ئاستی ژیان.

بۆ نموونە لە مووچەی خانەنشینیدا،هەموو سویدیەکان وەکویەک بیمەیەکی خانەنشینی وەردەگرن،لەسەروو ئەوەشەوە خانەنشینیەکی تر هەیە کە بڕەکەی دەگونجێت لەگەڵ داهاتدا.

پارەی خانەنشینی و چاودێری تەندروستی و خوێندن لە سوید لە داهاتی باجەکان دەدرێت.دەوڵەت هەڵدەستێت بەکاری دووبارە دابەشکردنەوە لەبەرئەوەی خاوەن داهاتە بەرزەکان باجی زیاتر دەدەن زۆر زیاتر لە خاوەن داهاتە نزمەکان.

خانەنشینی و تەندروستی و خوێندن

**مووچەی خانەنشینی و تەندروستی و خوێندن:**

خانەنشینی یەکگرتووە بۆ هەمووان لە سوید.بەشێوەیەک لە تەمەنی ٦١-٦٧ ساڵیەوە دەستپێدەکات و بۆ هەر هاوڵاتیەک هەیە کە مووچەیەکی خانەنشینی زیادە وەربگرێت بە پێدانی تایبەتی خۆی. هەروەها پشتگیری دارایی سیستەمی تەندروستیش دەکرێت لە پارەی باجەکان.دەوڵەت هەڵدەستێت بە قەرەبووی هەموو

خەرجیەکانی چاودێری تەندروستی.نەخۆشەکان لەهەندێک شار ڕەسمێک((بڕە پارەیەک))دەدەن کە پێی دەوترێت(بەشداری نەخۆش).

بەڵام خوێندن بەخۆڕاییە،هەر لە قۆناغی پێش قوتابخانەوە تا زانکۆ،هەموو قوتابیەکان دەچنە قوتابخانەیەکی گشتیەوە لە تەمەنی ١٦ساڵیەوە.بۆئەوەی دواتر پەیوەندی بکەن بە قۆناغی ناوەندیەوە. خوێندنی زانکۆیی و خوێندنی گەوران بۆ هەمووان بەردەستە.

بیمەی بێکاری لەلایەن سەندیکاکانەوە ڕێکدەخرێت، کە بەشێوەیەکی ئاسایی زۆرێک لەئەندامان پەیوەندی پێوەدەکەن.حکومەتی پارێزگاران هەوڵیدا ئەوە بگۆڕێت بەڵام هیچ سوودی نەبوو.

**دەرئەنجامەکان**

- ٧٤٪ لە سویدیەکان لە تەمەنی ١٥-٦٤ ساڵیەوە کاری بەکرێیان هەیە.
- جیاوازیەکانی داهات بە کەمی دەمێنێتەوە لە نێوان خەڵکیدا.هەر لەبەرئەوە سوید بووە خاوەنی باشترین دەرئەنجام بە بەراوورد بە وڵاتانی تر.
- هەژاری لە سوید هەر زۆر کەمە.
- ٩٣٪ لە سویدییەکان ڕازین لەو هەڵانەی کە لە ژیانیاندا هەڵیانبژاردووە.

بەوەش سویدیەکان لێرەدا بونەتە خاوەنی باشترین دەرئەنجام.

# بەشی هەشتەم

# سۆشیال دیموکراتی لە ئایندەدا

لەم بەشەدا باس لە سۆشیال دیموکراتی دەکەین لە ئایندەدا. جیهان بە خێرایی دەگۆڕێت و هەر لە ئێستاوە تێبینی ئاڵنگارییە نوێکان دەکەین و پرسیاری نوێش دەپرسین.چۆن سۆشیال دیموکراتی وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە؟

| | |
|---|---|
| ئاستی سێیەم | هۆکارەکان |
| ئاستی دووەم | مافە بنەڕەتیەکان |
| ئاستی یەکەم | بەها بنەڕەتیەکان |

مرۆڤ دەتوانێت چارەسەری جیاواز بدۆزێتەوە بۆ کێشەکان و هەلەکانی ئایندە.ئایا هۆکارە گونجاوەکان کامانەن؟ئەوەش بریتیە لە ئاستی سێیەم.

## ٨-١ بیری نوێ

سۆشیال دیموکراتی هەرگیز کۆتایی پێنایەت،بەردەوامیش دەبێت و دەمێنێتەوە لە دڵی کۆمەڵگادا.کاتێکیش جیهان دەگۆڕێت سۆشیال دیموکراتیش پێشدەکەوێت بەپێی ئەو ڕەوتە فکریە و وەک ڕەوتێکی سیاسی.جا بۆ گەیشتن بە سۆشیال دیموکراتی پێویستە لەسەر مرۆڤ بەسەرداچوونەوەی سیاسەتەکانی بکاتەوە و بیگونجێنێت و دووبارە بیری لێبکاتەوە.

مرۆڤ چۆن ئەوە وەدیدێنێت؟

لەسەرەتادا مرۆڤ پێشکەوتنەکان دەبینیت لە کۆمەڵگادا.دواتر پرسیار لەخۆی دەکات: ئەو هەلانەی بەردەست چین بۆ خەڵکی؟ئەی مەترسیەکان چین؟جا لەسەر ئەوە هەمئاهەنگی دەکات لەنێوان بیر و هەڵسوکەوتەکانیدا.دیموکراتیەت نایەوێت ئێمە دەستەوستان دابنیشین لە ڕابردوودا.بەڵکو ئامادەیە ڕووبەڕووی هەموو ئاڵنگاریەک ببێتەوە.

## ٨-٢ جیهانگیری

گرنگترین ئاڵنگاری کە لە چەند دەیەیەکی ئایندەدا بەرەو ڕوومان دەبێتەوە بریتیە لە ئامادەکردنی کۆمەڵگاکانمان بۆ کاریگەریەکانی جیهانگیری.

## جیهانگیری

جیهان هەمووی پەیوەستن بەیەکتریەوە.لە ڕابـردوودا وڵاتـان پەیوەندی بازرگانیان تەنها بە وڵاتانی دەوروبەریانەوە هەبوو.بەڵام ئەمڕۆ پەیوەندیەکان لەسەر ئاستی جیهانن لە بواری بازرگانی و ڕۆشنبیری و ژینگە و پەیوەندیەکاندا. لەبەرئەوە کاریگەری هەیە لەسەر ئابوریە نیشتیمانی و نێودەوڵەتیەکان.

جیهانگیری هەروەک چۆن هەلی ڕەخساندوە ئاوهاش مەترسیەکانی خستۆتە ڕوو.جا دیموکراتیەتی سیاسی هەوڵدەدات بۆ پێشکەشکردنی وەڵامەکان بۆ ئەو ئاڵنگاریانە لە هەموو بوارەکاندا:

* بازرگانی و ئابووری
* بازاڕەکانی دارایی و بانکە نێودەوڵەتیەکان
* دۆخی کارکردنی دادپەروەرانە لە ماڵ و لە جیهاندا.
* سروشت و ژینگە
* ڕۆشنبیری و هاوکاری نێودەوڵەتی

**جیهانگیری لە بەرنامەی بنەڕەتی پارتی SPD لە ئەڵمانیا بۆ نموونە:**

سەدەی بیست و یەکەم بریتیە لە یەکەم سەدەی ڕاستەقینەی جیهانی.بۆ یەکەم جاریش لە مێژوودا خەڵکی تا ئەوپەڕی پشتدەبەستنە سەر یەکتری....ئەم سەدەیە یا دەبێتە سەدەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و ئابووری،کە دەرگا دەخاتە سەر پشت بۆ هەموو خەڵکی بۆ دەسکەوتنی زیاتری خۆشگوزەرانی و دادپەروەری و دیموکراتی.

یانیش دەبێتە سەدەیەک لە ململانێی توندی دابەشبوون و کردنەوەی دەرگای توندوتیژی کراوە لەسەر پشت.

ڕێچکەی ژیانی ئێستای کۆمەڵگا پیشەسازیەکانمان توانای ژینگەی زەوی ماندووکردوە لەسەر هەڵگرتنی قورسایی زیاتری قۆناغەکە.

ژیانی مرۆڤایەتی پڕ شکۆ،ئاشتی جیهانی،دانیشتوانی گۆی زەوی و ئەستێرەکەمان هەموویان ڕووبەڕووی مەترسی بونەتەوە.

بەدڵنیاییش ئینتەرنێت ڕۆڵی گەورە دەبینێت لە جیهانبووندا.

### ٣-٨ جیهانی ژمارەیی ((داتا))

بەها بنەڕەتیەکانی ئازادی و دادپەروەری و هاوکاری مانای چی دەگەیەنن کاتێک جوڵە دەکەین لەمیانەی ئەنتەرنێتدا؟جیهانی ژمارەیی(داتا) بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر پێشدەکەوێت،زۆربەی خەڵکی ئەمڕۆ دەتوانن دەستیان بگاتە ئەنتەرنێت.

بەڵام بۆ هەریەکێک هەڵسوکەوتێک هەیە،بەڵکو بۆ هەموو جوڵەیەک، لەسەر ئەنتەرنێت کاریگەری و ئاسەواری دیاریکراو هەیە،بەشێوەیەک هەموو پەنجەپیادانانێک زانیاری هەیە،ئەو زانیاریانە بەڕێوەدەبرێن و بەپلەی یەکەمیش بەکاردەهێنرێن لەلایەن کۆمپانیای تایبەتە گەورەکانەوە، هەروەک چۆن وڵاتانیش دەتوانن بیانگەنێ.

### ئازادی

لەئێستادا خەڵکێکی کەم نەبێت نازانن کێ زانیاریەکانیان تۆمار دەکەن و کێ دەتوانێت بیانگاتێ.لەگەڵ ئەوەی لە جیهانی ئازاددا پێویستە هەموو کەسێک مافی هەبێت لە دیاریکردنی هەڵسوکەوت و مامەڵە لە زانیاری و داتاکانیدا.

**پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێک کە زانیاری هەبێت دەربارەی:**

* زانیاریاریەکان دەربارەی خۆی.
* کێ ئەو زانیاریانەی لایە.
* چۆن ئەو زانیاریانە بەکاردێت.
* چۆن ئەو زانیاریانەش دەسڕێتەوە.

### دادپەروەری

* هەمووان دەتوانن دەستیان بگاتە ئەنتەرنێت،بەڵام- لە کاتێکی دوورەوە- بەهەمان باشی نا.

* خەڵکی ڕووبەڕووی خزمەتگوزاری ئەنتەرنێتی هێواش دەبنەوە،بۆ

نموونە لەڕێگەی مۆبایلی کۆنەوە،هەلی زۆر خراپ لە جیهانی ئەمڕۆماندا بەبەراوورد بەو کەسانەی کە ئامێری کۆمپیوتەری خێرایان هەیە و تۆڕی فراوانیشیان لەبەردەستدایە.

* هەرکەس بەکارهێنانی ئەنتەرنێت زیاتر بزانێت و چاودێری پێشکەوتنەکانیش بکات ئەوا هەلی باشتری هەیە.

لەبەرئەوە پێویستە هەمووان مافی وەدەستخستن و گەیشتنیان هەبێت بە تۆڕی ئەنتەرنێتی باش و دەستخستنی لێهاتوییە پێویستەکان بەپێی توانا.

**هاوکاری**

هاوکاری چی دەگەیەنێت لە جیهانی ژمارەییدا؟جوڵێنەری گەڕان و بینینی لاپەڕەکانی هەواڵەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان خزمەتی خەڵکی دەکەن بەپێی گرنگیپێدانەکانیان و خواستەکانیان. بەشێوەیەک تاک زۆر شت دەبینێت کە سەرسامی دەکەن و گرنگە بەلایەوە بەڵام تەنها کەمێک دەبینێت دەربارەی هەموو جیهان.

ئەمەش تێڕوانینمان دەگۆڕێت دەربارەی کۆمەڵگا.ڕەنگە بەهەمان شێوە ئامادەبونیشمان بگۆڕێت بۆ یارمەتیدانی یەکتری، بۆ ئەم مەسەلەیەش پێویستە لەسەر هەموانمان کە بیری لێبکەینەوە.

**٤-٨ بەردەوام بۆ پێشەوە**

تائێستا سۆشیال دیموکرات لە جوڵەیەکی بەردەوامدایە.لە بەشەکانی تر ولە زنجیرەی کورتکراوەی ڕۆشندا زیاتر فێردەبین دەربارەی ئاڵنگاریەکان کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگاکانمان دەبێتەوە لەگەڵ دیدو تێڕوانینەکانی سۆشیال دیموکراتیدا.

**هەر بۆ نموونە:**

ئابووری: چۆن دەتوانین هێندە بەرهەمبهێنین کە بەشی هەمووان بکات بەبێ گەیاندنی زیان بە کۆمەڵگا یان ژینگە؟

**دەوڵەتی ڕەفا،خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی:** چۆن دەتوانین پشتی یەکتری بگرین؟

کۆچکردن و تێکەڵاوبوون: چۆن یارمەتی هاتووە نوێکان بدەین بۆ هەر وڵاتێک؟

٢

# ئابووری کۆمەڵایەتی

# گەشەکردن و یەکسانی کۆمەڵایەتی و بەردەوامبوون

2

# پێشەکی

ئابووری کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر ژیانمان، لەڕێگەی سیاسەتێکی ئابووری باشەوە دەتوانین هەلی کاری سەلامەت دابینبکەین کە کاربکات لەسەر دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی بۆهەمووان. لەبەرئەو هۆکارە، (ئەکادیمیایی سۆشیال دیموکراتی) زانیاریەکان و خولەکان پێشکەش دەکات بۆ هەرکەسێک کار بکات لە بواری سیاسەتدا.

ئایا خواستت هەیە بۆ باشکردنی جیهان؟ ئایا بەشداریدەکەیت لەکاری خۆبەخشانەدا؟ئایا تۆ چالاکی لەبواری سیاسەتدا؟ ئەکادیمیا وەڵامی پرسیارەکان و پێشنیازەکانی تۆی لەلایە بۆ بیرکردنەوە لە ئایندە.

دەروازەیەکی نموونەیی

زنجیرەی (سۆشیال دیموکراتی – کورتکراوەی ڕۆشن) دەروازیەکی نموونەییە بۆ جیهانی بیرۆکەکانی سۆشیال دیموکراتی، بەشێوەیەک لە زنجیرە کتێبەکانی ((کورتکراوەی ڕۆشندا)) بابەتە سیاسیە گرنگەکان بە دەقی کورت و بەزمانێکی تێگەیشتوو پێشکەش دەکات.

لێرەدا دەقەکان سانان لە خوێندنەوەدا و نموونەی زۆر دەبینن لە ژیانی سیاسی ڕۆژانەدا.

ئابووری

دووەم کتێب لەم زنجیرەیەدا بابەتی ئابووری باس دەکات. سۆشیال دیموکرات هەوڵدەدات بۆ وەدیهێنانی ئابورییەکی سەرکەوتوو و کۆمەڵایەتی لە یەک کاتدا. سەرەڕای ئەوە، نابێت زیان بگات بە ژینگە.

لەبەر ئەو هۆکارە، پێویستە لەسەر دەوڵەت کە بنەمای زیرەک دابنێت کە

چوارچێوەی ئابووری دیاریبکات.

ئایا ئەو بیرۆکانە چین کە سیاسەتی ئابوریان لەسەر دادەڕێژرێت لەو جۆرە؟ چۆن ئەو سیاسەتی ئابوریە جیاوازدەبێت لە بیرۆکەکانی تر؟ئەی ئەو وەڵامانە چین کە سۆشیال دیموکراتی پێشکەشیان دەکات بۆ ئاڵنگاریەکانی ئایندە؟ هەموو ئەوانە، و زیاتریش، لەم کتێبە بە سوودەدا دەبینن.

دەمانەوێت خۆت ڕێگاکەت هەڵبژێریت

قیبلەنوما لۆگۆمانە، لەکاتێکدا قیبلەنوما هۆکارێکە بۆ گەشتیاران لەناو دەریاکاندا. بەهۆیەوە، گەشتیار ڕێگاکەی دەبینێتەوە.

ئەکادیمیا خواستێتی یارمەتی خەڵکی بدات لە دیاریکردنی ئاڕاستەی سیاسیان، مایەی خۆشخاڵیمانە کە ئەم زنجیرە کتێبە بەشداری لەو کارەدا بکات.

سیاسەت لە باشترین دۆخیدا دەبێت کاتێک زۆرینە بەشداردەبن لە کار و بیرکردنەوەدا.

**یوخن دام**

**بەڕێوەبەری ئەکادیمیای سۆشیال دیموکراتی**

**مارکۆس ترومر**

**بەڕێوەبەری پڕۆژەی کتێبی خوێندنەوە دەربارەی سۆشیال دیموکراتی**

# بەشی یەکەم

## ئابووری چییە؟

### ئابووری بەتەواوەتی چییە؟

وشەی ((ئابووری))مانای جیاوازی هەیە:

هەندێک جار بە مانای یانە یان میوانخانە دێت کە کەوتبێتە سەر گۆشەی شەقامێکەوە، بەشێوەیەک مرۆڤ دەتوانێت کە خواردن و خواردنەوەی تیادا بخوات و بخواتەوە. بەڵام لێرەدا مەبەست لەو مانایە نیە.

### بابەتی ئابووری چییە؟

مەبەستمان لە ئابووری لەم کتێبەدا وشەکەیە بەمانا زانستیەکەی، واتا کۆمپانیاکان و کرێکاران و بەکاربەران. بەشێوەیەک ئابووری هەر وڵاتێک پێکدێت لە کۆمپانیا و خەڵکی پێکەوە. دەوڵەتیش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ئابوریدا.

### ئەی چالاکی ئابووری چییە؟

خاوەنی کارگەیەک بەرهەمێک دروستدەکات، جا ڕەنگە بەرهەمەکە ئۆتۆمبێل یان پێڵاوێک بێت، یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەک بێت. بۆ نموونە وەک سەرتاشین. خەڵکانی تریش ئەو بەرهەمانە دەکڕن یان ئەو خزمەتگوزارییانە بەکاردێنن. بۆ نموونە، دەڕۆن بۆ لای سەرتاش بۆ تاشینی قژیان. هەموو ئەوانە بریتین لە چالاکی ئابووری.

## ١-١ ئابووری نوێ

ئابووری لەکوێدا بوونی هەیە؟

ئابووری چەند ئاستێکی هەیە کە بریتین لە:

- لە هەموو لایەکی جیهاندا، بۆ نموونە لە نێوان کۆمپانیاکان لە وڵاتانی جیاوازدا.
- لە ناوچەی دیاریکراودا، بۆ نموونە ناوچەی یەکێتی ئەوروپا.
- لەسەر ئاستی نیشتیمانی، بۆ نموونە ئوردون و ئەڵمانیا.

• لەسەر ئاستی هەرێمەکان، بۆ نموونە لە هەرێمی باکوری نۆردراین ڤێست فالن-Nordrhein Westfalen لە ئەڵمانیا.

• لە شار یان لە گوند.

• لە شوێنی کار یان کۆمپانیا.

• لەناو ماڵ، کاتێک خێزان بەبڕی گەورە کەلوپەل دەکڕێت.

کەی ئابووری سەرکەوتوو دەبێت؟

سەرکەوتنی ئابووری پشتدەبەستێتە سەر ژمارەیەک هۆکار. ئێمە دەتوانین دڵنیابین لە میانەی گەلێک بواردا، کە ئایا ئابووری لە دۆخێکی باشدایە، هەر بۆ نموونە:

• گەشەکردن و بوژاندنەوە

ئایا هاوڵاتیان و کۆمپانیاکان هێندەیان هەیە کە بەشی ژیانیان بکات و لێشیان زیاد بێت؟

ئایا بڕی کەمتر یان زیاتر لە پێشتر دروستدەکرێت و دەخرێتە بازاڕەوە؟

• یەکسانی کۆمەڵایەتی

ئایا هەموان هەمان هەلیان دەستدەکەوێت یان ژمارەیەکی کەم هەڵدەبژێردرێن؟ئایا کاری دابەشکردنی داهات بە دادپەروەرانە ئەنجام دەدرێت؟

• بەردەوام بوون

ئایا ئابووری ئاگاداری ژینگە دەبێت؟یان کەرەسە خاوەکان و سروشت بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بەکاردێنێت و وێرانیان دەکات؟

### ١-٢ سیستەمەکانی ئابووری

لەهەر وڵاتێکدا دەشێت ئابووری کاربکات بەپێی سیستەمی جیاواز.

**سیستەم**

بریتیە لەهەر پێکهاتەیەک کە لەبەشی سەربەخۆ پێکهاتبێت. و هەریەکە لەو

بەشانە بەشێوەیەکی سەربەخۆ کاربکات بۆ بەرژەوەندی خۆی بەڵام لەگەڵ یەکتریدا کاردەکەن. ڕەنگە بەهەمان شێوە سیستەم هەڵسوکەوتێکی دیاریکراو بێت.

**مۆسیقا**

به نموونەیەکی بچووک دەستپێدەکەین. هەندێک جار ژەنیارێکی مۆسیقا هونەری ژەنین پرۆڤە دەکات لەگەڵ کەسانی تردا. بۆ نموونە واتە لە تیپێکی جاز یان ئۆرکسترای کلاسیکیدا. بەوەش، ژمارەیەکی گەورە لەژەنیارەکان پێکەوە کۆدەبنەوە لەگەڵ ئامێرە مۆسیقیە جیاوازەکانیاندا.

بەڵام لێرەدا هەندێک پرسیار پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە. ئایا ئەو مۆسیقایە کامەیە کە دەویسترێت بژەنرێت؟ئەی ئەو ئامێرانە کامانەن کە بەشداردەبن لە ژەنیندا؟هەر بەشداربویەک لە کوێدا دادەنیشێت؟ ڕۆڵی هەر یەکێکیان کەی و لە کوێدایە؟ ئەو بنەمایانەی کە ژەنیارەکان پێکەوە دایاندەنێن پێکەوە دەکرێت ناوبنرێت سیستەم. جا ئەو سیستەمەی کە هەڵدەبژێردرێت زۆر گرنگە بەلای ژەنیارەکانەوە و بۆ مۆسیقاکە خۆشی.

با نموونەی تاکە ژەنیارێک وەربگرین، کە ژەنیاری کەمانی بەناوبانگە یان ئامێری چەلۆیە. دەکرێت ئەمەی دواییان لە تیپێکی جاز یان ئۆرکسترای کلاسیکیدا بژەنرێت.

لە تیپی جازدا، ژەنینەکەی خۆڕسک و خۆش دەبێت.

بەڵام لە ئۆرکسترادا، هەستیار و بەبیرکردنەوە دەبێت.

**ئابووری**

بەهەمان شێوەیە ئابووری کاردەکات. وچەند سیستەمێکی هەیە. لەجیاتی هەر ژەنیارێک، هەر وڵاتێک یان کۆمپانیاکان و کرێکاران و بەکاربەران هەڵدەستن بە ڕۆڵی خۆیان.

## بەکاربەران

مەبەست لەم زاراوەیە ئێمە هەموومانین  بۆ نموونە کاتێک دەڕۆین بۆ بازاڕکردن .

ئەوانە بریتین لەژەنیارەکان، بەڵام لە ئۆرکسترا یان تیپێکدا ناژەنن، بەڵکو لە بازاڕدا.

## بازاڕ

زاراوەیەکی ئابوریە. بەنزیکەیی مەبەست لێی خواست و خستنەڕووە بۆ هەموو کاڵا وکەلوپەل و خزمەتگوزاریەکان.

هەر بۆ نموونە، بازاڕی ئۆتۆمبێلی بەکارهێنراو، لەلایەک هەموو ئەو کەسانە پێکیدێنن کە بەدوای ئۆتۆمبێلی بەکارهاتوودا دەگەڕێن ، و لەلایەکی تریشەوە لە هەموو بازرگان و تاکەکانیش پێکدێت کە ئۆتۆمبێلەکانیان یان زیاتر دەخەنە ڕوو بۆ فرۆشتن.

سیستەمی ئابووری بڕیاردەدات لەو ڕۆڵەی هەریەکە لە دەوڵەت وکۆمپانیاکان و کرێکاران و بەکاربەران دەیانگێڕێن، لەبەرئەوە بە تەواوەتی جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان سیستەمەکاندا وەکو ئەو دۆخەی لە نێوان تیپی جاز و ئۆرگسترادا هەیە.

لەم کتێبەدا سیستەمە جیاوازەکانی ئابووری باسدەکەین و سیفات وکەموکڕیەکانیان دەخوێنین.

# بەشی دووەم

## بیرکردنەوە لە ئابووری

لەهەندێک لە بیرمەندە گەورەکان بکات.

لەم بەشەدا، دەچینە سەر تێڕوانین و دیدگای سێ لە بیرمەندە گەورەکان، کە بریتین لە ئادەم سمیپ و کارل مارکس و جۆن کینز. هەریەکێک لەو بیرمەندانە سێ بیردۆزەی((تیۆری)) ئابووری تایبەت بەخۆیان داهێناوە. ئەو بیردۆزانەش لەو کاتەدا وەڵامدەرەوەی ئەو کێشانە بوون کە هەبوون لەو سەردەم و قۆناغەی خۆیاندا.

**بیردۆزە(( تیۆری)) Theory**

بیردۆزە هەوڵدەدات بەپێی توانا کە وەصفی جیهان بکات بەباشترین ڕێگا. جا هەرکاتێک بیردۆزەیەک ڕاست بێت، مرۆڤ دەتوانێت گریمانەکانی بەکاربهێنێت بۆ پێشبینیکردنی ئایندە، بۆ نموونە، ئایا بەرنامەیەکی دیاریکراو وبەسوودە یان بەزیانە بۆ ئابووری؟

**بۆچی تائێستاش بیردۆزەکانی سمیپ و مارکس و کینز کاریگەریان هەر ماوە؟**

هۆکارگەلێک لە پشت ئەوەوەن:

**بیرمەندە گەورەکان و زاراوە ناسراوەکان:**

بنەچەی زۆرێک لە زاراوە یان چەمکە ئابوریەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو سێ بیرمەندانە. وشەکانیان بەبەردەوامی بەکاردەهێنین بەبێ ئەوەی مەبەستەکانیان بزانین. بۆ نموونە، مەبەست لە دەستی شاراوەی بازاڕ چییە؟ دوای خوێندنەوەی ئەم بەشە ئەوەت بۆ ئاشکرا دەبێت.

کێ بیردۆزە بزانێت ئەوا بەڵگەی بەهێزتر دەبینێتەوە.

زۆرێک لە سیاسەتمەدران بیرۆکەکانی ئەم سێ بیرمەندانە بەکاردەهێنن بۆ

بیانووهێنانەوە بۆ سیاسەتەکانیان، وا دائەنێن: ((سمیپ کاتی خۆی وایوتووە))، یان دەڵێن ((مارکس بە کردەیی(پراکتیکی) سەلماندویەتی کە . . . . )).

جا هەرکەسێک بیردۆزە تێبگات ڕاستەوخۆ دەزانێت ڕاستە یان نا. لەبەرئەوە، کارەکە ئەوە دەهێنێت کە بزانرێت بە کردارەکی ئادەم سمیپ چی وتووە. لایەنگرانی بیردۆزەی کۆمەڵایەتی بیرۆکەکانی ئەو سێ بیرمەندانە بەکاردەهێنن. بیردۆزەکانی جۆن کینز گرنگی تایبەتیان هەیە لە سۆشیال دیموکراتیدا.

## ٢-١ سێ بیردۆزە ئابووریە گرنگەکان

ئادەم سمیپ بیردۆزەکەی لەسەدەی هەژدەهەمدا نوسیوەتەوە، کارل مارکسیش کارەکەی لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەرهەمهێناوە، بەڵام بیرۆکەکانی جۆن کینز لە سەدەی بیستدا هاتونەتە بوون.

ئاشکرایە، گەلێک بیردۆزە هەن دەربارەی ئابووری، بەڵام هەرسێ بیرمەندە گەورەکان، واتە سمیپ و مارکس و کینز، بیردۆزەیەکیان داناوە کە گرنگی تایبەتی هەیە. بەشێوەیەک بیردۆزەکانیان کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر بیردۆزە ئابوریەکان تا ڕۆژی ئەمڕۆشمان.

**ئادەم سمیپ**

مەودای زەمەنی: نزیکەی ساڵی١٧٥٠ز

پرس: پادشاکان ئابووری و بازرگانی کۆتوبەند دەکەن

ئامانج:ئابووری ئازاد و بازرگانیەکی ئازاد

**نموونەی سۆشیال دیموکراتی:**

بازرگانیی و ئابوریی ئازاد باشترە لە داخراوەیی و ئابوریی دەوڵەت.

ئادەم سمیپ لە سەدەی هەژدەهەمدا لە ئوسکوتلەندا ژیاوە، ئەوکات پادشا

دەسەڵاتی ڕەهای هەبوە، تەنانەت هەر ئەو بڕیاریدەدا بە نوێنەرەکانی کەچ جۆرە بەرهەمێک دروستبکەن.

دەتوانرێت ڕاوبۆچوونی خەڵکی لەو کاتەدا کورتبکرێتەوە دەربارەی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی تردا بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

دەکرێت وڵاتێک قازانج بکات لەوەی کە وڵاتێکی تر زیان دەکات. لەبەرئەوەی، خەرجیەکانی گومرک زۆر بەرزبوون کاتێک بازرگانێک کاڵایەک لەدەرەوە دێنێت بۆ ناو وڵاتەکەی. جا ئەرکی ئابووری و بازرگانی بوو کە گەنجینەی پادشا پڕبکەن، تا بتوانێت خەرجیەکانی ژیانی خۆی بدات کە پڕبووە لە ئاهەنگ گێڕان.

جا ئادەم سمیپ بیردۆزەکەی خۆی گەشەپێدا وەک پەرچەکردارێک لەسەر ئەوە، واتە شێوازی هەڵسوکەوتی پادشا. لەو کاتەدا دەوڵەتی نوێ نەبوو، بەڵکو پادشایەکی دەستبلاو هەبوو. لەبەرئەوە، سمیپ لە بیردۆزەکەیدا ڕەخنەی گاڵتەجاڕی لەدەوڵەت دەگرت، کە دەیووت:

ئامانج لە ئابووری بریتیی نیە لە زیادکردنی سەروەت وسامانی پادشا، بەڵکو دابینکردنی خۆشگوزەرانیە بۆ هەمووان.

## چۆن مرۆڤ دەتوانێت بگاتە ئەو دۆخە لە گەشەسەندنی گشتی؟

**ئادەم سمیپ سێ مەرجی بۆ ئەوە دانا:**

مەرجی یەکەم: کاتێک هەمووما هەوڵدەدەین لە پێناو بەرژەوەندیی تایبەت و پادشاییدا، هەریەکەمان بۆ بەرژەوەندی خۆی، ئەوە سوودی هەیە بۆ هەمووان لەهەموو دۆخێکدا. ئەوە ناودەنێین هەوڵدان بەدوای قازانجدا.

مەرجی دووەم: سمیپ وایدەبینی کە دابەشکردنی کار بۆ چەند هەنگاوێک بریتییە لەکارەباشەکان، بەشێوەیەک هەر کەسێک هەڵدەستێت بەو کارەی کە دەیزانێت، ئەوەش ئەوەیە کە ناویدەنێین بە دابەشکردنی کارەکان (( دابەشکردنی ڕۆڵەکان)).

سمیپ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە پەنای بردە بەر نموونەی کارگەی دروستکردنی

دەرزی بۆ ڕاڤەکردنی بیردۆزەی دابەشکردنی کارەکان. ڕەنگە لەمرۆدا مەبەست لە دابەشکردنی کارەکان لە کارگەی بەرهەمێنانی ئۆتۆمبێلدا بۆ نموونە بریتی بێت لە هەستانی کرێکاری یەکەم بە بەستنی گلۆپەکان و دووەم بەستنی تایەکانی کۆنترۆڵ و . . . . هتد.

**مەرجی سێیەم:**

سمیپ وتی:ئازادی بازرگانی کارێکی باشە.

کاتێک ڕێگە دەدرێت بە هەر کەسێک کە پیادەی بازرگانی و کێبڕکێ بکات، بەبێ هیچ ڕێگریەک یان دەسەڵاتێکی بەرز، ئەوە کارێکی باشە. لەمرۆدا مەبەست لێی بازرگانی و کێبڕکێیە.

سمیپ ویستی پاڵبنێ بە ئابورییەکی ڕاوەستاوی چەقبەستووەوە لە سەدەی هەژدەهەمدا، لەبەرئەوە کتێبەکەی بەناونیشانی (( سامانی نەتەوەکان ))ی نوسی، لەوێدا بەرگری دەکرد لە فراوانبوونی سەرمایەداری.

**سەرمایەداری**

سەرمایەداری بریتیە لە سیستەمێکی ئابووری، تاکەکان تیایدا خاوەنی دارایی وکاڵا تایبەتەکانی خۆیانن، تیایدا هەموو هۆکارەکانی بەرهەمهێنان بەهەمان شێوە خاوەنداریێتی تایبەتیە، وەک ئامێرەکان لە کارگەکاندا.

دەوڵەت دەستوەرناداتە ئەوەی کە چی بەرهەمبێت و چیش بفرۆشرێت، بەڵکو کۆمپانیاکان خۆیان ئەوە دروستدەکەن کە دەتوانن بیفرۆشن بە باشترین شێوە.

دەکرێت کتێبەکەی سیمپ بەم شێوەیە کورت بکەینەوە:

لەپێناو گەشەسەندنی هەمووانـدا، پێویستە لەسەر دەوڵـەت بەپێی توانا دەستوەرنەدات.

**ئەركی دەوڵەتیشە كە لێپرسراوێتی هەڵبگرێت لەهەندێك پرسدا وەك:**

- ئاسایشی گشتی: بۆ نموونە وەك پۆلیس.
- بەرگری: وەك سوپا.
- پاراستنی یاسایی: وەك دادوەرە سەربەخۆكان.
- ژێرخان:وەك ڕێگاوبانەكان.
- خوێندن:وەك قوتابخانەكان.

جگە لەم ئیشوكارانە – بەپلەی یەكەمیش بازرگانی- بەپێی وتەی سمیپ ئەوا بازاڕ دەتوانێت خۆی خۆی ڕێك بخات. خەڵكی ئازادن و بەرپرسیارێتی كەسی تر جگە لە خۆیان هەڵناگرن، و مامەڵەی باشیش لەگەڵ یەكتردا دەكەن. پێویستیشیان بە یاسا و ڕێسا نیە كەلەسەرەوە بۆیان دابەزێت.

بازرگانی ئازاد سەركەوتووە بەهۆی دەستی شاراوەی بازاڕەوە.

## دەستی شاراوەی بازاڕ

دەستی شاراوە:بریتیە لە بیرۆكەكانی ئادەم سمیپ، ئەو وایدەبینێت كە هەموو خەڵكی بەسروشتی خۆیان هەوڵی قازانجكردن دەدەن بۆ خۆیان. مرۆڤ دەیەوێت باشترینەكان بۆخۆی بێت نەك بۆ هەموو كۆمەڵگا. ئەوە كارێكی باشە بەپێی سمیپ. كاتێك هەركەسێك گرنگی دەدات بەخۆی، ئەوا گرنگی دەدات بە بازاڕ لە ڕێگەی خواست وخستنەڕووەوە و دەسكەوتی زیاتر وەدەستدێنێت بۆ هەمووان، هەربەپێی ڕای سمیپ لە كۆتاییدا كۆمەڵگاش بەگشتی قازانج دەكات.

بیرۆكەكانی سمیپ زۆر بەناوبانگبوون، بەخێرایش جێبەجێكران. بیردۆزەكەی لەسەدەی نۆزدەهەمدا كاریگەری هەبوو لە سەر بازرگانی ئازاد و دروستكردنی خێرا و گەشەكردنی گەورە.

ئەم بیردۆزەیەی سمیپ شایەنی ڕێزێكی گەورەبوو لە زانستی ئابوریدا تا قەیرانی ئابوریی جیهانیی كە لەساڵی ١٩٢٩دا ڕوویدا. بەڵام دەستی شاراوە نەیتوانی ڕاڤەی ئەو قەیرانە قوڵە و ئەو بێكارییە بە كۆمەڵە بكات. لەئەنجامی ئەوەش، زۆرێك لە

وڵاتەکان سیاسەتە ئابوریەکانیان گۆڕی، دەوڵەت دەستیکرد بە سەپاندنی زیاتری دەسەڵاتەکانی خۆی لەسەر بازاڕی کار، هەستا بە دروستکردنی هەلی کار لە ڕێگەی پڕۆژە گەورەکانەوە وەک قیرتاوکردنی ڕێگاکان.

جارێکی تر لایەنگیری میلليی بۆ بیردۆزەکانی سمیپ لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا گەڕایەوە لە ئەمریکا و بەریتانیادا بەپلەی یەکەم. هەندێک لە سیاسیە پارێزگارەکان ڕایانگەیاند وەک مارگرێت تاتچەر و ڕۆناڵد ڕیگان:دەوڵەت بەشدار نابێت لە چارەسەری کێشەکاندا، بەڵکو دەوڵەت بۆخۆی کێشەیە.

## کارل مارکس

مەودای زەمەنی: نزیکەی ساڵی١٨٥٠ز

پرس: بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی کرێکاران

ئامانج:باشکردنی ژیانی کرێکاران، شۆڕش

نموونەی سۆشیال دیموکراتی: کاری باش

کارل مارکس لەسەدەی نۆزدەهەمدا لە ئەڵمانیا ژیاوە، ئەو فەیلەسوفێک بوو کە کاری ڕۆژنامەنوسیشی دەکرد. مارکس ئاسەوارە نەرێنیەکانی بەرهەمهێنانی خێرای دەبینی لەسەر ئەوروپا، وەک ئەو کارانەی کە کرێیان نزمە و کاتژمێرەکانی کاریش درێژن ، هەروەها کارکردنی منداڵان و خراپی خانوەکانی نیشتەجێبون و قەرەباڵغ و هەژاری زۆریش.

جا مارکس بەپلەی یەکەم ڕەخنەی لە دۆخی کرێکاران دەگرت کاتێک دۆخی خراپی ژیان و گوزەرانی بۆ زۆرێک لەخەڵکی دەبینی. دۆخەکەی بەچەند وشەیەک پێناسەکرد وەک چەوساندنەوە و هەژارکردن. هەردووکیانی بە دەرئەنجامی سەرمایەداری دەبینی.

کتێبی ((سەرمایە))ی مارکس لە گرنگترین کارەکانێتی. بەڵام هەرە بەناوبانگترینی کارەکانی بریتیە لە (( مانیڤێستی شیوعی)) کە لەساڵی ١٨٤٨زدا بڵاوکرایەوە و کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لەسەر سیاسەت.

## شیوعیەت

شیوعیەت: بریتییە لە سیستەمێکی ئابووری، کە تیایدا خاوەندارێتی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵ نەک تاکەکان.

کۆمەڵ بڕیاردەدات کەچی بەرهەمبهێنرێت، بۆ نموونە، کۆمەڵ پلانی پێنج ساڵی ئایندە دادەنێت. ئەمەش ناودەبرێت بە ئابووری پلاندارێژراو، لەسەر کۆمپانیاکانیشە کە پابەندبن پێیەوە و هیچ بوارێکی بۆ نەرمی نواندن تیادا نیە.

**دەتوانرێت باسی بیرۆکەکانی کارل مارکس بەم شێوەیەی لای خوارەوە بکرێت:**

پێویستە سەرەتا خاوەن کارگەکان پارەی دروستکردنی کارگەکە بدەن. و کەرەسە خاوەکانیش بکڕن، مووچەی کرێکارانیش بدەن لە پێناو دەسکەوتنی پارەدا. بەڵام هەرکە بەرهەمەکان فرۆشرا، ئەوا خاوەن کارگەکان پارەیان دەستدەکەوێت.

قازانج: بریتیە لە جیاوازی نێوان خەرجیەکان و نرخی فرۆشتن. کە زۆرجاران زۆر گەورەترە بەبەراوورد بەوەی کرێکارێک دەستیدەکەوێت وەک کرێی کارەکەی.

خاوەن کار لە ڕێگەی کێبڕکێوە لەگەڵ کۆمپانیاکانی تردا هەوڵدەدات کە زۆرترین قازانجی دەستبکەوێت. هەرلەبەرئەوە هەوڵ دەدەن کە کەمترین خەرجیان هەبێت. لەبەرئەوە، کاتژمێری کاری دووردورێژ دەسەپێننە سەر کرێکاران و کەمترین کرێشیان دەدەنێ. بەوەش قازانجەکانیان بەبەردەوامی ڕوو لە هەڵکشان و زیادبوونە لەکاتێکدا کە دۆخی کرێکاران خراپتر دەبێت. هەرکەسیش سکاڵا بکات دەردەکرێت. کە مارکس ئەمەی ناونا ((هەژارکردنی کرێکاران)).

لە میانەی دابەشکردنی کار بۆ هەنگاوی پسپۆڕی، هەر کرێکارێک دەتوانێت کە ئەرکی بچووک ئەنجام بدات، هەموو ڕۆژێک هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی هەمان کار لە کارگەکەدا. ئەوکاتە کرێکارەکە هیچ زانیاریەکی باشی نابێت

دەربارەی بەرهەمی کۆتایی. بەڵکو بە بەردەوامی بەرهەمی کۆتایی بەلایەوە نامۆ دەبێت. ئەمەش مارکس ناویناوە (( نامۆبوونی کار)). بەمەش سەرمایەداری و هەروەها بازاڕی ئازاد دەبنە هۆکاری چەوساندنەوە و بێزاری. لەکاتێکدا کێبڕکێ و دۆخی کاری سەخت دەبنە هۆی بێکاری و هەژاری. بەمەش دەوڵەمەندان زیاتر دەوڵەمەند دەبن و هەژارەکانیش زیاتر هەژارتر دەبن.

## نامۆبوون

بەڵام تایبەت بە ئادەم سمیپ، دابەشکردنی کارەکان و کێبڕکێ بە سەرچاوەی دەوڵەمەندبوون و پێشکەوتن دادەنێت. بەڵام هەمان بارودۆخ بەلای مارکسەوە هۆکاری چەوساندنەوە و نامۆبوونن.

مارکس وایدەبینی کەخاوەن کارگەکان دەستیانگرتوە بەسەر (سامان) دا، بەمانای کارگەکان و بەرهەمەکان و پارەشدا. بە کردارەکیش سامانەکەیان دەخەنە خزمەتی زیاتری خۆشگوزەرانی خۆیانەوە. ئەوان و بەلای مارکسەوە هەندێکی تریش لەخاوەنکارەکان هەڵدەستن بە پێکهێنانی چینێکی جیاواز ، کە پێی دەوترێت (( چینی خاوەن موڵک)).

کرێکاران هیچ سامانێکیان نیە، چونکە نە کارگەیان هەیە و نە پارە و نەدەسەڵات. ناتوانن هیچیش بفرۆشن جگە لە هێزی کار کە خۆیانن. لەکاتێکدا کرێکانیان زۆر نزمە. بەشێوەیەک دەچەوسێنەوە و چینێک دروست دەکەن کە هیچ موڵکێکیان نیە. واتە چینی ((نەبووەکان/ هەژارەکان)). مارکس ئەم سیستەمەی ناونا بە((کۆمەڵگای چینایەتی)).

## ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن !

سەرەڕای ئەوە، کارل مارکس پێشەنگبوو لە وتەکەیدا: سەرمایەداری قەیرانی دووبارە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت . زۆرێک پێیان وایە کە مارکس ڕاستیگوتووە. لەبەرئەوەی سەرمایەداری بەبەردەوامی جێگیر نیە. ئەو ڕاستیەش لە کاتی

قەیرانی دارایی گەورەدا کە لەساڵی ۲۰۰۸دا ڕوویدا دەرکەوت.

بەپێی مارکس، سەرمایەداری چەوسێنەرە و ڕووبەڕووی قەیرانەکان دەبێتەوە کە لە توانایدایە تەنها بە یەک ئاڕاستە ڕابەرایەتی کرێکاران بکات کە چەوسێنراونەتەوە ، کە ئەویش ((شۆڕش))ە.

مارکس لە کتێبی ((مانیڤێستی شیوعیدا)) داوای شکاندنی هێزی خاوەن موڵکەکان دەکات، بۆ ئەوەش پێشنیازی هەندێک دەستتێوەردانی پێشبینیکراوی کردووە لە پێناو گۆڕانکاریدا:

- قەدەغەکردنی هەموو بانکەکان، بۆئەوەی لەجیاتی ئەوە یەک بانکی نیشتیمانی هەبێت کە بڕیاربدات کە کێ پارە بە قەرز وەربگرێت. پێویستیشە خاوەندارێتی هەموو کۆمپانیاکانی گەیاندن بگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت.
- کۆمپانیا گەورەکان و باخەکان و کارگەکان و هۆکارەکانی بەرهەم خۆماڵیبکرێن و ببنە موڵکی دەوڵەت. دەوڵەت بڕیار بدات کە چۆن کاریان پێبکرێت لەجیاتی ئەوەی بەجێبهێڵرێت بۆ بازاڕی ئازاد.

ئامانجی بەرزی مارکس بریتی بوو لە وەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی بێ چین و بێ خاوەندارێتی تایبەتی.

بیرمەندەکانی تر وەکو فریدریک ئەنگڵز هەستان بە گەشەپێدانی بیرۆکەکانی مارکس. ئەنگڵز وتی: پێویست ناکات هەموو کارگەکان خۆماڵی بکرێن. چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەوڵەت هێزێکی گەورەتری هەبێت زیاد لە پێویست. و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ. و ئەوکات دەوڵەت دەکەوێتە چەوساندنەوەی هاوڵاتیان.

## سیاسەت بەناوی مارکسەوە

لەسەدەی بیستدا لە چەندین وڵاتدا بە کردارەکی چەندین شۆڕش هەڵایسا، دەرئەنجامەکانیشیان هێنانەکایەی چەندین سیستەمی سیاسی نوێ بووکە ئامانجیان وەدیهێنانی بیرۆکەکانی مارکس بوو.

هەندێک وڵاتیش وەک ڕووسیا و چین و کوبا و . . . هتد. بۆ ماوەی دەیان

ساڵیش لەلایەن تاک حیزبەوە بەڕێوەدەبران. کە دەبێت ئەو حیزبە گرنگی بدەن بە بەرژەوەندی کرێکاران.

سیستەمە سیاسییە نوێکانیش ناوی جیاوازیان وەرگرت. وەک شیوعی و مارکس-لینینی. یان تەنانەت ماوییش. دوای جەنگی جیهانیی یەکەمیش، لەهەندێک بەشی ئەڵمانیا پاشماوەی کۆمارێکیی فیدڕاڵی هەبوو کە مارکس ئیلهام بەخشیان بوو بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ.

لەدوای جەنگی جیهانی دووەمیشەوە، بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا بۆ زیاتر لە ٤٠ ساڵ کەوتە ژێر دەسەڵاتی ڕووسیاوە. یەکێتی سۆڤێتی ئەوکات، بەهەمان شێوە کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتیی کۆمارێکی تاک حیزبیی بوو و بەشێوەیەک حیزب دەوڵەت و سیاسەت و ئابووری و تەواوی کۆمەڵگای بەڕێوەدەبرد. بەشێوەیەک ناوی شاری کیمنتس گۆڕدرا بە ناوی شاری کارل مارکسەوە.

بەڵام سۆسیالیستی توند لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات هیچ پەیوەندیەکیی نەبوو بە بیرۆکەکانیی کارل مارکسەوە. لە هەشتاکاندا سیستەمەکە ڕووخا. بەشێوەیەک ئابووری و سیستەمیی سیاسیی تووشی مایەپووچ بوون بوەوە. ئەمەش بوە هۆکاری هەڵایسانی شۆڕشێکیی میلیی ئاشتیانە و لابردنی سنوورەکان لە نێوان ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و ڕۆژئاوایدا و گێڕانەوەی یەکگرتنەوەی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٠دا.

جۆن مینارد کینز

مەودای زەمەنی: ساڵی١٩٣٠ز

پرس: قەیرانی ئابووری و دەرکەوتنی تاکڕەوی

ئامانج: جێگیری ئابووری، دروستکردنی هەلی کاری زیاتر

## نموونە بۆ سۆشیال دیموکراتی:

### ئابووری ئاڕاستەکراو

جۆن مینارد کینز زانای ئابووری بەریتانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی

بیستدا ژیاوە. کینز لێکۆڵینەوەی کرد دەربارەی زەمینەیەکی هاوبەش لەنێوان بیرۆکەکانی ئادەم سمیپ و کارل مارکسدا کرد ویستی کە هێزی بازاڕی ئازاد بەکاربهێنێت، بەڵام بەهەموو نرخێک نا بەلای کینزەوە دەبێت بازاڕ لەلایەن دەوڵەتەوە بەڕێوەببرێت.

دەکرێت باسی بیرۆکەکانی کینز بکرێت بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

سەرمایەداریش هەندێک لایەنی باشەی هەیە: ئەو کارا و بەتوانایە، بەڵام لایەنی خراپیشی هەیە وەک نەبوونی جێگیری.

لەکۆتایی بیستەکاندا قەیرانەکە بە کردارەکی ڕوویدا. لەساڵی ١٩٢٩دا، ئەمریکیەکان لە هەینیەکی ڕەشدا ژیان، بەشێوەیەک داڕووخانێکی گەورە لە بازاڕی بۆرسەی نیویۆرکدا ڕوویدا. دەرئەنجامی ئەوەش، بەهەمان شێوە ئابووری لە وڵاتانی تریشدا داڕووخا.

جا دەستی شاراوەی بازاڕ کە ئادەم سمیپ لەبارەیەوە قسەیکردبوو کاری نەدەکرد. خەڵکی وتیان: ئەوە شاراوەیە لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا ڕەنگە هەر نەبوبێت.

بەهەمان شێوە لە ئەڵمانیا ملیۆنان کەس کارەکانیان لەدەستدا، و دوواتریش نەیانتوانی پارەیان دەستبکەوێت، و توانای کڕینیان پاشەکشەی کرد و ئابوریش سست و لاواز بوو. کینز ئەمەی ناونا ((گێژەڵوکەی ئابووری)).

**گێژەڵوکەی ئابووری:**

- کۆمپانیاکان ناچار بەداخستن دەبن.
- خەڵکی کارەکانیان لەدەستدەدەن.
- بەرهەمهێنان بەبەردەوامی کەم دەکات.
- بەمەش خەڵکی سەلامەتیان لەدەست دەدەن.
- خەڵکی پاشەکەوتیان دەوێت نەک خەرجکردن.
- ئەمەش پێی دەوترێت ((پاشەکەوتی ترس)).

- جاكاتێک خەڵكی کەم خەرجبکەن ئەوا بەرهەمی کەمتریش دەکرێن.
- لەبەرئەوە  زۆربەی کۆمپانیاکان ناچار دەبن کە دایبخەن.
- ژمارەیەکی زۆری کرێکاران دەنێرنە ماڵەوە.
- هەوڵدان بۆ پاشەکەوتکردن زۆر دەبێت و ئیدی بەوشێوەیە.
- ئەوەش دەبێتە سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری قوڵ و درێژمەودا.

**ئایا دەتوانرێت ئیشوکارەکان بە ڕێگایەکی جیاواز بڕوات؟**

بەڵێ ، کینز ئاوها وەڵام دەداتەوە، بەڵام کاتێک دەوڵەت دەستوەردان دەکات.

ئەگەر ئابووری بەتەنها نەیتوانی ببوژێتەوە، پێویستە لەسەر دەوڵەت یارمەتی بدات. دەکرێت دەوڵـەت بەرنامەیەکی بـوژانـەوەی ئابووری پێشکەش بکات، بەشێوەیەک هەستێت بە دروستکردنی قوتابخانە و ڕێگاوبانەکان، یان کاتێک هاوڵاتیەک ئۆتۆمبێلێکی تازە دەکرێت دیاری پێشکەش بکات.

**بەرنامەی بوژاندنەوەی ئابووری**

لێرەدا وشەی ((بوژاندنەوە)) وشەیەکی بیانییە، زاراوەیەکە کە حاڵەتی بەرزبونەوە و دابەزینی ئابووری پیشاندەدات. کاتێک قۆناغە باش وخراپەکان بەدوایەکدا دێن. بەرنامەی بوژاندنەوەی ئابوریی بریتییە لە بەرنامەی حکومەت بۆ چالاککردنەوەی ئابووری.

بەوەش، هەلی کاری نوێ دروستدەبێت. خەڵكی سەرچاوەی نوێی داهاتیان بۆ دروست دەبێت. و دەتوانن کە پارەی زیاتر خەرجبکەن. بەمەش پێویستی بۆ کاڵا زیاتر دەبێت، جا بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایانەش کارگەکان پێویستیان بە دامەزراندنی کرێکارانی زیاترە، بەم شێوەیە زنجیرەی هەڵکشان دەستپێدەکات.

بیرۆکەکانی کینز لە سیاسەتدا بە باشی پەسەندکران لە ئەمریکادا، نموونە ئابوریەکەی لە ساڵی ١٩٣٣دا جێبەجێکرا بەشێوەیەکی کرداری و سیاسیش، دەوڵەت هەڵدەستێت بە دروستکردنی ژمارەیەکی گەورە لە ڕێگاوبان و بەنداو و قوتابخانە.

نموونەکەی کینز بووە ڕێبەرێک بۆ سیاسەتی ئابووری لە ژمارەیەکی زۆری وڵاتاندا بۆ زیاتر لە ٤٠ ساڵ. بەهەمان شێوە لە ئەڵمانیاشدا بیرۆکەکانی بوە جێگەی گرنگی پێدان، بەڵام لەحەفتاکانداجەماوەرێتی لەدەستدا.

بەرنامە حکومیەکانیش بەهەمان شێوە دەستیانکرد بە لەدەستدانی چالاکیەکانی پێشوویان. لەلایەک، وڵاتان لەکاتی قەیرانەکاندا قەرزیان لەسەر کەڵەکە دەبێت و ناتوانن بیدەنەوە لەکاتی بوژانـەوەدا. و لەلایەکی تریشەوە، ئاسان نیە کە دەوڵەت بە تەنها هەستێت بە بەهێزکردنی ئابووری. جا سیستەمەکانی ئابووری وڵاتان بەیەکەوە گەشەیان کردووە، بەرنامەی پاڵپشتی بۆتە هۆی بەشداربوون لە گەشەی ئابووری لە وڵاتانی تردا نەک لەوڵاتی دایکدا. سەرەڕای ئەوەش، لە حەفتاکاندا نرخەکانی نەوتیش بەرزبونەوە بەشێوەیەکی گەورە کە بوە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی گەورە.

زۆرێک لە وڵاتان ویستیان بگەڕێنەوە بۆ نموونەکەی ئادەم سمیپ ((پێویستە واز لە بـازاڕ بهێنرێت بۆ ئـەوەی بەتەنها کاربکات )). بەڵام لەکاتی ڕوودانـی قەیرانی ئابووری ساڵی ٢٠٠٨وە. ئیشوکارەکان گۆڕان. زۆرێک لە بانکەکان مایەپووچ بوون، بانکەکان قەرزێکی زۆریان دابوو، بەڵام نەیانتوانی بیگێڕنەوە. دەوڵەتان دەستوەردانیان کرد و بانکەکانیان ڕزگارکرد. بەڵام قەیرانەکە هەموو ئابووری گرتەوە، کە تائێستاش بە ئاسەوارەکانیەوە دەناڵێنین.

لەوکاتەوە، زۆرێک لە سیاسیەکان گەڕانەوە بۆ بیرۆکەکانی کینز، بەشێوەیەک ویستیان کە دەوڵەت ڕۆڵی زیاتری هەبێت لە کاریگەری و دەبێت یاسا و ڕێسا دابنێت بۆ کاری بازاڕ.

بەرنامەی بوژانەوەی ئابووری سەرکەوتوو

بەپێی نموونەکەی کینز ژمارەیەک بەرنامەی جیاوازی بوژانەوەی ئابووری لە ئەڵمانیادا دەستپێکرا ، بۆ نموونە لەوانە پێدانی ئۆتۆمبێلێکی نوێ، سەرمووچەی ماوە کورت، دروستکردنی ڕێگاوبان.

بۆ نموونە لە حاڵەتی پێدانی ئۆتۆمبێلێکی نوێدا:دەوڵەت بڕە پارەیەک دەدات

کاتێک کەسێک بڕیار دەدات کە ئۆتۆمبێلێکی نوێ بکڕێت. ئەمەش مانای پاراستنی پیشەسازی ئۆتۆمبێل دەگەیەنێت لەکاتە سەخت و دژوارەکاندا.

بەڵام سەرمووچە ماوە کورتەکان: بریتیە لە پاڵپشتی حکومەت کە پێشکەش دەکرێت بە کۆمپانیاکان کە پارێزگاری لە فەرمانبەرەکانیان دەکەن سەرەڕای ناڵاندنی بە قەیرانەکانەوە.

جا کاتێک کۆمپانیاکان گرێبەستی زیاتری کارکردنیان هەبوو، دەتوانن کە بەتەنها بەردەوام بن، و پێویستی بەدامەزراندن و ڕاهێنانی کرێکاری نوێ نابێت. بەوەش کۆمپانیاکان و کرێکارانیش سوودمەند دەبن.

بەڵام دروستکردنی پڕۆژەکانی حکومەت ئەویش گرنگە، کاتێک دەوڵەت هەڵدەستێت بە دروستکردنی ڕێگاکان لەکاتی قەیرانەکاندا، ئەوا سوود و قازانج دەگەڕێتەوە بۆ سەر کرێکاران و کۆمپانیاکانیش کە ڕێگاکان دروستدەکەن. جا کاتێک کۆمپانیاکان و کرێکارانیش پارە خەرجدەکەن، ئەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یارمەتی بەشەکانی تری ئابووری دەدات لە دەوڵەتدا.

٢-٢ بیرۆکە سەرەکیەکانی بیردۆزەی ئابووری

تا ئێستاش بیرۆکەکانی ئادەم سمیپ و کارل مارکس و جۆن کینز نوێنەرایەتی سێ ڕەوتی فکری گرنگ دەکەن.

ئایا پێگەی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و ئابووری چییە لەو بیردۆزانەدا؟

**سەرمایەداری تەواو (ئادەم سمیپ)**

پێویستە دەوڵەت دەستهەڵبگرێت لە ئابووری، خەڵکی پێویستە بە تەنها خۆیان تێبکۆشن لەپێناو خاوەندارێتی و پارەدا، ئەوەیە هێزی بزوێنەری ئابووری.

**دژە سەرمایەداری ( کارل مارکس)**

سیستەمی سەرمایەداری ڕەتدەکرێتەوە، خاوەندارێتی تایبەت و کێبڕکێ دەبنە هۆکاری چەوساندنەوەی مرۆڤ.

**سەرمایەداری ئاڕاستەکراوی دەوڵەت ( جۆن مینارد کینز)**

ئابووری وەستاوەتە سەر خاوەندارێتی و بازاڕ، بەڵام دەوڵەت یاسا و ڕێسای

زیرەک دادەنێت و بوێرانەش دەستوەردەداتە ئابوریەوە لە کاتی قەیرانەکاندا. دەوڵەت ئەوکارە دەکات لەڕێگەی بەرنامە گەلێکەوە کە گرنگی دەدات بە توانای خەڵکی بۆکڕین تەنانەت لەکاتی قەیرانەکانیشدا. خاوەندارێتی تایبەتیش تایبەتە وەدەمێنێتەوە وەکو ئەوەی هەیە، بەڵام بڕە پارەیەک وەردەگیرێت لە دەوڵەمەندەکان بۆئەوەی دابەشبکرێتە سەر هەژارەکان لەڕێگەی باجەکانەوە.

**سۆشیال دیموکراتی چی دەوێت؟**

ئاشکرایە لە مێژووی هەردوو سەدەی نۆزدە و بیستەوە کە سەرمایەداری تەواو و دژە سەرمایەداری سەرکەوتوو نەبوون لەسەر زەمینەی واقع.

لەسەدەی بیستیشدا، سەرمایەداری ئاڕاستەکراو لەگەلێک وڵاتدا خۆی سەپاندە سەر هەردوو سیستەمە ئابوریەکەی تر. بوە پێشەنگ لەنێوان سەرمایەداری و ئاڕاستەکردنی دەوڵەتدا بەرەو گەشە و خۆشگوزەرانی، کە بەشێکی زۆری دانیشتوان سوودمەندبوون لێی.

### ٣-٢ سیاسەتی خواست وخستنەڕووی ڕۆژ

**مرۆڤ ئەمڕۆ لەباسکردنی ئابوریدا بەزۆری باس لە ((سیاسەتی خواست وخستنەڕوو)) دەکات. ئایا مەبەست لەوە چییە؟**

سیاسەتی خستنەڕوو وەردەگیرێت لە بیرۆکەکانی ئادەم سمیپ وە.

کۆمپانیاکان دەبنە وێسگەی چاوتێبڕین لە سیستەمی خستنەڕوودا. و ئامانجیش لەو سیاسەتە بریتییە لە دروستکردنی دۆخی گونجاو بۆ کۆمپانیاکان.

- بەپێی توانا دەبێت بنەماکان و پابەندیەکان کەم بن.
- بەپێی توانا باجەکان و ڕسوماتەکان نزم بن.
- بەپێی توانا دەبێت کرێی خاوەن کارەکان و ڕێژەیان لە یارمەتیدانی کۆمەڵایەتی کەم بێت.
- ئەرکی بانکی ناوەندی کەم بێت، تەنها کاری ئەو بریتییە لەسەر سووربوونی

بۆ پاراستنی نرخی دراو، بۆ نموونەش ئەوە مانای وایە بە نزیکەیی کە مرۆڤ هەمیشە دەتوانێت هەمان بڕ لە کەلوپەلێکی دیاریکراو بکڕێت بەبڕی ١٠ یۆرۆ.

بەوەش کۆمپانیاکان دەتوانن کە دەسکەوتی گەورە بچننەوە و هەلی کاریش بڕەخسێنن. ئەوەی پێشبینیش دەکرێت لەو کارەدا بریتییە لەوەی کە لە کۆتایی ڕێگاکەدا ئابووری بەگشتی سوودمەند دەبێت .

**سیاسەتی خواست**

سیاسەتی خواست وەردەگیرێت لە بیرۆکەکانی جۆن مینارد کینزەوە، کە تیایدا بەکاربەرەکان وێسگەی گرنگیپێدانن. ئەو سیاسەتەش ئامانجێتی کە دۆخی کاری گونجاو دابینبکات بۆ هاوڵاتیانی بەکاربەر.

- کاتێک کۆمپانیاکان قازانج دەچننەوە، پێویستە کە مووچەکان بەرزبکرێنەوە.
- کاتێکیش بەکاربەرەکان کەلوپەلێکی کەم دەکڕن و ئابوریش بەهێواشی گەشەدەکات، پێویستە دەوڵەت دەستێوەردان بکات. ڕەنگە دەوڵەت هەستێت بە وەبەرهێنان و بەوەش هەلی کاری نوێ دروستدەبێت.
- پێویستە بانکی ناوەندی سووربێت لەسەر پارێزگاریکردن لەسەر پاراستنی نرخی دراو، لەهەمان کاتیشدا لەسەر دروستکردنی هەلی کاری نوێ.

**خاڵی جیاوازی: کرێکان**

هەردوو ڕەوتەکە جیاوازیان هەیە دەربارەی کرێکان.

لایەنگرانی سیاسەتی خستنەڕوو دەڵێن: کرێکان بریتین لە تێچوونەکان.

لەکاتی قەیراندا، پێویست دەکات بەپێی توانا کرێکان کەمبکرێنەوە، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆکاری کەمکردنەوەی خەرجیەکانی بەرهەمهێنان ئەوەش بەسوودە بۆ قازانجەکان. لە ئەنجامیشدا کۆمپانیاکان لە ئایندەدا دەتوانن وەبەرهێنان بکەن. کە بە قازانج دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئابووری بەگشتی.

بەڵام بەڵگەی لایەنگرانی سیاسەتی خەاست بریتیە لە: کرێکان پێویستن لە پێناو خواستدا. تەنانەت لەکاتی قەیرانەکانیشدا. پێویستە کرێکان باش بن.

هەرکەسێک مەترسی دارایی هەبێتلەترسا پاشەکەوت دەکات، کۆمپانیاکانیش

هیچ کەس نابیننەوە کە کاڵاکانیان بکڕن، بەواتایەکی تر: کاتێک خواست کەم دەبێت لەسەر بەرهەمەکان، کۆمپانیاکان داهاتەکانیان لەدەستدەدەن و زیانیان بەردەکەوێت. کرێ باشەکان لەتوانایاندایە ڕێگەبگرن لەو کارە.

# بەشی سێیەم

# سیستەمە ئابوورییە نوێکان

بەشی سێیەم باس لە سیستەمە ئابورییە نوێکان دەکات. لەسەرەتادا، باس لە پەیوەندی نێوان سیستەمی ئابووری و سیستەمی سیاسی دەکەین. لە ئەوروپادا گەشەکردنی سەرمایەداری و گەشەکردنی دیموکراتیەت پێکەوە دەست لەدەست بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێن. جا ئایا لەهەموو جێگەیەکدا بەو شێوەیەیە؟

لەدواییدا، دۆخی ئێستاش باس دەکەین. ئەو سیستەمە ئابورییە بەرکارانەی ئێستای ئەوروپا کامانەن؟ بەهەمان شێوە باس لە چوار بابەتی تر دەکەین کە بریتین لە:

١. دارایی

٢. کار

٣. خوێندنی پیشەیی

٤. پەیوەندی نێوان کۆمپانیاکان

دواتریش سیفاتە یەک لەدوایەکەکانی ئابووری بازاڕی کۆمەڵایەتی ڕووندەکەینەوە.

### ٣-١ سەرمایەداری و دیموکراتی

لەگەڵ پێشکەوتنی سیستەمی سیاسیدا، سیستەمی ئابوریش لە ئەوروپادا پێشکەوت.

**دیموکراتی**

خەڵکی لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا خەباتیان کرد لە پێناو بەدەستهێنانی زیاتری ئازادیە سیاسیەکاندا. خەڵکی بێزاربوون لە خزمەتکردنی تاکە سەرکردەیەک بۆئەوەی بەتەنها حوکمڕانی بکات. بەڵکو گەرەکیان بوو کە بەشداربن لەگەڵیدا، داوای دادوەری سەربەخۆ و مافە بنەڕەتیەکانیان کرد ، وەک مافی ڕادەربڕین و مافی هەڵبژاردنی ئازاد. وڵاتان زیاتر بونە دیموکراتی بەشێوەیەکی هەنگاوبەهەنگاو و لەسەر خۆ. لە ئێستادا بەنزیکەیی هەموو خەڵکی لە ئەوروپادا لەوڵاتانی دیموکراتیدا دەژین.

### سەرمایەداری

لەهەمان کاتدا، هاوڵاتیان و کۆمپانیاکان داوای زیاتری ئازادیان دەکرد لە بازرگانیدا. خەڵکی دەیانویست کە ببنە خاوەنی موڵکی تایبەت و بەهەمان شێوە کۆمپانیا تایبەتەکانیان دابمەزرێنن، لەبەرئەوە، داوای کێبڕکێی ئازاد و توانای بڕیاردانی سەربەخۆی خۆیانیان دەکرد دەربارەی هاوبەشە بازرگانەکانیان. پادشاکان بە هێواشی وازیان لە دەسەڵاتە ڕەهاکانیان هێنا لەسەر بازرگانی. بەو شێوەیە لە ئەوروپای نوێدا سەرمایەداری و بازرگانی ئازاد سەریانهەڵدا.

### سەرمایەداری نەوەک دیموکراتی

بەشێوەیەکی خۆڕسکی(خۆبەخۆ) ئەو وڵاتانەی کە ئابورییەکی سەرمایەدارییان هەیە ناگۆڕین بۆ وڵاتانێکی دیموکراتی. با چین وەربگرین بە نموونە: چین لەسەدەی بیستدا وڵاتێکی تاکرەوی شیوعی بوو، ئابوریەکەی لە دەیەی حەفتاکانەوە لەسەدەی ڕابردوودا دەستیکرد بە گۆڕان بەرەو سەرمایەداری. لە ئێستاشدا، ئابووری چینی بۆتە بەهێزترین ئابووری لە جیهاندا، تائێستاش هەر لە گەشەکردندایە، ئەوەش هۆکاری خۆشگوزەرانی زۆرێکە لە چینیەکان. بەڵام سیستەمی سیاسی لە چیندا هێشتا دەسەڵاتخواز و تاکرەوە وەک لە پێشتردا هەبوە.

### سیستەمی دەسەڵاتخوازی

سیستەمێکی سیاسی نادیموکراتیە. کە تەنها یەک پارتی سیاسی هەیە کە مرۆڤ دەتوانێت دەنگی پێبدات. ئازادی سیاسیش تەنها کەمێک هەیە ، ئەویش ئەگەر هەبێت.

### دیموکراتیەتی سەرمایەداری

وڵاتانێکی سەرمایەداری هەن کە دیموکراتییان تیادا نیە، بەڵام بەپێچەوانەوە. هەموو وڵاتێکی دیموکراتیی شێوەیەک لە شێوەکانی سەرمایەداری تیادایە وەک سیستەمێکی ئابووری.

**ناکۆکی نێوان سەرمایەداری و دیموکراتیەت**

بەهەمان شێوە ناکۆکی لەنێوان سەرمایەداری و دیموکراتییدا بوونی هەیە.

**دیموکراتیەت وەستاوەتە سەر یەکسانی:**

هەموو مرۆڤەکان هەمان مافەکانیان هەیە وەکو یەک، بۆ هەموو کەسێکیش تەنها یەک دەنگ هەیە و هەموو دەنگەکانیش هەمان گرنگیان هەیە. پێویستە هەموو مرۆڤەکانیش هەمان هەلیان دەستبکەوێت.

**سەرمایەداری یان ئابووری بازاڕ وەستاوەتە سەر کێبڕکێی ئازاد:**

مرۆڤ دەتوانێت ئەوەی لەتوانایدایە بچنێتەوە بەو ڕێگایەی کە بۆی گونجاوە، ئەوەش دەبێتە هۆی دەسکەوتنی دەرئەنجامی نایەکسان، مرۆڤەکان یەکسان نابن لەوەی کە بەدەستیدێنن.

بەڵام کاتێک دەوڵەت دەستوەردەدات و کرداری دابەشکردن دووبارە دەکاتەوە، خەڵکی ئیدی هۆکاری هاندانیان لەدەستدەدەن بۆ ئەوەی ئەوپەڕی توانایان وەگەڕبخەن. لەوباوەڕەدا دەبن ئیدی پێویست بە خۆماندووکردن ناکات چونکە ئەوەی کە پێویستیانە دەستیان دەکەویت.

دەشێت ئاستەکانی نایەکسانی کەڵەکەببن ئەگەر دەوڵەت کارێک نەکات و بێدەنگ دابنیشێت. ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی دەسکەوتێکی زۆریان دەستدەکەوێت لەبەرامبەر ئەوەی کە کرێیەکی زۆر نزم دەداتە زۆرێک لە کەسانی تر سەرەڕای ئەوەی کە زۆر کاردەکەن.

تائێستاش کرێ ناهاوتاکان کاریگەرییان هەیە لەسەر کۆمەڵگا. جا ئەو کەسانەی کە کەمیان دەستدەکەوێت ئەوا هەلی کەمیان لە بەردەمدایە بۆ بەشداریکردن، زۆر بەکەمی بەشداردەبن لە چالاکیەکانی کۆمەڵەکان یان سیاسەتدا.

نموونەیەک: زۆربەی خەڵکی لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوادا ژیانێکی شایستەدەژیان لەوکاتەوەی کە پەڕجوو(موعجیزە)ی ئابووری ڕوویدا لە دەیەکانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا. بەجۆرێک کرێکانیان ساڵانە زیادی دەکرد، تۆڕێکی

دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەبوو بۆ ئەوانەی کە ناتوانن کاربکەن. کۆمپانیا و سەندیکاکان پێکەوە کاریان دەکرد لە پێناو خێری کۆمەڵگادا. ناکۆکی نێوان دیموکراتیەت و بازاڕی ئازادیش لەژێر کۆنترۆڵدا بوون.

بەڵام ناکۆکی نێوان دیموکراتیەت و سەرمایەداری لەم ساڵانەی دواییدا ڕوو لە زیادبوون بوو، جیاوازیەکانی نێوان دەوڵەمەند و هەژارەکانیش فراوانتر بوو، مافە کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکیش کەوتنە بەر مەترسیەوە، لەگەڵ گرنگیدانی زۆرێک لە کۆمپانیاکان بە وەدیهێنانی زۆرترین و گەورەترین قازانج وەک لە گرنگیدانیان بە کرێکارەکانیان و کۆمەڵگاش.

## ٣-٢ سیستەمەکانی ئابووری

لەبەشی دووەمدا بیرمەندە گەورەکان و بیردۆزە ئابوریەکانیانمان ناسی. لە واقیعدا، هیچ سیاسەتێکی ئابووری نیە کە تەنها دوای یەک بیردۆزەی ئابووری بکەوێت. هەربۆیە هەمیشە ئابووری بریتییە لە تێکەڵەیەک لە بیردۆزەکان.

سەرمایەداری بوونی هەیە لە هەموو وڵاتانی ڕۆژئاوای پیشەسازیدا. لەزۆرێک لە وڵاتانیش، دەوڵەتیش بەشێوەیەکی کەم تا زۆر دەستوەردەدات. هەربۆیە زاناکان دوو زاراوەیان لەوەصفی ئەوەدا داناوە:

**سەرمایەداری ناڕێکخراو:**

زاراوەیەکە کە بەکاردێت بۆ وەصفکردنی ئەو ئابوریانەی کە بنەمای ((یاسا و ڕێسا)) یان تیادا کەمە، بەشێوەیەک هەموو کەسێک دەجەنگێت لەپێناو بەرژەوەندیەکەیدا.

**سەرمایەداری ڕێکخراو:**

زاراوەیەکە بەکاردێت بۆ وەصفکردنی ئەو ئابوریانەی کە بنەمای (( یاسا و ڕێسا))ی دادپەروەریان تیادایە و سەندیکاکان بەهێزن و پەیوەندیەکانی خاوەن کارەکانیش بەهێزن.

ئایا جیاوازی چییە لە نێوان سەرمایەداری ڕێکخراو و سەرمایەداری ناڕێکخراودا؟

با سەرلەنوێ چاوێک بخشێنینەوە بەسەر چوار بابەتەکەی تردا:

- سیستەمی دارایی
- پەیوەندی نێوان خاوەن کار و کرێکاران
- چۆنێتی ڕێکخستنی قوتابخانە و ڕاهێنانی پیشەیی
- پەیوەندی نێوان کۆمپانیاکان
- سەرمایەداری نا ڕێکخراو ( ئادەم سمیپ)
- سیستەمی دارایی

کۆمپانیاکان هەڵدەستن بە پێدانی پشتیوانی دارایی خۆبەخۆ لەڕێگەی بازاڕی سەرمایەوە. هەر کەسێک دەتوانێت پشک بکڕێت لەو کۆمپانیایانەدا کە لەڕێگەیەوە یا قازانج دەکات یان دەبێتە هۆی زەرەرمەندبوون. وەبەرهێنەرەکانیش سووربونێکی زۆریان هەیە لەسەر ئەوەی کە گەورەترین بڕ قازانج بکەن. بەوەش، کۆمپانیاکان هەنگاودەنێن بەرەو مەترسی زیاتر و تەنها پارێزگاری دەکەن لە بەشێک لە یەدەگەکانیان و هەڵناستن بە وەبەرهێنانی دوورمەودا .

**بازاڕی سەرمایە**

بازاڕی قەرزەکان و پشکەکان و وەبەرهێنانەکانە.

**وەبەرهێنەکان**

خەڵکی- یان کۆمپانیاکان –کە هەڵدەستن بە دابینکردنی سەرمایە بۆ هەر پڕۆژەیەک.

• **خاوەن کار و کرێکاران**

خەڵکی تەنها بۆ ماوەیەکی کەم لەلای هەمان خاوەن کار کاردەکەن، تەنها پارێزگاریەکی کەمیان هەیە لە دەرکردنیان لە کارەکانیان. هەروەک چۆن پێویستە هەر کەسێک خۆی گفتوگۆبکات لەسەر کرێکەی، و کاریگەری سەندیکاکانیش لاوازن.

• **ڕاهێنانی پیشەیی**

خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی دوو بواری زۆر فراوانن. کاتێک کەسێک زانیاریەکی گشتی و فراوانی هەیە، دەتوانێت کارەکەی بە ئاسانی بگۆڕێت. زانیاری گشتی گرنگە بۆ گواستنەوە لە بازاڕی کاردا. بەڵام لە هەندێک بواردا زانیاری پسپۆڕی هێشتا زۆر کەمە.

• **پەیوەندی نێوان کۆمپانیاکان**

پەیوەندی نێوان کۆمپانیاکان بە کێبڕکێی توند جیادەکرێنەوە، زۆر بەکەمی کۆمپانیاکان یارمەتی یەکتردەدەن وزۆر بەکەمیش یەکدەگرن.

سەرمایەداری ناڕێکخراو سیستەمێکی نەرمە:

دەکرێت کە کۆمپانیاکان بە خێرایی خۆبگونجێنن کاتێک کۆمەڵگا یان ئابووری دەگۆڕێت، ئەوە کارێکی باشە بۆ نوێبوونەوە و بوارەکانی تر. بەڵام ئەو سیستەمە سەلامەت نیە وجێگیریش نیە بەلای کرێکارانەوە.

• **سەرمایەداری ڕێکخراو**

• **سیستەمی دارایی**

زۆربەی کۆمپانیاکان پشتگیری داراییان(( پێدانی پارە)) یان لەلایەن بانکەکانەوە دەبێت، کۆمپانیاکانیش کاتێکی باشیان پێدەدرێت بۆ گەڕانەوەی قەرزەکانیان، لەبەرئەوە کۆمپانیاکان ناکەونە دۆخێکەوە کە ڕووبەڕووی مەترسی گەورە ببنەوە. کۆمپانیاکان بەهەمان شێوە دەستدەگرن بە یەدەگێکەوە بۆ وەبەرهێنە دوور مەوداکان.

بەڵام ئەو سیستەمە داراییە ئاسان نیە بۆ کۆمپانیا نوێکان. لەبەرئەوەی

بانکەکان پێیان باشترە کە مامەڵە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە بکەن کە ماوەیەکی دوورودرێژە کاریان لەگەڵ دەکەن.

- **خاوەن کار و کرێکاران**

خەڵکی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کاردەکەن لەگەڵ هەمان خاوەن کاردا، و پارێزگاری باشیشیان لێدەکرێت لە دەرکردن لەکارەکانیان. و کرێش بەتەنها نادرێت بەکرێکاران هەریەکە بۆ خۆی. بەڵکو گفتوگۆی لەسەردەکرێت بۆ هەموو کرێکاران لەهەمان بواری خۆیدا. ئەو گرێبەستانەش پێیان دەوترێت گرێبەستی کاری بەکۆمەڵ.

**گرێبەستی کاری بەکۆمەڵ**

بریتیە لەو گرێبەستەی کە واژۆدەکرێت لە نێوان کۆمەڵەی خاوەن کارەکان یان خاوەن کار و سەندیکادا تایبەت بە کرێکان و مووچە و دۆخی کارکردن.

- **ڕاهێنانی پیشەیی**

خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی لەیەک کاتدا زانیاری گشتی و پسپۆڕی کۆدەکاتەوە. زۆرێک لە گەنجان بەشێک لە ڕاهێنانە پیشەییەکانیان ئەنجامدەدەن لە قوتابخانەی پیشەییدا و بەشەکەی تریش لە کۆمپانیا یان کارگە یان هەر جێگەیەک کە لە ئایندەدا کاری تیادادەکەن. ئەوەش پێی دەوترێت ڕاهێنانی پیشەیی دوولایەنە و ئەم جۆرە لە ئەڵمانیادا پیادە دەکرێت.

**ڕاهێنانی پیشەیی دوولایەنە:**

ڕاهێنانێکە کە بەشێکی لە قوتابخانەی ڕاهێنانی پیشەیی و بەشەکەی تری لە کۆمپانیا ئەنجام دەدرێت. بەوەش خوێندکار هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی فێردەبێت.

- **پەیوەندیەکانی نێوان کۆمپانیاکان**

هاوکاری و پەیوەندی لەنێوان کۆمپانیا جیاوازەکاندا هەیە. بۆ نموونە، ڕەنگە کۆمپانیاکان ئاڵوگۆڕبکەن بۆ کڕینی پێداویستیەکانیان لەنێوان خۆیاندا.

سەرمایەداری ڕێکخراو سیستەمێکی جێگیرە

لەم سیستەمەدا کرێکاران هەست بە سەلامەتی و پارێزراوی زیاتر دەکەن. کۆمپانیاکانیش دەتوانن کە خۆیان پێشبخەن بۆ دوورمەودا. بەڵام سیستەمەکە زۆرنەرم نیە، کرداری نوێبونەوە تیایدابەشێوەیەکی لەسەرخۆ ئەنجامدەدرێت. سیستەمەکە پێویستی بەماوەی زۆرە بۆ خۆگونجاندنی لەگەڵ کێشە نوێکاندا.

**سیفاتە باش و کەموکڕیەکان**

بۆ هەریەکە لەو دوو سیستەمە سیفاتی باش و کەموکوڕیشییان هەیە، هیچ کامیان لەویتریان باشتر نیە، و کارەکە دەوەستێتە سەر ئامانجە خوازراوەکان.

لەو وڵاتانەی کە پشتدەبەستنە سەر سیستەمی سەرمایەداری ناڕێکخراو کۆمپانیای نوێی زۆر دەردەکەون کە بەخێرایی گەورە بوون بەهۆی بیرۆکە داهێنەرەکانیانەوە. بۆنموونە، لەبواری تەکنەلۆجیای زانیاریدا، کۆمپانیای وەکو گوگڵ و مایکرۆسۆفت و فەیسبووک لە ئەمریکادا سەریانهەڵداوە.

بەڵام لەو وڵاتانەی کە پشتدەبەستنە سەر سەرمایەداری ڕێکخراو، کۆمپانیای بەهێز لە بوارە کلاسیکیەکاندا دەردەکەون، بۆ نموونە، وەک پیشەسازی ئۆتۆمبێل، بەشێوەیەک تائێستاش لە ئەڵمانیا و سوید هێشتا هێواش هێواش سەرکەوتنی زیاتر بەدەستدێنن بەهۆی بوونی ئەمان و پارێزگاری زیاترەوە لە ئۆتۆمبێلەکانیاندا.

**سۆشیال دیموکراتی چی گەرەکە؟**

لەڕاستیدا بەها بنەڕەتیەکانی سۆشیال دیموکراتی لەو وڵاتانەدا وەدیدێن کە پەیڕەوی سەرمایەداری ڕێکخراو دەکەن. لەبەرئەوەی سەرمایەداری ڕێکخراو ئەمان و پارێزگاری زیاتر دەداتە کرێکاران.

## ٣-٣ ئابووری بازاڕی کۆمەڵایەتی

لە ئابووری بازاڕی کۆمەڵایەتیدا:

• کۆمپانیاکان دەتوانن کێبڕکێ بکەن بە ئازادی لەنێوان خۆیاندا.

• گفتوگۆو و ڕێکەوتن دەکرێت لەسەر کرێ لەنێوان کرێکاران و خاوەن کاردا، و تیایادا سنووری نزمترین کرێ دیاریدەکرێت.

• مافی هەموو مرۆڤێکە کە ببێتە خاوەنی موڵک.

بەڵام بەهەمان شێوە ئابووری بازاڕی کۆمەڵایەتی بەمانای:

پارێزگاریکردن لە ژیان دێت لە کاتی قەیرانە گەورەکاندا ، وەک بیمەی تەندروستی و بێکاری و مووچەی خانەنشینی کاتێک مرۆڤ دەگاتە تەمەنی خانەنشینی.

کاری دابەشکردنی سامانی کۆمەڵگا ئەنجامدەدرێت بەشێوەیەکی یەکسانی لە ڕێگەی باجەکانەوە، بەشێوەیەک خاوەن داهاتە بەرزەکان باجی زیاتر دەدەن، کە پێی دەوترێت باجی هەڵکشاو.

بەوەش، پشتیوانی لەخوێندن دەکرێت بۆ هەمووان، خوێندن زۆر گرنگە لە پێناو وەدیهێنانی هەلی یەکسان.

بۆ نموونە سیاسەتی ئابووری ئەڵمانیا دوو ڕەگەزی گرنگ پێکەوە کۆدەکاتەوە: ئابووری بازاڕ و ئەمان و پاراستنی کۆمەڵایەتی.

### دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی

سیستەمی گشتی کۆمەڵایەتیە لە دەوڵەتدا. کە باخچەی منداڵان و قوتابخانە و بیمەی تەندروستی و خانەنشینی لەخۆدەگرێت.

ئابووری بازاڕی کۆمەڵایەتی زۆر سەرکەوتوە لە ئەڵمانیادا، چینی ناوەڕاست زۆرینە پێکدێنن، تاڕادەیەک لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر کەم لە دەوڵەمەندان یان زۆر هەژار. ئابووری بازاڕی کۆمەڵایەتی دادەنرێت بە نموونەیەک بۆ زۆرێک

لە ولاتان. و ئەڵمانیاش ماوەی چەند دەیەساڵێکە دادەنرێت بە یەکێک لە ولاتە دەوڵەمەندەکانی جیهان.

بەلام لەم سالانەی دواییدا نایەکسانی لە ئەڵمانیادا زیادیکردووە، لەبەرئەوە زۆرێک لە خەڵکی دەڵێن پێویستە لەسەرمان توانای زیاتر خەرجبکەین لە ئابووری بازاڕی کۆمەلایەتیدا لە پێناو پارێزگاریکردن لەسەر لایەنی کۆمەلایەتی!

# بەشی چوارەم

# چی گرنگە بەلای سۆشیال دیموکراتیەوە؟

بەشی چوارەم دەربارەی ئەو پرسیارە دەسوڕێتەوە کە دەڵێت: ئەوە چییە کە گرنگە بەلای سۆشیال دیموکراتیەوە؟ وەڵامەکەش دەسوڕێتەوە دەربارەی بەها بنەڕەتیەکانی سۆشیال دیموکراتی کە بریتین لە ئازادی و دادپەروەری و هاوکاری.

## ١-٤ بەها بنەڕەتیەکان

### بەها بنەڕەتیەکان

ئـازادی دادپــەروەری و هاوکاری بریتین لە بەها بنەڕەتیەکانی سۆشیال دیموکراتی. کە لە کتێبی یەکەمدا ((دەروازەیــەک بۆ سۆشیال دیموکراتی)) بەدوورودرێژی باسی بەها بنەڕەتیەکانمان کردووە و دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەو کتێبە.

### بەها بنەڕەتیەکان

### ئازادی

ئازادی مانای وایە کە مرۆڤ بتوانێت بەبێ توندوتیژی و ترس و چەوساندنەوە بژی. دەوڵەت و کۆمەڵگاش پێکەوە بەشداریبکەن بۆ دەستەبەری ئەو ئازادیە. جا ئازادی ڕاستەقینە مانای وایە کە خەڵکی ئەوەندە پارە و هەلیان هەبێت کە خۆشی لە ژیانێکی ئازادی خۆیان وەربگرن . هەر بۆ نموونە:مرۆڤ پێویستی بە بنمیچێکە کە بیپارێزێت و داهاتێک کە دەوڵەمەندی بکات و خوێندنێکیش کە پێداویستی بۆ دابینبکات. تەنها لەو حاڵەتەدا، مرۆڤ دەتوانێت کە ژیانی بە ئازادی بەڕێبکات و بشتوانێت خەونەکانی بێنێتە دی.

### دادپەروەری

خەڵکی جیاوازن، بەڵام لەبەردەم یاسادا هەمووان هەمان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. لە دەوڵەتی سۆشیال دیموکراتیدا، خەڵکی هەمان هەلیان بۆ دەڕەخسێت، بەبێگوێدانە دایک و باوکیان و تەمەن و ڕەگەزیان. هەمان مافیشیان هەیە لە

یارمەتیدان و بەشداریکرندیان لە کۆمەڵگادا. بەشداریکردن مانای بەهەندوەرگرتن و ڕێگەپێدانە لە بەشداریکردندا.

**هاوکاری (سۆلیدارێتی)**

هاوکاری مانای وەستانی خەڵکە بە تەنیشت یەکەوە وپشتگیریکردنی یەکتریە. ئەوان پێکەوە ئامادەن بۆ یارمەتیدانی یەکتری لە پێناو باشکردنی کۆمەڵگا. هاوکاری بەهەمان شێوە مانای یارمەتیدانی بەهێزەکانە بۆ بێدەسەڵات و لاوازەکان.

یۆهانس ڕاو کە سۆشیال دیموکراتێکە دەڵێت: هاوکاری وەک چیمەنتۆ وایە بۆ پێکەوەلکاندنی کەرەسەکانی بینا کە پارێزگاری لە یەکگرتوویی کۆمەڵگا دەکات.

ئایا گرنگی بەها بنەڕەتیەکان چیە بۆ سیاسەتی ئابووری لە سۆشیال دیموکراتیدا؟

پێویستە بەرچاومان ڕۆشن بێت بۆ سێ خاڵ کە بریتین لە:

١. گەشەکردن

پێویستە ئابووری گەشەبکات، بەهۆکاری ئەو گەشەکردنەوە خۆشگوزەرانی زیاد دەکات. ئەمەش بوار دەدات بۆ نموونە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی (ڕیفۆرم) لەدەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا.

٢. یەکسانی کۆمەڵایەتی

لە کۆمەڵگای نایەکسانیدا جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان بەشێوەیەکی گەورە دەردەکەون لە نێوان دەوڵەمەند و هەژارەکاندا، جاکۆمەڵگایەکی وەها ناتوانێت بەردەوام بێت. لەبەر ئەو هۆکارە یەکسانی کۆمەڵایەتی گرنگیەکی گەورەی دەبێت.

٣. بەردەوامبوون

کاتێک ژمارەی ئەو دارانەی کە دەکەون زیاتر دەبن لە ژمارەی ئەو دارانەی کە گەشەدەکەن، ئەوا درەختەکانی جەنگەڵەکە لە یەکێک لە قۆناغەکاندا لەناودەچن. جا کاتێک کارگەکان کەرەسە ژەهراویەکانیان فڕێدەدەنە ناو ئاو یان گازە

ژەهرەکانیان فڕێدەدەنە هەواوە، ئەوا زۆرێک لە خەڵکی تووشی نەخۆشی دەبن.

لەبەرئەوە، بەردەوامبوون دادەنرێت بەکارێکی گرنگ، ئەوەش مانای وایە کە ئابووری پێویستە کاربکات بە ڕێگایەک کە خۆشگوزەرانی تەنها بۆ ماوەیەکی کورت وەدینەهێنێت بەڵکو بۆ دوور مەودا کاربکات.

سۆشیال دیموکراتەکان وایدەبینن کە هەر سێ بنەماکانی، واتە گەشەکردن و یەکسانی کۆمەڵایەتی و بەردەوامبوون، هەموانیان هەمان گرنگیان هەیە. بەوەش، لە ڕەوتە فکریە سیاسیەکانی تر جیادەکرێنەوە. لای پارێزگارەکان و لیبراڵەکان و سەوز و چەپەکانیش، یەک بنەمایان بەلاوە زۆر گرنگە، بەڵام سۆشیال دیموکراتەکان دەڵێن پێدانی پێگەیەکی یەکسان بە هەرسێ بنەماکە لە سیاسەتی ئابوریدا دەستەبەری گەشەیەکی جۆری دەکات.

### گەشەی جۆری

گەشەیەکی کۆمەڵایەتی بەردەوامە و گەشەیەکە کە سوودی هەیە بۆ تەواوی کۆمەڵگا وپارێزگاریش دەکات لەزەویەکەمان (ئەستێرەکەمان).

## ٤-٢ گەشەکردن

گەشەکردن گرنگە بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا. پێویستیش ناکات کە گەشەکردن گەورە بێت، بەڵکو زیادەیەکی کەم لە تێکڕای گەشەکردنی ساڵانەدا ئاماژەیەکی باش پێکدێنێت.

خەڵکی پێویستییان بە پارەی پێویستە بۆ ژیان و نیشتەجێبوون. ئەوەش پێی دەوترێت دەستەبەری پێداویستیە بنەڕەتیەکان. دەوڵەت پێویستی بە پارەی پێویستە بۆ ئەوەی بتوانێت کە قوتابخانە و ڕێگاکان بۆ هەمووان دروستبکات، هەروا بۆ پێدانی یارمەتییە کۆمەڵایەتیەکانیش.

هەربۆیەش بەهەمان شێوە گەشەی ئابووری ئامانجێکی گرنگە.

**گەشەی ئابووری**

چۆن بزانین کە ئابووری گەشە دەکات؟

کاتێک کاڵای زیاتر دەفرۆشرێت و خواستی زیاتریش هەیە لە کەرتی خزمەتگوزاریدا بەبەراوورد بە ساڵی ڕابردوو. ئەوە مانای گەشەی ئابووری دەگەیەنێت.

## ٣-٤ یەکسانی کۆمەڵایەتی

کۆمەڵگایەک کە نایەکسانی کۆمەڵایەتی تیادا بێت ناتوانێت کە بۆ ماوەیەکی دووروودرێــژ خۆڕابگرێت. لـەبـەرئـەوە، پێویستە دەوڵـەت خۆشگوزەرانی بەشێوەیەکی دادپـەروەرانـە دابەشبکات. گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنە نەک هەر کۆمەڵایەتیە، بەڵکو بەهەمان شێوە بە قازانجیشە بۆ ئابووری.

کۆمپانیای ((هێنری فۆرد))ی ئەمریکی بۆ نموونە هەمیشە کرێیەکی بەرزی دەدایە کرێکارەکانی. فۆرد دەیوت: ئۆتۆمبێل ئۆتۆمبێل ناکڕێت. مەبەستی ئەوە بوو کە ئەو کەسانەی داهاتێکی باشیان هەیە تەنها دەتوانن کە ئەو بەرهەمانە بکڕن کە ئابووری دەیەوێت بیانفرۆشێت.

یەکسانی کۆمەڵایەتی بۆ گەشەکردنی ئابووری زۆر گرنگە. هەر لەبەر ئەو هۆکارەشە، ئەو کەسانەی کە هەست بە ئەمانەت و سەلامەتی کۆمەڵایەتی دەکەن ئەو کەسانەن کە متمانەیان بەخۆیان هەیە زیاتر لەکەسانی تر و بەرگەی مەترسیەکانیش دەگرن کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەکاتی دامەزراندنی پرۆژەی نوێدا.

یەکسانی کۆمەڵایەتی گرنگە، زۆربەی دەستوری وڵاتانی دونیا بەدەق باسی لێوەدەکەن، هەروەها دەقی یاساییش هەیە لەوبارەیەوە کە وادەکات پابەندبوون دروستبێت بۆ خاوەندارێتی. ناکرێت خاوەندارێتی تایبەتی بەکاربهێنرێت بۆ زیان گەیاندن بە کۆمەڵگا.

نموونەیەک: خاوەنی زەوی و خانووبەرە

ڕێگەنادرێت بە خاوەنی باڵەخانە نیشتەجێبوونەکان کە بە چۆڵی باڵەخانەکانیان دابنێن. پێویستە لەسەری بەکرێی بدات بەرامبەر کرێیەکی گونجاو و پێویستە

نۆژەنیشی بکاتەوە هەروەها بۆشی هەیە سەرلەنوێ کە بیفرۆشێت بە نرخی دادپەروەرانە. ئەمەش بە خێر دەگەڕێتەوە بۆ هەمووان.

دیاریکردنی نزمترین کرێش کارێکی زۆر گرنگە بۆ دابینکردنی یەکسانی کۆمەڵایەتی. هەربۆیە پێویستە ئەو کەسەی کە بە درێژایی ڕۆژ کاردەکات بتوانێت کە لەوەی دەستیدەکەوێت پێی بژی. بەپێی یاساش ئاستی نزمترین کرێش دیاریکراوە، ئەمەش کرێکاران و فەرمانبەران دەپارێزێت لە چەوساندنەوە. زۆرێک لە وڵاتانی ئەوروپا ئەزموونی باشیان هەیە لەگەڵ ئاستی نزمترین کرێدا.

**ئاستی نزمترین کرێ**

بریتیە لە نزمترین کرێ کە پێویستە کرێکار یان فەرمانبەرێک وەریبگرێت بەرامبەر کارەکەی بە کاتژمێر.

## ٤-٤ بەردەوامبوون

بەردەوامبوون بریتییە لە بنەمای سێهەمی سیاسەتی ئابووری سۆشیال دیموکراتی. مەبەست لە بەردەوامبوون بریتییە لەوەی کە نابێت بڕێک لە کەرەسە بەکاربهێنین زیاتر لەو بڕەی کە دەکرێت جارێکی تر لە خۆیەوە گەشەبکات. ئەمەش مانای وایە کە نابێت پارێزگاری لە ژینگەکەمان بکەین بەتەنها، بەڵکو پێویستە پارێزگاری لە یەدەگەکانیشمان بکەین. چونکە بۆ یەدەگی ئایندەیی سێ پێکهاتە هەن کە بریتین لە ژینگە و ئابووری و پێکەوەژیان.

**ژینگەکەمان**

لە سەدەی ڕابووردووەوە ڕوونبۆتەوە کە ئابووری جیهانی ناتوانێت بەردەوام بێت لە گەشەکردن بە سانایی ئەگەر زیاتر و زیاتر لەکەرەسەی خاو بەکاربهێنرێت لەبەرئەوەی ئەوە سروشت لەناودەبات. جا لەپێناو پاراستنی گۆی زەوی کە لەسەری دەژین بۆ نەوەکانی داهاتوو، پێویستە لەسەرمان کە ڕێگای مامەڵەکردنمان لەگەڵ ژینگەدا بگۆڕین.

گۆستاف هاینیمان کە سیاسیەکی سۆشیال دیموکراتیە دەڵێت:

(( لە پێناو داهاتووی ئەو کەسانەی کە منداڵەکانمانن و نەوەکانمانن، پێویستە لەسەر هەموومان کە ئامادەگیمان هەبێت بۆ وەستان، بەڵکو گەڕانەوەش بۆ دواوە ئەگەر پێویست بکات)).

لەم ساڵانەی دواییدا، زۆرێک لەوڵاتان یاسای توندیان دانا بۆ پاراستنی ژینگە، ئامانجیش لێی بریتی بوو لەگەشەکردن بە بەکارهێنانی بڕی کەمتر لە کەرەسەی خاو.

ڕێگە نادرێت بە کۆمپانیاکان کە پاشەڕۆکانیان فڕێبدەنە ناو سروشتەوە، لەئێستادا وزەی زیاتر بەرهەمدێنین بەهۆی بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتیە نوێبوەکانەوە وەکو ڕەشەبا و وزەی خۆر. درەخت دەڕوێنین و ئەو ئاژەڵانەش دەپارێزین کە ڕووبەڕووی لەناوچوون دەبنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر و زیاتر بەکاردەهێنین کە دەتوانین قەرەبووی بکەینەوە.

### ئابوریەکەمان

پێویستە لەسەرمان پارێزگاری لە بەرژەوەندی نەوەکانی داهاتووشمان بکەین. ئەرکی کۆمەڵگاشە کە گرنگی بدات بە خەڵکی کە لە ئێستادا دەژین، هەروەک چۆن لێپرسراوێتی ئەو کەسانەش هەڵدەگرێت لە دوای ٥٠ یان ١٠٠ساڵی تر دەژین. بەهەمان شێوە دەکرێت لەتوانایاندا بێت کە ڕاهێنانێکی پیشەیی باشیان دەستبکەوێت لەگەڵ پێشکەوتن بە ئازادی. لەپێناو بەرژەوەندیەکانیاندا، پێویستە چارەسەری کێشەکانی سبەینێ و ئەمڕۆش بکەین.

### پێکەوەژیانمان

بەهەمان شێوە بەردەوامبوون گرنگیەکی گەورە لەخۆیدەگرێت لەناو کۆمەڵگادا. خەڵکی بەشێک نین لە کۆمەڵگا تەنها بۆ ماوەیەکی کورت، بەڵکو بەدرێژایی تەمەنیان بەشێکن لە کۆمەڵگا. بۆیە پێویستە لەسەریان بتوانن کە بژین بە ئەمانەت و سەلامەتی و بەشداریکردن لە کۆمەڵگادا و خەڵکانی تریش قبوڵ

بکەن. لەکاتی ڕوودانی گۆڕانکاریشدا پێویستە لەسەریان بەبەردەوامی ئەوە بکەن، ، بۆیە پێویستە لەسەرمان لە پێناو ئەو ئامانجەدا کە هەمووان بەباشی کاربکەین. ئێمە پێویستمان بە دەوڵەتێک و کۆمەڵگایەکە کە پشتیوانی لەوە بکەن و بیکەنە کارێکی کردەیی.

## ٥-٤ گەشەکردنی جۆری

گەشەکردن و یەکسانی کۆمەڵایەتی وبەردەوامبوون

هەریەکە لە گەشەکردن و یەکسانی کۆمەڵایەتی و بەردەوامبوون هەمان گرنگیان هەیە بەلای سۆشیال دیموکراتەکانەوە، هەریەکەشیان ئەویتریان بەهێز و تەواو دەکات. پێکەوە هەرسێکیان بنەماکانی ئابووری کۆمەڵایەتی و وەدیهێنانی گەشەی جۆری پێکدەهێنن.

**گەشەکردنی کوێرانە**

ئایا هیچ ناکۆکیەک نیە لەنێوان ئەو سێ بنەمایانەدا ((گەشەکردن و یەکسانی کۆمەڵایەتی و بەردەوامبوون))؟

بەڵێ، ناکۆکیان هەیە.

ئەگەر هیچ گرنگیەک نەدەین بە ژینگە، ئەوا ئابووری بە خێراییەکی گەورە گەشەدەکات، لەماوەیەکی زۆر کورتدا.

خۆئەگەر هەڵنەستین بە دووبارە دابەشکردنەوەی خێروبێر و هەلەکان، ئەوا تەنها گروپێکی بچوک لە دەوڵەمەندەکان دەسکەوتی گەورە بۆخۆیان دەپچڕن.

بەڵام گەشەکردنێکی کوێرانەی ئاوها لە ئامانجی سۆشیال دیموکراتەکاندا نیە، لەکاتێکدا کە هیچ پەیوەندی نیە بە بەها بنەڕەتیەکانی ئازادی و دادپەروەری و هاوکارییەوە. لەبەرئەوە، هەمیشە سۆشیال دیموکراتەکان دەپرسن:لە کوێ و چۆن و بۆ چ ئامانجێک گەشەدەکەین؟

وەک چۆن لەسەر زمانی سۆشیال دیموکرات ڤیلی براندت Willy Brandtەوە هاتوە:

(( مەسەلەکە بریتیە لە دیدگا بۆ گەشەکردن. . . پێویستە لە خزمەتی خەڵکیدا بێت. و نابێت بارودۆخ جڵەوگیرمان بکات، بەڵکو دەبێت ئێمە جڵەوگیری بکەین. پێویستە لەسەرمان بەتوندی بیربکەینەوە و کاری پێکەوەیی باشیش ئەنجام بدەین)).

کاتێک بە ووردی بیردەکەینەوە، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە سێ بنەماکە هەریەکەیان ئەویتر تەواو دەکات.

یەکسانی کۆمەڵایەتی گرنگە بۆ ئابوریەکی بزۆک. هەرکەسێک بزانێت کە دەوڵـەت یارمەتیدەدات لەکاتی ناکاودا ئـەوا متمانەی بەخۆی زیاتر دەبێت. هەروەها بەهۆی بەردەوامبوون و بەشداریکردنەوە لە گەشەکردندا، لە ئەڵمانیادا بۆ نموونە، ژمارەی کۆمپانیاکان زیاد دەکەن بەگەورە و بچوکەوە تایبەت بە تەکەنەلۆجیای ژینگە و وزەی تازەبۆوە. ئەو کۆمپانیایانە گرنگی دەدەن بە توێژینەوەی زانستی و گەشە و جێگاکانی کار.

گەشەکردنی جۆری لە ئەنجامی سێ بنەماکانەوە دێت: ئەوە گەشەکردنە کە کۆمەڵگاکەمان والێدەکات زیاتر کۆمەڵایەتی و بەردەوامی هەبێت. ئەوە گەشەکردنە کە تیایدا قازانج تەنها کورتناکرێتەوە بۆ کەمینەیەک، بەڵکو بە قازانج دەگەڕێتەوە بەسەر هەمووواندا.

گەشەکردنی جۆری لە بەرنامەی بنەڕەتی پارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا بە نموونە:

((ئێمە کاردەکەین لە پێناو پێشکەوتنی بەردەوام کە وادەکات جوڵەی ئابوریی ودادپـەروەریـی کۆمەڵایەتی و هەستی ژینگەیی کـۆدەکـاتـەوە. دەتوانین لە چوارچێوەی گەشەکردنی جۆری سەربکەوین بەسەر هەژاری و چەوساندنەوەدا و بوژاندنەوە وەدیبێنین و کاری باش بکەین بۆ هەمووان ، هەروەها ڕووبەڕووی مەترسی گۆڕانی کەشوهەواش ببینەوە.

ئەوەش دەچەسپێت بەسەر پاراستنی بنەماکانی سروشتی بۆ ژیانی نەوەکانی داهاتوودا و باشکردنی کوالێتی ژیان. لەبەر ئەو هۆکارەش، دەمانەوێت کە تواناکانی پێشکەوتنی زانستی و تەکنیکی بخەینە خزمەتی خەڵکیەوە)).

# بەشی پێنجەم

# ئابووری لە وڵاتانی جیاوازدا

ئەم بەشی پێنجەمە باس لە ئابووری لەوڵاتانی جۆراوجۆردا دەکات. ئایا ئەو سیستەمە ئابوریە پەیڕەوکراوانە کامانەن لە وڵاتە یەکرگرتوەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و ئەڵمانیا و یابان و سویددا؟ دەتوانین چی لەوە فێر ببین؟ لە میانەی ئەو بەراوردکاریەوە جارێکی تر جەختدەکەینەوە لە سەر سێ خاڵ کە بریتین لە:

١. سیستەمی دارایی

٢. کرێکاران و خاوەن کار

٣. ڕاهێنانی پیشەیی

## ئەو زانیاریە گشتیانە چین کە دەیانزانین؟

١. وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا: وڵاتێکە تیایدا ئابووری بازاڕی نارێکخراو پیادە دەکرێت. هاوڵاتیانیش لایەنگری ڕەخنەگرتنن لە دەستێوەردانی دەوڵەت لەئابووری ودووبارە کرداری دابەشکردنەوەدا.

٢. بەریتانیای مەزن: سەرمایەداری سەریهەڵدا، دەوڵەتیش سیستەمێکی ئابووری لیبراڵی تایبەت و ئابووری بازاڕی نارێکخراوی تاڕادەیەک گەورەی هەیە.

٣. ئەڵمانیا: نمونەیەکی نایاب بۆ ئابووری بازاڕی ڕێکخراو پیشاندەدات. دوای ماوەیەک لە لاوازی، لە ئێستادا ئابووری هێزی خۆی بۆ گەڕایەوە.

٤. یابان: ناکەوێتە جیهانی ڕۆژئاواوە، بەڵام نمونەیەکی باشە بۆ بەراوردکردن. لە یاباندا ئابوریەکی بازاڕی ڕێکخراو هەیە، ئابووری یابانیش خۆدەنوێنێت بە کۆمپانیا کلاسیکیە گەورەکان.

٥. سوید:نمونەیەکی باشە بەتایبەتی بۆ ئابووری بازاڕی ڕێکخراو. لێرەدا دەوڵەت چالاکە، بەتایبەتی لە بەرنامەی بوژاندنەوەی ئابوریدا.

## ٥-١ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا

• **سیستەمی دارایی**

کۆمپانیا ئەمریکیەکان دابینکردنی سەرچاوەی داراییان بە پلەی یەکەم لە پشکەکانیەوە دەستدەکەوێت لە ڕێگەی فرۆشتنی پشکەکانی کۆمپانیاوە. بەشداران و وەبەرهێنەرانیش دەیانەوێت کە گەورەترین بڕ لە قازانج وەدیبێنن. لەبەرئەوە زۆربەی کۆمپانیاکان پلانی کورت مەودا دادەنێن کە بە قازانجی بەرز دەگەڕێتەوە.

بنەماو یاسای کەم دەسەپێنرێت بەسەر کرداری تێکەڵاوبوونی کۆمپانیاکاندا یان فرۆشتنیاندا. هەموو کۆمپانیاکان ملکەچی فشارن بۆ وەدیهێنانی قازانجی خێرا، ئەگەر ئەوە نەکات ئەوا بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا ڕووبەڕووی دەرکردن دەبنەوە و وەبەرهێنەرانیش داوای پارەکانیان دەکەنەوە یان کۆمپانیاکە دادەنێن بۆ فرۆشتن.

• **کرێکاران و خاوەن کار**

سەندیکا کرێکاریەکان لە ئەمریکادا لاوازن بەبەراوورد بە وڵاتانی تر. کرێکاران هیچ پارێزگاریەکیان نیە لە دەرکردن لەکار. هەروەها گرێبەستی کاری بەکۆمەڵیش بوونی نیە. ژمارەی کرێکارانی ئەندامیش لە سەندیکا کرێکاریەکاندا زیاتر نین لە ٨٪ لە ئەمریکادا.

• **ڕاهێنانی پیشەیی**

زۆر بەکەمی یاسا و بنەمای سەپێنراو هەیە بەسەر بازاڕی کاردا، بەخێرایی خەڵکی کاریان دەستدەکەوێت بەڵام بەهەمان خێرایش کارەکەیان لەدەستدەدەن. لە ڕاهێنانی پیشەییدا، ڕاهێنراو فێری زانیاری گشتی دەبێت بۆئەوەی بە سانایی بتوانێت کارەکەی بگۆڕێت. لە زۆرێک لە کۆمپانیاکاندا ڕێژەیەکی کەم لە کرێکارانی چالاک کاردەکەن.

**بەکورتی**

سیستەمی ئابووری لە ئەمریکادا بریتییە لەوەی کە بەهەموو شێوەیەک سیستەمێکی ئابووری بازاڕی ناڕێکخراوە ، ئەوەش باشی و خراپی هەیە بەلای هاوڵاتیانەوە.

**سیفاتە باشەکانی**

کۆمپانیاکان بە خێرایی دەگونجێن لەگەڵ گۆڕانکاریەکان لە ئابوریدا.

کەموکوڕییەکانی

خۆشگوزەرانی دابەشبوە بە ڕێگایەکی نایەکسانی. لە کۆمپانیا گەورەکاندا، ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن کرێی زۆریان دەستدەکەوێت کە هاوشانە بە کرێی ٣٥٠ کرێکاری ئاسایی. بەڵام ڕێگاکان و قوتابخانەکان و کارەکانی تر کە دەوڵەت لێپرسراوێتیان هەڵدەگرێت لە حاڵەتێکی خراپدان.

## ٥-٢ بەریتانیای مەزن

- **سیستەمی دارایی**

لە بەریتانیای مەزندا، کۆمپانیاکان سەرچاوەی داراییان بۆ دابیندەکرێت، هەروەک چۆن لە ئەمریکادا هەیە، لەڕێگەی بازاڕی سەرمایە. وەبەرهێنەرەکان گرنگی دەدەن بە دەسکەوتی گەورە، نەک بە پلاندانان بۆ دوور مەودا. نزیکەی ٨٠٪ لەهەموو کۆمپانیاکان خاوەندارێتیان دەگەڕێتەوە بۆ وەبەرهێنەرە داراییەکان یان وەبەرهێنەرە تاکەکان.

دەکرێت کە زۆربەی کۆمپانیاکان خۆبگونجێنن لەگەڵ گۆڕانکاریەکان لە ئابوریدا. جا کاتێک کۆمپانیاکان شکستدێنن لەوەدا ئەوا ئاسەوارەکان زۆر خراپ دەبێت. لەبەریتانیادا کاری فرۆشتنی کۆمپانیاکان بەشێوەیەکی ئاسایی و ئاسان ئەنجام دەدرێت، بەشێوەیەک کۆمپانیاکان دەفرۆشرێن ودابەشدەکرێن وقازانجەکانیش دابەشدەکرێت بەسەر وەبەرهێنەرەکاندا.

- **کرێکاران و خاوەن کار**

سەندیکاکان لە بەریتانیادا زۆر لاوازن. ماوەی سالانی حەفتاکان خۆپیشاندانی زۆری بەخۆوە بینی. دواتر سیاسەتی سەندیکاکان هێزی خۆیانیان لەدەستدا. نزیکەی ٣٠٪ لە کرێکاران ئەندام بوون لەو سەندیکایانەدا لەکاتێکدا بەشەکەی تریان کاریاندەکرد لەلای دەوڵەت.

• **ڕاهێنانی پیشەیی**

گرنگی گەورە دەدرێت بە توانا گشتیەکان لە ڕاهێنانی پیشەیی لە بەریتانیادا، ئەوەش بۆتە جێگەی ڕەزامەندی کرێکاران و کۆمپانیاکانیش. کۆمپانیاکان دەتوانن ئەو کەسانە دابمەزرێنن کە خاوەن توانای گشتین هەروەک چۆن دەتوانێت بەخێراییش لەکارەکەیان دەریان بکات. ئەوەش بە ئینگلیزی پێی دەوترێت hire and fire واتە ((دایمەزرێنە و دەریبکە)) هەروەک چۆن کرێکارانیش دەتوانن کارەکانیان بەخێرایی بگۆڕن بەبێ ئەوەی ناچاربکرێن بۆ فێربوونی کاری نوێ.

**بەکورتی**

دەتوانرێت کە پۆلێنی ئابووری بەریتانی بکرێت بەوەی کە ئابوری بازاڕی نارێکخراوە. ئەوەش باشی و خراپی هەیە بەلای هاوڵاتیانەوە.

سیفاتە باشەکانی

کۆمپانیاکان بە خێرایی خۆدەگونجێنن لەگەڵ گۆڕانکاریەکان لە ئابووری و بازاڕی کاریش زۆر نەرم ونیانە.

**کەموکوڕییەکانی**

کۆمپانیاکان ڕێژەیەکی کەم لە کەسانی دەستی کاری پسپۆڕییەکانیان لایە، وئاستی بەرهەمهێنانیش لێرەدا کەمترە لە ئەمریکا و ئەڵمانیا.

**بەرهەمهێنان**

مەبەست لە بەرهەمهێنان پێوەرێکە بەشێوەیەک کە ئایا بەرهەمهێنانی بەرهەمێک بە توانایەکی گەورە یان کەم دەبێت. هەر بۆنموونە: بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلێک بە ئامێری کۆن کاتێکی زۆرتری دەوێت و تێچووشی زیاتر دەبێت. ئەمەش بەرهەمهێنان سنووردار دەکات. جاکاتێک کرێکارەکانیش بەباشی ڕانەهێنرابن، ئەوەش زیان دەگەیەنێت بە بەرهەمێنان.

هەر بەو بۆنەیەوە، لە بەریتانیادا گۆڕانکاری ڕێکخراوی زۆر ڕوودەدات لە سیاسەتی ئابوریدا.

سیستەمی سیاسی ئاسانە کە بریتییە لە سیستەمی زۆرینە. کاتێک هەر پارتێک لە هەڵبژاردندا سەردەکەوێت، دەتوانێت بەخێرایی سیاسەتێکی نوێ بسەپێنێت.

### ٥-٣ ئەڵمانیا

- **سیستەمی دارایی**

کۆمپانیاکان لە ئەڵمانیادا حەزیان بەوەرگرتنی قەرزە لە بانکەکان لە جیاتی بەشداربوانیان ((خاوەن پشکەکان)). بەشێوەیەکی ئاسایی هەر کۆمپانیایەک بانکێکی ناوخۆیی هەیە کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. بەوەش، کۆمپانیا ئەڵمانیەکان خواستێکی زۆریان هەیە بۆ دەستی کاری ڕاهێنراوی باش لە پڕۆژە دوور مەوداکاندا. بانکەکانیش لە نزیکەوە کاردەکەن لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەدا. بەڵام کۆمپانیا نوێکان بە زۆری ڕووبەڕووی سەختی دەبنەوە لەگەیشتنیان بە پێگەیەکی باش لە بازاڕدا.

لە ئەڵمانیادا یاسای توند هەیە بۆ تێکەڵاوبوون و فرۆشتنی کۆمپانیاکان.

- **کرێکاران و خاوەن کار**

ئابووری ئەڵمانیا تاڕادەیەک بەهێزە، نزیکەی ٢٣٪ لە کرێکاران سەر بە سەندیکا کرێکاریەکانن. گرێبەستی کاری کۆمەڵیش بوونی هەیە بۆ هەموو کەرتەکان. بەوەش ، کرێی کاری کرێکاران جێگیرە لە یەک کەرتدا.

ئەڵمانیا یاسای ڕوون و ئاشکرا دەسەپێنێت دەربارەی بەشداری کرێکاران لە بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکاندا.

- **ڕاهێنانی پیشەیی**

ڕاهێنانی پیشەیی دوولایەنە لە ئەڵمانیادا هەردووک ئاڕاستەی خوێندن پێکەوە کۆدەکاتەوە. بەشێوەیەک هەموو ڕاهێنراوێک لایەنی تیۆری تایبەت بە پیشەکەی فێردەبێت لەگەڵ زانیاریە گشتیەکان لە قوتابخانەی پیشەییدا. جا هەڵدەستێت بە پیادەکردنی ئەوەی کە فێری بوە بە تیۆری لەجێگەی کارکردنەکەیدا لە کۆمپانیاکاندا. لەسایەی ئەو سیستەمەوە، ڕێژەی بێکاری نزمە لە نێوان گەنجان

لە ئەڵمانیادا. کۆمپانیاکان دەرچووانی نوێ لەخۆدەگرن کە بەباشی ڕاهێنراون.

سیستەمی دوولایەنە بەباشی کاردەکات، کە بۆتە نموونەیەک چاویلێدەکرێت لەلایەن زۆرێک لە وڵاتانەوە. بەڵام ئەویش بێبەش نیە لە هەندێک خاڵی لاواز. سیستەم پەیوەستە بە پێشکەوتنی ئابوریەوە، بەو مانایەی کە گەر دۆخی ئابووری باش بێت، ئەوا کۆمپانیاکانیش ڕاهێنراوی نوێ دادەمەزرێنن. بەڵام کاتێک دۆخی ئابووری خراپ دەبێت، جێگەی ڕاهێنان بەبەتاڵی دەمێنێتەوە لە کۆمپانیاکاندا. سەرەڕای ئەوەش، پێویستە هەلی زۆر هەبێت بۆ پێشکەوتنی پیشەیی زیاتر لەدوای کۆتایهاتنی ڕاهێنانی پیشەییەوە.

**بەکورتی**

سیستەمی ئابووری ئەڵمانی پیادەی ئابووری بازاڕی ڕێکخراو دەکات. ئەمەش سیفاتی باشی تیادایە بۆ خەڵکی. ئەڵمانیا ئابوریەکی بەهێزیشی هەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، زۆرێک لە کرێکارەکان کاردەکەن لە کەرتی پیشەسازیدا و بەرهەمی ئاڵۆز و کوالیتی بەرز دروستدەکەن وەک ئۆتۆمبێل.

کرێکارانیش بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەلای هەمان خاوەنکار کاردەکەن و دەمێننەوە. کرێکارانی ئەڵمانیاش بەوە جیادەکرێنەوە کە زانیاری پیشەیی قوڵیان هەیە لە بەرهەمهێنانی زۆردا. ئەوەش بۆتە هۆکاری بەرزبونەوەی کرێکان وکەمبونەوەی کاتژمێرەکانی کارکردن.

بەڵام جیاوازی لە داهاتەکاندا، کەمترە لەو جیاوازیانەی کە هەن لەوڵاتانی تردا. بەڵام نایەکسانی لە ئەڵمانیادا ڕوو لە زیادبوونە. ئەوەش بەهەمان شێوە زیان دەگەیەنێتە ئابووری.

## ٥-٤ یابان

- **سیستەمی دارایی**

کۆمپانیاکان لە یابان لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە پاڵپشتی داراییان لە بانکەکانەوە وەردەگرن لەڕێگەی ئابووری بازاڕی ڕێکخراو. لەسەرەتادا، دەوڵەت

کاریگەرییەکی گەورەی  نیمچە ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر بانکە حکومیەکان. دوای ئەوە، بانکە ناوخۆییەکان کاری پێدانی داراییان گرتە ئەستۆ، کۆمپانیا گەورەکانیش بەشێوەیەکی تایبەت قەرزی زۆر باشیان دەستکەوت، هەربۆیە کۆمپانیاکانیش توانیان کە پلانی دوورمەودا دابنێن.

زۆرێک لە کۆمپانیاکان خۆیان ڕێکخستوە لە کۆمەڵەی کاریگەردا، دەتوانن کە پێکەوە گەشە و پلان و بەرهەمیشیان هەبێت.

- **کرێکاران و خاوەن کار**

بازاڕی کاری یابانی زۆر جێگیرە، زۆرێک لە خەڵکی بەدرێژایی تەمەنیان لەهەمان کۆمپانیادا کاردەکەن. بۆیە کۆمپانیاکان پێویستیان بە کرێکارانی پسپۆڕ و ڕاهێنراوی باش هەیە. خواستیشیانە کە کرێکاران بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ لەگەڵیاندا کاربکەن. هەربۆیە سیستەمی دامەزراندن دوور مەودایە و باشە بۆ پیاوان کە کاردەکەن لە ئیشەکانیاندا بە دەوامی تەواوەتی full time، بەڵام ئەو سیستەمە کەمتر سوودمەندە بۆ ژنان. یان بۆ ئەوانەی کە گەرەکیانە دەوامی بەشی بکەن part time.

کرێکارەکان ناتوانن لە خاوەن کارەکان جیاببنەوە، چونکە کۆمپانیاکان داوا لە کرێکارەکانیان دەکەن کە بۆ کاتژمێری زیاتر کاربکەن.  ئەمەش هاوڕێی خێزان نیە. هەربۆیە ڕێژەی تەمەندرێژی لە یابان ڕوو لە هەڵکشانە بەخێرایی. هەربۆیە پێویستە خاوەن کارەکان زیاتر نەرمونیانتر بن. بەڵام لە ئێستادا، زۆرێک لە ئیشوکار هەن بە دەوامی بەشی part time.

جیاوازیەکانی داهات  لەنێوان کرێکارانی یابانیدا زۆر کەمە.  بەڕێوەبەرە گەورەکان مووچەی زۆر زیاتر وەرناگرن لە مووچەی کرێکارانی ئاسایی. بەڵام سەندیکاکان، ڕێکخراون لە ڕێگەی کۆمپانیاکانەوە.  لە باشیی ئەم کارە ئەوەیە کە ئاستی هاوکاری نێوان کۆمپانیا گەورەکان لەگەڵ سەندیکا کرێکاریەکان و خاوەن کارەکاندا توندوتۆڵە. بەڵام کرێکاران لە کۆمپانیا بچوکەکاندا کەمتر ڕێکخراوترن لە سەندیکا کرێکاریەکاندا.

- **ڕاهێنانی پیشەیی**

ڕاهێنانی پیشەیی لە یاباندا لە قوتابخانە و کارگەکاندا ئەنجام دەدرێت. زۆربەی خوێندکاران نۆ ساڵ لە قوتابخانەدا دەخوێنن، دواتر دەنێردرێن بۆ کارگەکان. بەشێوەیەک دەخرێنە بەر ڕاهێنانێکی پیشەیی پسپۆڕیەوە.

بەڵام ئەو توانا و ئاستانەی  کە کرێکارانی یابانی دەستیان دەکەوێت زۆر پسپۆڕین بەشێوەیەک کە زۆر بەکەمی دەتوانن کارەکەیان بگۆڕن. کۆمپانیاکان و قوتابخانەکان گەرەکیانە کە گەنجان ڕاهێنانی نەرمتر و داهێنەرانەتریان پێبکرێت. هەروەها کۆمپانیاکان دەیانەوێت کە ڕاهێنانی باشتر بۆ بەتەمەنەکان بخرێتە ڕوو.

**بەکورتی**

ئابووری یابان بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ لەلایەن دەوڵەتەوە ڕێکخرابوو. بەڵام توخمەکانی ئابووری نارێکخراو لەماوەی سالآنی حەفتاکاندا هاتە ناویەوە لە ماوەی سالآنی حەفتاکاندا.

ئەوە ڕاستیەکی بەرچاوە،  کە یابان  بەرەو ئاڕاستەی سیستەمێکی ئابووری نارێکخراوی تەواوەتی هەنگاونانێت. ئەوەش دەبینرێت لە میانەی بڕیارە کەسیەکانەوە لە سیستەمی ڕاهێنانی پیشەیی و لە میانەی هاوکاری لەنێوان سەندیکاکان و خاوەن کارەکاندا.

دەوڵەت و کۆمەڵەی کۆمپانیا یەک لەدوایەکەکان ڕۆڵێکی تایبەت دەبینن لە ئابووری یاباندا.

## ٥-٥ سوید

- **سیستەمی دارایی**

کۆمپانیا سویدیەکان چۆن کرداری پاڵپشتی داراییان ڕێکدەخەن؟

یەکەم: بەپلەی یەکەم کۆمپانیا سویدیەکان دەتوانن دەستەبەری قەرزی ئاسان لەبانکە ناوخۆییەکانەوە دەستبخەن.

دووەم. : کۆمپانیا سویدیەکان کرداری کڕین لەنێوخۆیاندا ئەنجام دەدەن

لەڕێگەی بازاڕی پشکەکانەوە. زۆربەی کۆمپانیاکانیش جەختدەکەنەوە لەسەر پلاندانانی دوورمەودا و قازانجی خێراش بەلایانەوە گرنگ نیە.

سیستەمی سویدی تا ڕادەیـەک لە سیستەمی ئەڵمانی دەچێت لە ڕێگە و شێوازی مامەڵەکردنیدا.

• **کرێکاران و خاوەن کار**

سەندیکا کرێکاریەکانی سوید لەسالآنی سیەکانی سـەدەی ڕابـووردوەوە پێگەیەکی بەهێزیان هەیە. نزیکەی ٧٠٪ کرێکارانی سویدی بـەشـداران لە سەندیکاکاندا. بـەڵام بـەشداری کرێکاران لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکاندا بەشێوەیەکی باش ڕێکخراون.

گفتوگۆش دەکرێت لەسەر کرێکان لەڕێگەی ڕێکەوتنامەی کاری بەکۆمەڵەوە. دەوڵەت یاسای توندی داناوە بۆ گفتوگۆ کۆمەڵیەکان. لە وڵاتی سویدا بڕیاردەرەکان بەکرێ کاردەکەن کە تەنها کاریان چاودێریکردنە لەسەر پیادەکردنی یاسا ئەوروپیەکان.

• **ڕاهێنانی پیشەیی**

لە سوید ڕاهێنانی پیشـەیی هەیە بۆ مـاوەی نۆ سـاڵ. هـەروەک چۆن ١٤ بەرنامەش هەیە بۆ ڕاهێنانی پیشـەیی پسپۆڕی. ئەو بەرنامانەش زانیاری پسپۆڕی و گشتی پێشکەشدەکەن کە بریتین لە بەرنامەی زۆر سەرکەوتوو.

بەڵام هەلی پێشکەوتنی کار لەڕێگەی خولی فێرکردن لەدوای ڕاهێنان و لەکاتی خزمەتیشدا. باشە و کرێکارانی سویدی دەتوانن بەدرێژایی تەمەنیان بخوێنن و فێرببن.

**بەکورتی**

سوید زۆر نزیکە لە نموونەی ئـابووری بـازاڕی ڕێکخراوی نموونەیی. لەسویدا ئابوریەکی کۆمەڵایەتی بەهێز هەیە. دەوڵەتیش لەنزیکەوە کاردەکات لەگەڵ کرێکاران و خاوەن کارەکاندا پێکەوە.

گەشەی ئابوریش لە سوید بەرزە، جیاوازیەکانی کرێ و ڕێژەی بێکاریش تیایدا

کەمە. لەبەرئەوە، سوید پێگەیەکی باشتر دەگرێت لە زۆرێک لە وڵاتان لەسەر ئاستی جیهان. لەبەرئەوە سوید نموونەیەکی بێوێنەی پێکهێناوە بۆ جێبەجێکردنی ئابووری کۆمەڵایەتی.

# بەشی شەشەم

# سیاسەتی ئابووری لە ئایندەدا

لەم بەشی شەشەمەدا، چاوێک دەخشێنین بەسەر سیاسەتی ئابووری لە ئایندەدا. جیهانەکەمان بەخێرایی دەگۆڕێت، بەڵکو لە ئێستادا ڕووبەڕووی ئاڵنگاری نوێ دەبینەوە. ئایا وەڵامەکان کامانەن کە سۆشیال دیموکراتی پێشکەشیان دەکات بۆ ئەو ئاڵنگاریانە؟

## ٦-١ بیری نوێ

ئابووری کۆمەڵایەتی هەرگیز کۆتایی نایەت، کە ئامانجی سۆشیال دیموکراتەکانە کە دەکرێت مرۆڤ وەبەرهێنانی تیادا بکات لە ژمارەیەک وڵاتدا بۆ پێشخستنی. کاتێک جیهان دەگۆڕێت، بەهەمان شێوە ئابووری کۆمەڵایەتیش دەگۆڕێت، پێویستە لەسەر مرۆڤ کە دووبارە دڵنیابێت و بیریشبکاتەوە لەوەی کە دەیکات و ڕاستیشی بکاتەوە ئەگەر پێویست بکات.

**چۆن دەتوانرێت ئەوە وەدیبێت؟**

لەسەرەتادا، ئەرکمانە کە بڕوانینە پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگا و دواتر ئەم پرسیارە بکەین: ئەو هەلە بەردەستبوانە چین بۆ خەڵکی و ئەو مەترسیانەش چین کە دێنە بوون لەوەوە؟ سۆشیال دیموکراتی گەرەکێتی کە ئاڵنگاریەکانی ئایندە دیاریبکات تا سیاسەتەکانی چێ بکات لەسەر ئەو بنەمایە.

## ٦-٢ جیهانگیری

ئاڵنگاری هەرەگەورە بۆ دەیەساڵی ئایندە بریتییە لە ئامادەسازی کۆمەڵگاکانمان بۆ ئاسەوارەکانی جیهانگیری.

**جیهانگیری**

هەموو جیهان بەیەکەوە پەیوەستن. لە ڕابردوودا پەیوەندی نێوان وڵاتان تەنها لەڕێگەی بازرگانیەوە بوو لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا. بەڵام ئەمڕۆ، ئەوا ڕایەڵەی پەیوەندی هەیە لەنێوان هەموو لایەکی جیهاندا لە بازرگانی و ڕۆشنبیری و ژینگە و بەهەمان شێوە پەیوەندیەکانیشدا. ئەمەش دەبێتە هۆکاری دروستبوونی

ئاسەواری گەورە بۆ سەر ئابوریەکەمان لەسەر هەردوو ئاستی نیشتیمانی و نێودەوڵەتی.

**ئەو پێشکەوتنانە چین کە هانی جیهانگیری دەدەن؟**

لێرەدا کۆمەڵێک هاندەری سەرەکی هەن بۆ دەرکەوتنی پەیوەندی جیهانی لە ئابووری و کەلتوری و پەیوەندیەکاندا.

- ڕێگری کەمتری بازرگانی: بازرگانی نێودەوڵەتی لەسەدەی بیستدا زۆر ئاسانتر بوە وەک لە پێشتردا، تائێستاش ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە یەکێتی بازرگانی دادەمەزرێنن ڕوو لە زیادبونن: بەشێوەیەک وڵاتان گومرکەگان لەسەر کاڵاکانیان کە ئاڵوگۆڕیان دەکەن لەنێو خۆیاندا هەڵدەگرن. بۆ نموونە لە یەکێتی ئەوروپیدا، ٢٨ وڵات هاوکاری یەکتری دەکەن لەسەر ئاستی ئابووری.
- گەشەکردنی ئابووری لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوودا: تائێستا ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە بەشدارن لە بازرگانی نێودەوڵەتیدا ڕوو لە زیادبونن، سەرەڕای ئەوەی کە هند و بەڕازیل و چین و ڕووسیا لەمڕۆدا ڕۆڵی گەورە دەگێڕن لە بازرگانی جیهانیدا.

**وڵاتانی تازەپێگەیشتوو:**

بریتین لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو کە ئابوریەکەیان بەخێرایی گەشەدەکات. بە کردارەکی ئابوریان گەیشتۆتە ((بەنزیکەیی)) ئاستێک لە بەهێزی کە هاوتایە لەگەڵ وڵاتانی پیشەسازیدا. کە وەستاون لەسەر سەکۆی بەردەم پەڕینەوە بۆ وڵاتانی پیشەسازی.

- ئاسانکاری پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا: وەک ئەنتەرنێت و پاپۆڕی هەڵگری کۆنتێنەری گەورە و کرداری پەیوەندی و هاوکاری لە جیهاندا.
- سیفاتە باشەکانی جیهانگیری:
- بازاڕێکی جیهانی دابیندەکات بۆ وڵاتە پیشەسازی وزانستیەکان کە بەرهەمەکانیانی تیادا ساغبکەنەوە. بۆ نموونە ئەڵمانیا ئۆتۆمبێلەکانی لەسەرتاسەری جیهاندا دەفرۆشێت.

• ئەو وڵاتانەی کە کرێی کار تیایاندا هەرزانە ئەوا هەلی کاری گەورەیان دەستدەکەوێت، سەرەڕای پەیوەندیکردنی بە بازرگانی نێودەوڵەتیشەوە.

• بەهەمان شێوە وڵاتانی دەوڵەمەندیش سوود و قازانج دەکەن لە هەرزانی نرخەکانی بەرهەمەکان لە وڵاتانی هەژاردا.

**کێشە و گرفتەکانی جیهانگیری:**

• هەموو خەڵکی سوودمەند نابن لە جیهانگیری، بەشێوەیەک زۆرێک لە خەڵکی کارەکانیان لەدەستدەدەن بەهۆی جیهانگیریەوە، وەک کرێکارانی بواری پیشەسازی قوماش لە ئەوروپادا. کارەکانیان هەناردە دەکەن بۆ وڵاتانێک کە کرێی کاریان هەرزانە و تێچووشیان کەمترە.

• دابەشکردنی گەشەکردن نادادپەروەرانەیە. لە قۆناغی جیهانگیریدا گەشەکردنی ئابووری زۆر زیاد بوە، بەڵام دابەشبوونی دەوڵەمەندی بە نایەکسانی ماوەتەوە. بەهەمان شێوە جیاوازی داهاتەکانیش بەرزدەبێتەوە لە نێوان خەڵکیدا.

• مافە کۆمەڵایەتیەکانیش باشبوون بەخۆیانەوە نابینن، تا ئێستاش هیچ میکانیزمێک نیە کە ببێتە هۆی دەستەبەری ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لە تەواوی جیهاندا، هەروەها تائێستاش پاراستنی کرێکارانیش، لەسەر ئاستی جیهان مسۆگەر نین.

**چی پێویستە بکرێت؟**

• هاوکاری ئەو کەسانە بکرێت کە بەهۆی جیهانگیریەوە کارەکانیان لەدەستدەدەن.

• هەوڵدان بۆ سوودمەندبوونی هەمووان لە دەستکەوتەکانی جیهانگیری لە ڕێگەی باجە دادپەروەرەکانەوە، ئەگینا سوودمەندبوون تەنها بۆ ڕێژەیەکی کەم دەبێت لە خەڵکی.

• پابەندکردنی وڵاتە هەژارەکان بە نزمترین پێوانەکانی کارەوە. بەتایبەتیش پاراستن لە مەترسی لەکاتی کارکردندا.

• هاوکاریکردنی وڵاتە زۆر هەژارەکان لە یارمەتیدانیان بۆ پێشکەوتن، ئەوەش پشتیوانی و هاوکاری دارایی دەگرێتەوە.

### ٦-٣ گۆڕانی کەشوهەوایی

ئاسەوارەکانی گۆڕانی کەشوهەوایی دەبێتە هۆکاری زیانگەیاندن بە گۆی زەوی لە ئایندەدا. لەبەرئەوە پێویستە لەسەرمان کە سیاسەتە ئابوریەکانی ئێستامان بگۆڕین.

**• گۆڕانی کەشوهەوایی**

بەهۆی زیادبوونی ژەهرە دەرچووەکان بۆ ناو هەواوە، پلەی گەرمای هەموو گۆی زەوی بەرزدەبێتەوە، ئەمەش کارێکی خراپە. سەهۆڵبەندانەکان لە جەمسەری باکور و باشووری گۆی زەویدا دەتوێنەوە. جا کاتێکیش سەهۆڵبەندانەکان دەتوێنەوە، ئەوا ئاستی ئاو بەرزدەبێتەوە وگەلێک جێگە لە جیهان دادەپۆشێت و لافاوی زۆریش ڕوودەدەن.

**چی پێویستە بکرێت؟**

• نوێکردنەوە و دووبارە داڕشتنەوەی ئابووری هەبوو: پێویستە لەسەرمان کە ئابوریەکەمان بەردەوامی هەبێت، ئەمەش مانای کەمکردنەوەی بەکارهێنانی خەڵوز و نەوتی خاو و غازی سروشتی دەگەیەنێت. زیادکردنی پشتبەستن لەسەر وزەی خۆر و ڕەشەبا و ئاو وگەرمی ناخی زەوی و بارستەی زیندەیی، هەروەک چۆن ئەرکمانە کە بەکارهێنانی وزەش کەمتر بکەین.

• پێشخستنی تەکنەلۆجیا کە پارێزگاری بکات لەسەر ژینگە و دروستکردنی جێگا نوێکانی کار: تەکنەلۆجیای هاوڕێی ژینگە بریتییە لە بازاڕی ئایندە، بەشێوەیەک کە هەموو هۆکار و بەرهەمەکان، کە لەمیانەیانەوە دەتوانین کەرەسەی خاو وەدەستبێنین. چارەسەریش بۆ ئایندە پێشکەشدەکەن. جێگەی

کاری نوێ دادەمەزرێنن لە ڕێگەی کۆمپانیا پسپۆڕیەکانەوە لەو بوارەدا.
تەکنەلۆجیای هاوڕێی ژینگە

- ئۆتۆمبێلی کارەبایی کە توانای بڕینی مەودای درێژی هەبێت.
- هەڵگرتنی وزەی کارەبایی خۆری.
- دروستکردنی هێڵی کارەبا بۆ گواستنەوەی ڕەشەبا.
- کۆمپانیای نوێ لە کەرتی ژینگەدا.
- بازاڕکردنی بەردەوام: ئێمە وەکو بەکاربەر کاریگەریەکی گەورەمان هەیە، بەشێوەیەک بەشداردەبین لەوەی دەیکڕین و ئەوەشی نایکڕین لە دیاریکردنی ئەوەی کە دروستدەکرێت و ئەوەشی کە دروستناکرێت.

٦-٤ بازاڕەکانی دارایی
لەساڵی ٢٠٠٨ دا ، قەیرانێکی گەورە ڕوویدا لە بازاڕی داراییدا.

- **بازاڕی دارایی**

بریتیە لە بەشێک لە ئابووری کە تیایدا کرداری فرۆشتنی بەرهەمە داراییەکان وەک بیمەکان و پشکەکان و قەرزەکان. لە بازاڕی داراییدا، گفتوگۆ ناکرێت لەسەر مەبەستەکان و خزمەتگوزاریەکان، بەڵکو لەسەر ئەو کارانەی کە پەیوەندیان هەیە بە داراییەوە.

ژمارەیەکی زۆر لە بانکەکان دەستپێشخەریان کرد لەسەر هەندێک کار کە مەترسی زۆریان تیادا بوو، لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا یەکێک لە بانکەکان مایەپووچبوونی خۆی ڕاگەیاند . هەروەک چۆن ژمارەیەکی زۆر لە بانکەکانی تر ڕووبەڕووی مەترسی بونەوە.

دەوڵەتەکان هەستان بە ڕزگارکردنی بانکەکان، بۆ ئەوەی کە تێکچوون و ترسی گەورە دوورخاتەوە کاتێک خەڵکی بینیان کە پارە نەماوە لە ئامێری پارەدانەکاندا. بەمەش وڵاتان کەوتنە ژێر باری قەرزی گەورەوە لە پێناو ڕزگارکردنی بانکەکاندا. تائێستاش ئەو کێشە گەورەیە تاڕۆژی ئەمڕۆمان هەر

بەردەوامە، تائێستاش یۆنان بەدەست ئاسەوارەکانی ئەو قەیرانەوە دەناڵێنێت. لەزۆرێک لە وڵاتاندا، دۆخی ئابووری لەدوای قەیرانەکە خراپتر بوە. گرنگە کە کارێکی هاوشێوە جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە.

## چی پێویستە کە بکرێت؟

لایەنگرانی سۆشیال دیموکراتەکان وایدەبینن کە لەسەر دەوڵەت پێویستە بەکردارەکی دەستوەردان بکات بۆ دوورخستنەوەی هەر قەیرانێکی دارایی نوێ.

ئەو کەسانە وایدەبینن کە ئەرکەکانی دەوڵەت لەم خاڵانەدا خۆیان دەبیننەوە:

• دانانی یاسا و ڕێسای توندتر بۆ بانکەکان:

پێویستە لەسەر بانکەکان کە زیاتر جەختبکەنەوە لەسەر پێدانی قەرزی زیاتر بە کۆمپانیاکان وەک لە گرەوکردن لەسەر بازاڕی بۆرسە((بازاڕی دراو)).

• سەپاندنی باجەکان لەسەر کێبڕکێ داراییەکان:

پێویستە کە باجی زۆر بسەپێنرێتە سەر ئەو کەسانەی کە گرەو دەکەن لەسەر بازاڕی دارایی، ئەوەش دەبێتە هۆی یارمەتیدانی وڵاتان بۆ دانەوەی قەرزەکان کە بەهۆی قەیرانە داراییەکەوە هاتۆتە ئەستۆیان. بەڵام ئەو باجە کێبڕکێکان ئاڕاستە دەکات. بەشێوەیەک گرەوە مەترسیدارەکان سەرنجڕاکێش نابن.

## کێبڕکێکان

بریتیە لە کارە داراییەکان کە بەشێوەی گرەوەکان بەڕێوەدەچن. ئەو کەسانەی کە ئەو کارە دەکەن هەڵدەستن بە کڕینی چەکە داراییەکان بەوهیوایەی کە نرخەکانیان لە ئایندەدا بەرزببێتەوە.

• قەدەغەکردنی خۆدزینەوە لە پێدانی باجەکان:هەندێک کەس و کۆمپانیاکان فێڵی ڕێگەپێدراو بەکاردەهێنن و هەندێ جاریش ڕێگەپێنەدراو بۆ پێدانی باجی کەمتر. لەبەرئەوە پێویستە وڵاتان ڕێوشوێنی پێویست بگرنە بەر بۆ ئەو مەبەستە.

## ٦-٥ بەژمارەکردنی ئابووری

بەژمارەکردنی ئابووری یەکێکە لەو ئاڵنگاریە گەورانەی کە ڕووبەڕووی ئابووری دەبێتەوە. مەبەست لێی تەنها بوونی ژمارەیەک کۆمپیوتەر نیە لە نوسینگەیەکدا بەڵکو، بەژمارەکردنی ئابووری بەهەمان شێوە مانای:

- بوونی زیاتری ڕۆبۆتەکانە کە بەکاردێن لە کارگەکاندا.
- بوونی خەڵکی زیاترە کە لەماڵەکانیاندا کاردەکەن لەکاتی گەشتکردندا.

بەژمارەکردنی ئابووری ژمارەیەکی زۆر هەلی کار پێشکەشدەکات، بەشێوەیەک دەکرێت کارە مەترسیدارەکان بدرێتە ڕۆبۆتەکان لە جیاتی مرۆڤەکان. هەروەها کەسێک دەتوانێت لەماڵی خۆیدا کاربکات بەمەش کاتێکی زۆر دەگێڕێتەوە لەکاتێکدا بەهۆی هاتوچۆوە لەجێگەیەک بۆ جێگەیەکی تر بەسەریدەبات.

بەڵام هەندێک کێشەش بەهۆی بەژمارەکردنی ئابوریەوە دێنە کایەوە. هەر بۆنموونە، پێویستە دووبارە ڕاهێنان بە کرێکاران بکرێتەوە کە کاردەکەن لەگەڵ ڕۆبۆتە ئاڵۆزەکاندا، ئەمە سەرەڕای لەدەستدانی زۆرێک لە فەرمانبەران بۆ کارەکانیان. ڕەنگە کەسێک کە لەماڵەوە کاردەکات هەست بە تەنهایی بکات لەبەرئەوەی چاوی بەهاوڕێکانی کاری ناکەوێت. زۆربەی فەرمانبەرانیش بەزۆری و بەهەمیشەیی ناتوانن کە کاتی کارکردنیان لە کاتی دەستبەتاڵیان جیابکەنەوە ئەمەش دەیانخاتە ژێر فشارێکی دەروونیەوە.

بۆیە پێویستە لەسەر سیاسەتی ئابووری سۆشیال دیموکراتەکان کە چارەسەر بدۆزنەوە بۆ ئەو کێشانە، بەڵام ئەوەش بە شێوەیەکی خێرا ڕوونادات. لەبەرئەوە، پێویستە قیبلەنومایەک هەبێت بۆ ڕێگاپیشاندان.

٣

# دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی
# هەل و پشتیوانی بۆ هەمووان

3

# پێشەکی

ئایا گرنگی دەدەیت بە سیاسەتی کۆمەڵایەتی؟ ئایا دەتەوێت کە جیهان باشبکەیت؟ ئایا بەشداری لەکاری خۆبەخشیدا دەکەیت؟ یان ئایا لە بواری سیاسەتدا کاردەکەیت؟ لای ئەکادیمیا وەڵامی پرسیارەکان و پێشنیازەکانت هەیە بۆ بیرکردنەوە لە ئایندە.

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پێویستە بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگایەکی دادپەروەردا بژین. سۆشیال دیموکراتی وایدەبینێت کە هەردووکیان پەیوەستن بە یەکتریەوە.

بۆچی؟ لەبەرئەوەی کۆمەڵگا دادپەروەری تیادا ناچەسپێت تا ئەوکاتەی هەموو مرۆڤەکان بەبێ ترس و بەبێ دژواری نەژین، کارێکی گونجاو و دروست نیە کە کەسێک بەتەنها بەجێبهێڵرێت لەکاتێکدا نەخۆش دەکەوێت یان بێ کار دەبێت.

لە بنچینەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی: سیستەمێکی بیمەی تەندروستی باش و سیستەمێکی خانەنشینی و بیمەی بێکاری گونجاوە. لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە بەهەمان شێوە سیستەمێکی خوێندنی کارا و باجێکی دادپەروەرانەش هەبێت.

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو دەتوانێت بەشداربێت لە ڕووخاندنی ئەو جیاوازیەی کە لەنێوان هەژار و دەوڵەمەندەکاندا هەیە، هەروەها دەشتوانێت کە یاریدەدەر بێت بۆ دەستخستنی هەلی کاری وەکیەکی بۆ هەموو خەڵکی.لەسەر ئەو بنەمایە، هەریەکە لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی و کۆمەڵگای دادپەروەر دەچنە چوارچێوەی لایەنگری سۆشیال دیموکراتەوە.

دەروازەیەکی نموونەیی

زنجیرەی سۆشیال دیموکراتی: کورتکراوەی ڕۆشن دەروازەیەکی نموونەیی پێشکەشدەکات بۆ جیهانی بیرۆکەکانی سۆشیال دیموکراتی، بەشێوەیەک بابەتە

سیاسیە گرنگەکان ڕاڤەدەکەین بە دەقی کورت و بە زمانێکی سانا لە تێگەیشتندا.

هەر لێرەدا خوێنەر ئەو دەقانە دەبینێت کە بە سانایی دەخوێنرێنەوە و لەگەڵ نموونە گەلێکی زۆریش لە ژیانی سیاسی ڕۆژانەدا.

ئێمە دەمانەوێت خۆت ڕێگاکەت هەڵبژێریت

قیبلەنوما لۆگۆمانە، لەکاتێکدا قیبلەنوما هۆکارێکە بۆ گەشتیاران لەناو دەریاکاندا.و بەهۆیەوە، گەشتیار ڕێگاکەی دەبینێتەوە.

ئەکادیمیا خواستێتی یارمەتی خەڵکی بدات لە دیاریکردنی ئاڕاستەی سیاسیان، مایەی خۆشحاڵیمانە کە ئەم زنجیرە کتێبە بەشداری لەو کارەدا بکات.

سیاسەت لە باشترین دۆخیدا دەبێت کاتێک زۆرینە بەشداردەبن لە کار و بیرکردنەوەدا.

**یوخن دام**

**بەڕێوەبەری ئەکادیمیای سۆشیال دیموکراتی**

**مارکۆس ترومر**

**بەڕێوەبەری پڕۆژەی کتێبی خوێندنەوە دەربارەی سۆشیال دیموکراتی**

# بەشی یەکەم

# ئەم کتێبە چۆن کاردەکات ؟

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لە گرنگترین بنەما و پێکهاتەکانی سۆشیال دیموکراتەکانە، بەشێوەیەک یاریمەتیدەرە لە جێبەجێکردنی کردارەکی بۆ بەها بنەڕەتیەکانمان.مەبەستیشمان لەوە بریتییە لەوەی کە پێویستە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی ژیانێک بۆ هەموو خەڵکی دابینبکات کە تیایدا هەست بە ئازادی و دادپەروەری و هاوکاری بکەن.

بەڵام هەموو ڕەوتە سیاسیەکان بەهەمان شێوە، هەمان گرنگی نادەنە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی کە سۆشیال دیموکراتەکان پێیدەدەن. بەشێوەیەک پارێزگارەکان و لیبڕاڵەکان بیروباوەڕی تریان هەیە دەربارەی هەلی یەکسان و دووبارە دابەشکردنەوە، ئەوەش وادەکات کە گفتوگۆی سیاسی دەربارەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی گرنگ و چێژبەخش بێت.

لەم کتێبەدا زۆرێک زانیاری دەخەینە ڕوو دەربارەی پاشخان و بەراووردکاریەکان و لایەنەکانی ڕەخنە و هەلەکان، لەبەرئەوە دوودڵ مەبە لە دروستکردنی بیروڕای کەسیت دەربارەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی تایبەت بەئێمە.ئایا کێ دەزانێت چۆن کارەکان ئاڕاستە دەگرن کە وا دادەنرێت کە هەڵوسکەوتەکانی بەسانایی دەرببڕێت و تێڕوانینی خۆشی بە متمانەوە ڕوونبکاتەوە.

### ١-١ زنجیرەی کورتکراوەی ڕۆشن

کتێبی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە سێیەم کتێبی زنجیرەکەمان کورتکراوەی ڕۆشن.ئێمە لەکتێبی یەکەمدا بەناونیشانی (دەروازەیەک بۆ سۆشیال دیموکراتی) هەمووان پێکەوە بەها بنەڕەتیەکانمان ناسی.

دەتەوێت زیاتر بزانیت دەربارەی ئازادی و دادپەروەری و دیموکراتی؟ ئەوا کتێبی یەکەم بۆتۆ گونجاوە.

لەکتێبی دووەمیشماندا لەهەمان زنجیرە کتێبی کورتکراوەی ڕۆشندا باسمان لە ئابووری کۆمەڵایەتی کرد.

ئەوە چییە کە سیاسەتی ئابووری سۆشیال دیموکراتی جیادەکاتەوە؟

وەڵامەکە لە هاوسەنگیدا شاردراوەتەوە: پێویستە ئابووری گەشەبکات بەڵام پاراستنی ژینگە و یەکسانی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگن.هەروەها دەتوانرێت کە چۆنێتی کاری ئابووری کۆمەڵایەتی لە کتێبی دووەمدا بخوێنرێتەوە.

# بەشی دووەم

## بیرکردنەوە لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی

بەشی دووەم جەختدەکاتەوە لەسەر لایەنی تیۆری.لەم بەشەدا کە بەناونیشانی (بیرکردنەوە لەدەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی)ە، هۆکاری پەیوەندی لەنێوان دیموکراتی ودەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا ڕووندەکەینەوە، ئەوەش ڕووندەکەینەوە کە دەتوانین چی بکەین بۆ ڕووبەڕووبونەوەی بڕیارە پێشوەختەکان دەربارەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.

بۆ ڕوونکردنەوەی بیرۆکەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، بۆ نموونە:کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵیی بریتییە لەدەوڵەتێکیی فیدراڵیی سۆشیال دیموکراتی بەپێی دەقی دەستوری بنەڕەتی( یاسای بنەڕەتی) مادەی ٢٠، یاسای بنەڕەتی بریتیە لە بنچینەی هەموو یاساکان.

بەڵام بەدیاریکراوی مەبەست لەدەوڵەتیی فیدراڵیی سۆشیال دیموکراتی چییە؟

ئەڵمانیا دەوڵەتێکی فیدراڵییە.

پێکەوە بڕیارەکانیان وەردەگرن.

ئەڵمانیا دەوڵەتی یاسایە.

یاساکان جێبەجێدەکرێن بەسەر هەمواندا بە یەکسانیی و بێ جیاوازی.

ئەڵمانیا دەوڵەتێکی کۆمەڵایەتییە.

لە ئەڵمانیادا، هەموان یارمەتی یەکتردەدەن و دابەشکردنی سامانەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ئەنجامدەدرێت.

## دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی دەوڵەتێکە گرنگی دەدات بە کێشە کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی، بۆ نموونە نەخۆش یارمەتی پزیشکی دەدرێت، کەسە بەتەمەنەکان مووچەیەکی خانەنشینیان پێدەدرێت، ئەو کەسەی کارنەکات یان ناتوانێت کاربکات ئەوا هاوکاری و پشتیوانی دەدرێت.

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی خاوەنی سیستەمی خوێندنێکی باشە، و پێویستە هەموو مرۆڤێک لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا ببێتە خاوەنی

هەمان هەلی کار، بەبێگودانە تەمەن یان ڕەنگ یان ڕەگەزی.

زۆرینەی خەڵکی ڕای جیاوازیان نیە دەربارەی مانای دیموکراتی و دەوڵەتی یاسا، بەڵام ئەوان جیاوازن دەربارەی مانای دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی. ئایا ئەوە کێیە کە گونجاوە بۆ پێدانی پشتیوانی؟ئەی دادپەروەری چییە؟

خەڵکی ڕای جیاوازیان هەیە لەوبارەیەوە.

لەبڕگەی دووەمی ئەم بەشەدا شێوازە جیاوازەکانی دادپەروەری دەناسین بەڵام ئێمە بە دیموکراتی دەستپێدەکەین.ئایا بۆچی دیموکراتی و دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی بەهێزیان بەیەکەوە هەیە؟

## ٢-١ دیموکراتی

مەبەست لە دیموکراتی بریتییە لەوەی کە هەموو هاووڵاتیان یەکسانن لە مافی ئازادی و بەشداریکردنی سیاسیدا.

بەهەمان شێوە لە سیاسەتدا، هەموو خەڵکی هەمان بەهایان هەیە و شایستەی یەکسانین لە ڕێزگرتندا.

لەمڕۆدا ئەو مانایەی دیموکراتی کارێکی زۆر ئاشکرا و ئاساییە لەلامان. بەڵام ئەم کارە لە ڕابردوودا وانەبوە، بەشێوەیەک بۆ نموونە تەنها پێش سەد ساڵ ڕێگەدراوە بە ژنان کە دەنگبدەن لە هەڵبژاردنەکان لە ئەڵمانیادا. بەڵام ئەو کارە لە سویسرادا ماوەی زۆر زیاتری خایاند تا ئەوکاتەی هەمووان یەکسانبوون لە مافە سیاسیەکاندا. لەکاتێکدا بۆ یەکەم جار لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابووردوەوە ڕێگە بە ژنان درا بۆ دەنگدان.بەهەمان شێوە هەمان کار لە پادشانشینی ئوردونی هاشمیدا ئەنجامدرا.کاتێک ماف نەدرا بە ژنان لەخۆپاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنەکان و مافی تەواوی خۆی پیادەنەکردوە لە دەنگدان و خۆپاڵاوتن لە هەڵبژاردنەکاندا تەنها لە ساڵی ١٩٧٤دا نەبێت.

## پێداویستیەکانی دیموکراتی چییە؟

ژیان بە کەرامەت و ڕێزەوە، لەگەڵ ڕێزگرتنی خود و دیاریکردنی چارەنووس.

مرۆڤ چی پێویستە بۆ ئەوەی ژیانێکی ئازاد بژی کە تیایدا چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆی دیارییبکات؟

بەپلەی یەکەم، پێویستی بە بنەماکانی ژیان هەیە:ئەوەی کە پێویستە لە خواردن و بنمیچێک کە لە ژێریدا بحەوێتەوە، چونکە مرۆڤ ناتوانێت بەبێ خۆراک و جێگەی نیشتەجێبوون بژی.

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو بەتەنها گرنگی نادات بە خۆراک و جێگەی نیشتەجێبوون ، بەڵکو بەهەمان شێوە گرنگیش دەدات بە خوێندن و تەندروستی و زانیاریەکان.

بەوەش دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لەبنەماکانی دیموکراتی وەدیدێنێت.

پێویستە هەمووان توانای بەشداریکردنیان هەبێت.

لەبەرئەوە، پێویستە هەموو وڵاتێکی دیموکراتی ببێتە دەوڵەتێکی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.

ئاشکرایە ئەو کەسانەی کە کاریان نیە یان پارەیەکی کەمیان هەیە یان ئاستێکی خوێندنی نزمیان هەیە زۆر بەکەمی بەشداریدەکەن لە کۆمەڵەکان و پارتەکاندا.توێژینەوەکان بە ڕوونی ئاماژە دەدەن بەوەی کە ژمارەی کەسە چالاکە سیاسیەکان لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بەهێزدا زۆر بەرزدەبنەوە. بەپێچەوانەشەوە ڕاستە.بەم شێوەیە ئەو وڵاتانەی کە دیموکراتیان تیادا بەهێزە بەزۆری دەبنە وڵاتانێکی باشتری خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.

بەشێوەیەکی هەمیشەیی ئەو پەیوەندییە لە سۆشیال دیموکراتیدا ڕوون و ئاشکران، کرێکاران پێش زیاتر لە ١٥٠ ساڵ خەباتیان کرد لە پێناو دیموکراتی و باشکردنی سیاسەتی کۆمەڵایەتی.

وڵاتانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن بۆ نموونە، لە

بەرنامەی بنەڕەتی ئێستای پارتی سۆشیال دیموکراتی لە ئەڵمانیادا.

لە دەقی بەرنامەی بنەڕەتی پارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیادا هاتووە:

( دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو بوو لە ڕزگارکردنی ملیۆنان کەس لە کۆتی بنەچەیان، و پاراستنیان لە سەختی بازاڕ، و بواریکیان بۆ کردنەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان. کە بریتییە لە بنەمایەکی یەکلاکەرەوە بۆ جوڵەی ئابووری کە خۆشگوزەرانیمان دروستدەکات.

لەپێناو وەدیهێنانی ئەو بەڵێنەدا بۆ ئاسایش و ڕابوون لەم سەردەمەماندا، دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیمان پێشخست بۆ دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی خۆپارێزی).

## دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی خۆپارێزی

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی خۆپارێزی هەوڵدەدات بۆ دوورکەوتنەوەو بەرکەوتنی خەڵک بە توندی لە ڕووی بنەچەوە، خەڵکی پشکنینی پزیشکی خۆپارێزیان دەستدەکەوێت بە ئامانجی چارەسەری نەخۆشەکان بە خێرایی، بەهەمان شێوە دابینکردنی هەلی ڕاهێنانی باش.هەلی ڕاهێنانی تەواوکاری لە پێناو دوورکەوتنەوە و نەکەوتنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بۆ ناو بێکاری. هەروەها دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی خۆپارێزی یارمەتی پێشکەش دەکات تەنانەت لەشکستخواردنی خۆپارێزیشدا.هەندێک دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی خۆپارێزی هەیە لە ئەسکەندەناڤیادا. پارتی سۆشیال دیموکراتی لە ئەڵمانیا کاردەکات لەسەر پێشکەشکردنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی زیاتر لە خۆپارێزی.

## ٢-٢ بڕیارە پێشوەختە بەربڵاوەکان

زۆرجاران هەندێک بڕیاری پێشوەختە دەبیستین دەربارەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.لێرەدا لیستێک لەو ڕەخنانە پێشکەش دەکەین

کە بەبەردەوامی دەیانبیستین لەگەڵ ئەو بەڵگانەشی کە وەڵامیان دەدەنەوە و پووچەڵیان دەکەنەوە.

زۆرێک بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی گەشەی ئابووری ڕادەوەستێنێت.

ئەوە ڕاستە، بەڵام هەندێک لە دەوڵەمەندانی وڵاتانی جیهان بریتین لە بەخشندەترین وڵاتانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، لەوانەش بۆ نموونە نەرویج و سوید و ئەڵمانیا.

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بەهێز لەکاتی قەیرانەکاندا سوورە لەسەر ئەوەی کە هەموو کەس لەتوانایدا هەبێت کە هەندێک پارە خەرجبکات بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکە، ئەو کارە گرنگە بۆ ئەوەی ئابووری نەچێتە دۆخی ڕاوەستانەوە.زانای ئابووری جۆن کینز لە پێشتردا لە دەیەی سیەکانی سەدەی ڕابردوودا ئاماژەی بەوەداوە، کە ئێمەش بەهەمان شێوە ناوی دەبەین بە: سەرمایەداری ڕێکخراو.

هەندێکی تر دەڵێن ( دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی تێچووی زۆرە):

پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی کە ئەو بانگەشەیە دەکەن وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بدەنەوە:

### • پارەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لە کوێ وە دێت؟

وەڵام: لە ئێمەوە هەمووومان، بەشێوەیەک پێکەوە پاڵپشتی دارایی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی دەکەین لە میانەی باجەکان و ڕسوماتەکانەوە. بنەماکە دەڵێت: کێ زیاتری هەیە دەتوانێت زیاتر بدات.

### • کێ پارەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت؟

ئەوە وەڵامەکەیەتی:ئێمە هەمووومان.دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پێویستی بە پارەیە بۆ ئەوەی مووچەی سستەرەکان و خانەنشینانی پێ دابینبکات لەگەڵ چاپکردنی کتێبەکانی قوتابخانە و دروستکردنی ڕێگا نوێکان و زۆر لەوەش زیاتر.

جا هەرکەسێک بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی تێچووی زۆرە، ڕێک وەکو ئەوە وایە کە بڵێت سستەرەکان مووچەی بەرز وەردەگرن، یان مووچەی خانەنشینان زۆر بەرزە، یان دەبێت خەرجی خوێندن کەمبکەینەوە.

زۆرێکی تر سکاڵادەکەن و دەڵێن:خاوەن داهاتە بەرزەکان پێویستە زیاتر بدەن.

بەکردارەکی ئەوە بنەمای دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتییە، هەر کەسێک پارەی زیاتری هەبێت پێویستە لەسەری زیاتر بدات بە بەراوورد بەوەی کە کەمی هەیە.ئێمەش قورسایی ڕسوماتەکان بەپێی توانای خەڵکی دابەشدەکەین.

جەستە بەهێزەکان بەرگەی قورسایی زیاتر دەگرن، بەپێی ئەوەی کە کەسایەتی سیاسی سۆشیال دیموکراتی فرانتس مۆنتیفیرینگ دەڵێت.

ئایا ئەوە  نادادپەروەریە؟ نەخێر !

لەبەرئەوەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی ئیمتیازاتی زیاتر پێشکەش بەو کەسانە دەکات کە ڕسوماتی کۆمەڵایەتی بەرز دەدەن.

١. دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی ئاسایش بۆ هەمووان دابین دەکات.

تەنانەت بۆ ئەوکەسانەی کە خۆشگوزەرانیشن، ئەگەر کێشەیەک ڕووی تێکردن ئەوان پارێزراون.ئەوەش توانای سەرکێشی وڕووبەڕووی مەترسیەکانت پێدەبەخشێت، وەک دامەزراندنی کۆمپانیایەکی نوێ.

٢. توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە لەگەڵ زیادبوونی یەکسانیدا ئەوا دڵخۆشی هەموانیش زیاد دەکات.

ئاشکرایە دەوڵەمەندەکان هەستدەکەن کە لە خۆشگوزەرانی زیاتردان کاتێک ڕێژەی نایەکسانی لە وڵاتدا کەمدەبێتەوە. سەرەڕای ئەوەش، خۆشبەختی خاوەن پارە و سامانە زۆرەکان لە ژیاندا کەم دەبێتەوە کاتێک خەڵکی هەژار دەبینن لەسەر شەقامەکاندا.

٣. پێویستە لەسەر دەوڵەت کە پارێزگاری و چاودێری دابین بکات.

هاووڵاتیانی هەموو وڵاتێک پێکەوە دەوڵەت بنیاتدەنێن، دەوڵەتیش ئەرکی پاراستنی هەمووان لە ئەستۆدایە کە لەناو وڵاتەکەدا دەژین، هەروەها مافەکانی هەموانیش دابیندەکات و هەلی کاری دادپەروەرانەشییان پێدەبەخشێت.

بۆ نموونە هەموو مرۆڤێک مافی هەیە لە ئازادی و خاوەندارێتیدا، دەوڵەتیش هەڵدەستێت بە پارێزگاری ئەو مافانە.لەبەرئەوە پۆلیسمان هەیە.

هەروەها پێویستە کە دەوڵەت گرنگی بدات بە هاووڵاتیانی خۆی، بەشێوەیەک پێویستە لەسەری کە مافە کۆمەڵایەتیەکانیان بپارێزێت بە خوێندنی باش و یارمەتیە کۆمەڵایەتیەکان و چاودێریکردنی نەخۆشەکان.هەر لەبەرئەوەیە کەپێویستمان بە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیە.

جا کاتێک ئێمە هەموومان پارە دەدەینە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، ئەوا هەمووشمان بەردەوام دەبین لە دیموکراتیمان. لەبەرئەوەی خەڵکی بەشێوەیەکی گەورەتر بەشداریدەکەن لە کۆمەڵگادا لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بەهێزدا.

## ٢-٣ سۆشیال دیموکراتی چی دەوێت؟

دەوڵەتێکی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بەهێز زۆر گرنگە بۆ سۆشیال دیموکراتی، بەشێوەیەک سیستەمی دیموکراتی بەهێز دابین ناکرێت تەنها لە دەوڵەتێکی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوودا نەبێت.

تەنها لەو حاڵەتەدا دەتوانرێت ژیانێکی ئارام دابینبکرێت بۆ هەمووان.

تەنها لەو حاڵەتەدا هاوکاری دەخوڵقێت.

تەنها لەو حاڵەتەدا هەمووان دەتوانن بەشدارییبکەن لە کار و وەرگرتنی بڕیارەکاندا.

پێویستە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بەزیرەکی بنیاتبنرێت بۆئەوەی تادەتوانرێت زیاترین بڕ لەدەسکەوتەکان وەدیبهێنرێت، ئەوەش بەباشترین شێوە ڕوودەدات لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی خۆپارێزیدا.

# بەشی سێیەم

# دادپەروەری

بەشی سێیەم وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە دەربارەی دادپەوەری. دەمانەوێت کە هەمووان بتوانن بەشدارییبکەن لە کۆمەڵگادا بە ئازادی و بە کەرامەتەوە.لەبەرئەوە پێویستە دابەشکردنی هەل و خێروبێرەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بێت .ئایائەوە بەویژدانەوە چۆن دەکرێت؟ ئەی وەڵامی هەرەگرنگ چییە لە دابەشکردنی بە ویژدانانەدا؟

ئەو بابەتە لە بەرنامەی بنەڕەتی پارتی سۆشیال دیموکراتدا بە دەق بەم شێوەیە هاتوە:

( دادپەروەری وەستاوەتە سەر یەکسانی لە کەرامەت و شکۆ لە نێوان هەموو مرۆڤەکاندا. دادپەروەری بەمانای ئازادی وەکیەکی و هەلی ژیانی یەکسانی دێت. بەبێگوێدانە بنەچە و ڕەگەز.

دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بریتییە لە ئامانجە گەورەکانی سۆشیال دیموکراتی. جا بۆ گەیشتن بەو ئامانجە.پێویستە لەسەرمان سووربین لەسەر بەویژدانی لەکاتی دابەشکردنی هەل و خێروبێرەکاندا بەپێی توانا لە کۆمەڵگاکانماندا.

دادپەروەریش بەومانایە نایەت کە هەمووان هەمیشە هەمان شتیان دەستبکەوێت، بەهەمان شێوە بەمانای ئەوە نایەت کە مرۆڤ ئەوەی دەستبکەوێت کە دەیەوێت).

## دادپەروەری بەمانای دووبارە دابەشکردنەوە

ئەو کەسەی پایەکانی یان پێداویستیەکانی ژیانی کەمتر هەیە ئەوا یارمەتییە زیادەکانی دەدرێتێ بە ئازادی و بە شکۆوە.بەڵام ئەو کەسەی کە زۆرتری هەیە لە پێویستی خۆی ئەوا دەتوانێت ئەوەندە بدات کە هەیەتی.

دەتوانرێت کە کرداری دابەشکردن ڕێکبخرێت بەپێی چوار لایەن: یەکسانی و توانا و کارکردن و پێویستی و هەلەکان.

## ١-٣ یەکسانی

مەبەست لە یەکسانی بریتییە لە دابەشکردنی یەکسانیی هەل و خێروبێرەکان لەهەموو بوارەکاندا.ئەوەش بەمانای ئەوەیە کاتێک دابەشکردن دووبارە دەکەینەوە بەپێی بنەمای یەکسانی.ئەوا هەمووان هەمان هەلیان دەستدەکەوێت.

یەکسانی لە کۆمەڵگاکەماندا بریتییە لە خاڵی دەستپێکردن.

هەر بۆنموونە، هەموو مرۆڤەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن، پیاوان و ژنانیش هەمان مافییان دەبێت.

**نموونەیەک: یەکسانی لە هەڵبژاردندا**

یەکسانی لەمافی دەنگداندا لەکارە سەرەتاییەکانی ئەمڕۆدایە. ئەوەش بەمانای ئەوەی کە هەموو دەنگەکان هەمان نرخیان هەیە.ئەمەش جیاوازە لەو دۆخەی کە لەڕابردوودا هەبوە.بەشێوەیەک دەنگەکانی دەوڵەمەندەکان نرخیان زیاتر بوە لە دەنگی هەژارەکان، ئەوەش ناونرا بە (مافی دەنگدانی سێ چینەکان).

مافی یەکسانی دەنگدان مانای وایە کە هەموو پیاو یان ژنێک لەسەروو تەمەنی ١٨ ساڵیەوە مافی دەنگدانیان وەکو یەک هەیە.بۆ نموونە: بارودۆخ بەو شێوەیە نەبوە لە ڕابردوودا، بەشێوەیەک بۆ یەکەم جار کە ژن مافی دەنگدانی پێدرا لە ئەڵمانیادا لە ساڵی ١٩١٩دا بوو.ئەوەش لەلایەن پارتی سۆشیال دیموکراتەوە ئەو کاتە سەپێنرا  لەسایەی ڕابەرایەتی فردیریش ئیبرت بوو.

ئایا نابێت لەهەموو ئانوسات و جێگەیەکدا یەکسانی جێبەجێ بکرێت؟

لەدەوڵەتەدا هەموو هاووڵاتیان مافی هەمان پاراستنیان هەیە ، هەمان یارمەتی و هەمان پشتیوانیش، جا پێویستی پێی بێت یان نا.بەڵام یەکسانی ڕەها لەسەر زەمینەی واقع ناتوانرێت بهێنرێتە دی.

**بۆ نموونە لە دۆخی نەخۆشیدا:**

زۆرێک لەخەڵکی تووشی نەخۆشی دەبن بەڵام هەندێکی تریان بەدەست کەمئەندامیەوە دەناڵێنن.هەموانیشیان پشتیوانی دەوڵەتیان دەستدەکەوێت.بەڵام

هەندێکی تریش هەن تەندروستیان بەدرێژایی تەمەنیان باشە و پارە لەدەوڵەتەوە وەرناگرن.هەربۆیە پێویست بە هەمان مامەڵەکردن لەگەڵیاندا ناکات.

**بۆ نموونە بیمەی بێکاری:**

هەرکەسێک کارەکەی لەدەستبدات ڕێژەیەک لە دووا مووچەی دەدرێتێ لەلایەن دەوڵەتەوە.بەڵام هەموو کەس هەمان مووچەیان پێنادرێت. هەروەها دەوڵەت پارەی زۆر ناداتە هەموو خەڵکی وەک بیمەی بێکاری.

**ئایا ئەوە دادپەروەرییە؟**

ئەمە ئەوەیە کە بەرنامەی بنەڕەتی پارتی سۆشیال دیموکراتی جەختی لەسەر دەکاتەوە:

( خەڵکی جیاوازن و هەرواش بە جیاوازی دەمێننەوە.بەڵام ڕێگە پێدراو نیە کە ئەو جیاوازیە سروشتیە و شوناسی دایک وباوکان ئاراستەی ژیان دیاری بکات بەدرێژایی ژیانی کەسەکە.

لەبەرئەوە، دادپەروەریی پێویستی بەیەکسانی زیاتر هەیە لە دابەشکردنی داهات و سامان و هێزدا لەبەرئەوەی جیاوازی زۆر لە دابەشکردنیدا یەکسانی لەهەلی ژیاندا ڕووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە. هەرلەبەر ئەو هۆکارەش، سۆشیال دیموکراتی پێویستە.

مەبەست لەهاوتا و وەکیەکبوونی هەلەکانی ژیان یەکسانی ڕەها نیە. بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەوا ڕووبەرێک هەیە بۆ وەدیهێنانی لایەنگری و ویست و توانا کەسیەکان).

**بەهەمان شێوە سۆشیال دیموکراتی دەڵێت:**

لە ئەزموونی کردارەکیەوە دەزانین کە خەڵکی یەکسان نین.

لەبەرئەوەی خاڵی دەستپێک لای ئێمە یەکسان نابن سەبارەت بە توانا و خوێندن و بنەچەوە.

**بەکورتیەکەی:**

منداڵانی هاتوو لە خێزانە هەژارەکانەوە هەلەکانیان جیاواز دەبێت لە منداڵانی هاتوو لە خێزانە دەوڵەمەندەکانەوە.

پێویستە دەوڵەت یارمەتی ئەو کەسانە بدات کە توانای کەمتریان هەیە.

لەبەرئەوە پێویستە هەمووان هەمان هەلیان دەستبکەوێت.

## ٣-٢ پێویستی

کارل مارکس کە یەکێکە لەگەورە بیرمەندەکانی ئابووری پێش ٢٠٠ساڵ دەربارەی دادپەروەری دەنوسێت و دەڵێت:

لەهەموو بەپێی تواناکەی و بۆ هەمووانیش بەپێی پێویستی.

مارکس وایدەبینێ کە کاتێک هەرکەسێک بەپێی تواناکەی دەیدات و هەموو مرۆڤێکیش بەپێی پێویستیەکەی وەریدەگرێت، ئەوا حاڵی هەمووان باش دەبێت. واتا دابەشکردن بە پێی پێویستی دەبێت.

ئەوەش بنەمایەکی گرنگی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیە. پێویستە نەخۆش ئەو چارەسەرە وەربگرێت کە پێویستی پێیەتی.

لێرەدا هەندێک پرسیار دەکەین پەیوەندیدار بە دووبارە دابەشبونەوە بەپێی پێویستی:

**چۆن دەتوانرێت کە بڕیاربدەین هەر کەسێک چی پێویستە؟**

لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوان هەژاری و ئەوەی مرۆڤ پێویستێتی بۆ ئەوەی ژیانێکی پڕشکۆ بژی.

ئەو جیاوازیەش گرنگە، لەبەرئەوە لایەنگرانی سۆشیال دیموکراتی کاردەکەن لە پێناو ئەوەی هەموو خەڵکی بتوانن بە ژیانێکی پڕ شکۆ بژین.هەروەها بەشداریش بکەن لە کۆمەڵگادا.

**نموونەیەک: تەلەفۆن و تەلەفزیۆن و ئەنتەرنێت:**

هێڵی تەلەفۆنی زەمینی پێش ٦٠ساڵ نیشانەیەک بوو لە نیشانەکانی دەوڵەمەندی ڕەها.لەوکاتەدا تەنها دەوڵەمەندەکان دەیانتوانی بەدەستیبێنن. بەڵام هێڵی ئەنتەرنێت ئەوە هەر لە بنچینەدا بوونی نەبوو.

بەڵام لە ئێستادا دۆخەکان گۆڕاون و هەریەکە لە تەلەفۆن و ئەنتەرنێت بونەتە پێداویستیە بنەڕەتیەکان.ئەوەی کە هێڵی ئەنتەرنێتی نەبێت ناتوانێت بەشداری بکات لە گفتوگۆی گشتی یان کاردا.وناشتوانێت زانیاریشی دەستبکەوێت، ودواتریش هەلی ڕەخساوی لەبەردەمدا کەم دەبێت.

ئایا دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی هەمان لێپرساوێتی هەڵدەگرێت بەرامبەر هەموو خەڵکە هەژارەکان؟

زۆرێک لەخەڵکی کارەکانیان لەدەستدەدەن بەبێ ئەنجامدانی هیچ کەمتەرخەمیەک(گوناهێک)، لەکاتێکدا هەندێک کەسی تر بەشێک لە بەرپرسیارێتی حاڵی خراپیان هەڵدەگرن.ئایا دەبێت دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی چاودێری هەموو خەڵکی بکات بە یەکسانی؟

سەختە وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارانە بدرێتەوە، بەڵام دابەشکردن بەپێی پێویستی بنەمایەکی گرنگە بەلای لایەنگرانی سۆشیال دیموکراتیەوە، دەستخستنی هەموو کەسێک بۆ ئەوەی پێویستێتی دادەنرێت بە بیرۆکە سەرەکیەکانی هاوکاری.

لە ئێستادا ئەو بیرۆکەیە دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەیە لەزۆر لایەنەوە لە لایەنەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیەوە.

**نموونەی: هاوکاری کۆمەڵایەتی:**

هەموو ئەو خەڵکانەی کە کاریان نیە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە ئەڵمانیادا پێداویستیە بنەڕەتیەکانی ژیانیان پێدەدرێت.ڕاستە بڕەکە زۆر نیە، بەڵام ئاستی ژیانێکی پڕشکۆ وساکار دادەپۆشێت.

**نموونەی: چاودێری تەندروستی:**

هەموو نەخۆشێک لە ئەڵمانیادا یارمەتی پزیشکی دەستدەکەوێت کە پێویستی پێیەتی، هەمووشیان بیمەی تەندروستیان هەیە بۆئەوە.

**سۆشیال دیموکراتی چی دەوێت؟**

سۆشیال دیموکراتی دەیەوێت کە بنەمای دابەشکردن بەپێی پێویستی ڕۆڵێکی گەورەتر ببینێت لە سیاسەتی کۆمەڵایەتیماندا.ئەم بنەمایە لەهەموو جێگەیەکدا ڕووبەڕووی هەندێک لە سەختی و دژواری دەبێتەوە لە کاتی جێبەجێکردنیدا ، بەڵام ئامانجەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە بۆ بەشداریکردنی هەموو خەڵکی لەبەشداریکردن لە کار و لە ژیان لە کۆمەڵگاکەماندا.

ئایا خەڵکی لەهەژاریدا ناژین؟ئەی ئایا خەڵکی لە لێواری هەژاریدا ناژین؟بەڵکو دەبێت خەڵکی ژیانێکی پڕ شکۆ بژین.

## ٣-٣ توانا و کارکردن

هەمان کرێ بۆ هەمان کار.

زۆرێک لە خەڵکی دەڵێن:ئەوە بەویژدانیە.

بەهەمان شێوە مانای وایە: کێ زیاتر بتوانێت و زیاتر وەدیبێنێت ئەوا شایستەی کرێیەکی زیاترە.

هەرکەسێک کاری زیاتری ئەنجامدا ئەوا مووچەیەکی خانەنشینی زیاتر وەردەگرێت.

زۆرێک لە خەڵکی ئەوە بەکارێکی بەویژدانی دەزانن.

بەهەمان شێوە مەبەستیانە:هەرکەسێ زیاتر بدات بۆ سندوقی خانەنشینی ئەوا مووچەیەکی خانەنشینی زیاتر وەردەگرێت.

ئەوە ناودەبرێت بە دادپەروەریی توانا یان کارکردن.

زۆرێک لەبوارەکان لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا لەسەر ئەو بنەمایە کاردەکەن.

**نموونەی بیمەی بێکاری:**

هەرکەسێک زیاتری دەستبکەوێت ئەوا بەشداری زیاتر دەدات.

جا کاتێک کەسێک کارەکەی لەدەست دەدات، ئەوا بیمەی بێکاری دەدرێتێ، و بڕەکەشی دەوەستێتە سەر ئەو بڕە پارەیەی کە لەکاتی کارکردنیدا داوێتی.

**بەهەمان شێوە لەگەڵ مووچەی خانەنشینیدا:**

هەرکەسێک زیاتر بداتە سندوقی خانەنشینی ئەوا مووچەیەکی خانەنشینی بەرزتر وەردەگرێت لە ئایندەدا.

**لە سیستەمی خوێندندا:**

سیستەمی خوێندن پشتدەبەستێتە سەر نمرەکان لە قبوڵکردندا نەک داهات، جا هەرکەسێک نمرەی بەرزتر بەدەستبێنێت ڕێگەی پێدەدرێت کە پێشکەشی خوێندن بکات.

توانا و کارکردن بنەمایەکی گرنگە لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا. بەڵام ئەو بنەمایەش هەندێک کێشە و پرسیار لەخۆدەگرێت.

**توانا یان کارکردن چییە؟**

بیهێنە بەرچاوی خۆت کاتێک دوو پیاو دەبینی خەریکی دروستکردنی دیوارێکن. یەکەمیان زۆر شارەزایە بەڵام کاتێکی دووروودرێژ دەخایەنێت لەکارکردندا.یان هەندێک جار کەمتەرخەمی دەکات بەڵام دیوارێکی گەورەی دروستکردوە بەبێ ماندوبوون.

بەڵام کرێکاری دووەمیان، ئەوە پێویستی بە ماندوبونێکی گەورە هەیە و پێویستیشی بەکاتێکی زیاترە بۆ دروستکردنی دیوارەکە، بەڵام لەکۆتاییدا سەرکەوتوو دەبێت لەدروستکردنی دیوارێکی جواندا.

هەردوو دیوارەکە بەهەمان خێرایی دروستکران بەهەمان باشی و کوالیتییش.

**ئایا کام کرێکاریان هەستا بەئەنجامدانێکی گەورەتر؟**

**تا چ ڕادەیەک جیاوازی بەپێی توانا دادەنرێت بە دادپەروەری؟**

ئۆتۆمبێلێک بهێنە بەرچاوت، بۆ نموونە: مارسیدسێکی ڕەش بەهێواشی دەڕوات. لە کورسی دوواوە ژنێک دانیشتووە، ئەو ژنە وەک بەڕێوەبەرێک کاردەکات بۆ ماوەی ڕەنگە بگاتە ٧٠ کاتژمێر لە هەفتەیەکدا، بەشێوەیەک لقێک بەڕێوەدەبات کە ژمارەی کارمەندانی دەگاتە ٨٠ فەرمانبەر.شۆفێرەکەش لەکورسی پێشەوە و لەدوای سوکانەکەوە دانیشتوە.لە هەفتەیەکدا ٣٠ کاتژمێر کاردەکات. شۆفێرەکە ئاگاداری ڕۆیشتنەکەیە، ئۆتۆمبێلەکە بە سەلامەتی و خێرایی لێدەخوڕێت، لەڕاستیدا مافی بەڕێوەبەرەکەیە کە مووچەیەکی بەرزتر وەربگرێت لە شۆفێرەکە. بەڵام تا چ ئاستێک دادپەروەرییە؟ یەک هێندەی شۆفێرەکە؟یان ١٢ هێندە؟یان ١٠٠ هێندەی شۆفێرەکە؟

### کارکردنێکی بێ کرێ

هەموو کەسێک کارێکی نیە بەرامبەر بەکرێ، زۆرێک لە خەڵکی هەن کە کاری خۆبەخشانە دەکەن، هەندێکیان هەڵدەستن بەکاری چاودێریکردنی نەخۆشەکان لە خێزانەکەیدا یان ئاهەنگێکی وەرزشی ڕێکدەخات، ژنان لە پلەی یەکەمدا دێن، بەشێوەیەک بەزۆری کاری بێ بەرامبەر دەکەن.ئایا کارێکی بەویژدانیە کاتێک ژنان کاردەکەن بەبێ پاداشتێکی دارایی؟

### داواکاری هەمەجۆر

**نموونەیەکی تر: بیربکەرەوە لە دوو گەنجی پیشەیی**

یەکێکیان لە دووکانی باوکیدا کاردەکات، هەوڵی زۆر دەدات لە کارەکەیدا و بەخێرایی بەڕێوەبردنی کارەکانی باوکی دەگرێتە ئەستۆ و کڕیارانیش بەدەستدێنێت.بەڵام کرێکارەکەی تر ناچارە کە دووکانێک بۆخۆی دابنێت، کاری زۆریش بکات بەڵام کارێکی سروشتیە کە بە هێواشی گەشەبکات.جا کاتێک

کرێکارەکەی یەکەم دەستدەکات بە دروستکردنی ماڵێک بۆ خێزانەکەی، ئەوا کرێکاری دووەم ئەوکات توانیویەتی قەرزەکانی بداتەوە کەوەریگرتووە بۆ کڕینی کەلوپەلەکانی کارەکەی.ئایا ئەوە دادپەروەریە؟

دابەشکردن لەسەر بنەمای کارکردن گرنگە، بەڵام پەیوەستە بە گەلێک کێشەوە.

نموونەی کۆتایی ئاماژەی بەوەدا کە دابەشکردن بەپێی توانا و کارکردن تەنها لەکاتێکدا دادپەروەر دەبێت کە هەمان هەل هەبێت. ئەوەش بنەمای چوارەمە کە بەم نزیکانە دەیخوێنین.

**سۆشیال دیموکراتی چی دەوێت؟**

دابەشکردن بەپێی بنەمای کارکردن گرنگە.

گرنگە بۆ خانەنشینی و بیمەی بێکاری، زۆرێک لەخەڵکی بەکارێکی بەویژدانانەی دەزانن.

لایەنگرانی سۆشیال دیموکراتی دەیانەوێت کە دابەشکردن بەپێی توانا و کارکردن یەکلاکەرەوە نەبێت لە هەموو بوارەکانی ناو کۆمەڵگادا، لەبەرئەوەی هەموو خەڵکی یەکسان نین، و هەموو کەسیش ناتوانن بەهەمان توانا و کارکردن هەڵبستن.

لەبەر ئەو هۆکارەش، پێویستە سیاسەتی کۆمەڵایەتی گرنگی زیاتر بدات بە پێویستی و وەکیەکی هەل وەک لە گرنگیدانی بە توانا و کارکردن بەتەنها.

بەهەمان شێوە سۆشیال دیموکراتی گەرەکێتی کە زۆرێک لایەنی ناو کۆمەڵگا بگۆڕێت، بۆ نموونە سیاسەتی خوێندن و سیاسەتی تەندروستی.

## ٤-٣ هەلەکان Opportunities

سێ جۆر لە دابەشکردنمان ناسی: دابەشبوونێکی یەکسان و هاوتا، دابەشبونیش بەپێی پێویستی و دابەشبونێکیش بەپێی توانا و کارکردن.

لەکاتی گفتوگۆکانیشدا دەربارەی ئەو سێ جۆرە جەختکرایەوە لەسەر

دابەشکردنی خێروبێر و داهاتە گشتیەکان.
بەڵام جۆری کۆتا وچوارهەمی دابەشکردن بابەتێکی جیاواز لەخۆدەگرێت، کە بریتیە لە دابەشکردنی هەلەکان.
ئەم بنەمایەش هەر لەسەرەتاوە ئامانجی گەیشتنی هەموو خەڵکیە لە کۆمەڵگاکەماندا بەهەمان تواناکان.
یەکسانی لەهەلەکاندا بریتییە لەیەکێک لەبنەما سەرەکیەکانی سۆشیال دیموکراتی.
با هەندێک پرسیار بکەین پێش ئەوەی هەستین بە هەڵسەنگاندنی دابەشکردن بەپێی هەلەکان.
ئایا مرۆڤ دەتوانێت کاریگەری کردارەکی بکاتە سەر دۆخی سەرەتایی لای ئادەمیزاد؟
بەسروشتی خۆیان خەڵکی لەیەکتری جیاوازن.
خەڵکیش توانا و بەهرەی جیاوازییان هەیە.
لای هەندێک کەس بەهرەی زمان هەیە، هەندێکی تر بەهرەی مۆسیقایان هەیە، بەڵام زۆرێک لە خەڵکی توانایەکی لەڕادەبەدەر و ئاشکرایان نیە.
خەڵکی لەماڵی جیاوازدا گەورەدەبن.
هەندێک کەس لە خێزانی دەوڵەمەندەوە دێن.
بەڵام هەندێک منداڵ هەن بەزۆر نانی ڕۆژانەیان چنگدەکەوێت.
ئەو منداڵانە زانیاری تەواو جیاواز لە خێزانەکانیانەوە فێردەبن.
زۆرێک لەمنداڵان فێری ڕۆشنبیری وخوێندنی باش دەبن لە خێزانەکانیانەوە.
هەندێک منداڵی تریش جگە لە تەلەفزیۆن هیچی تر نازانن.
پەروەردەکردنی منداڵ جیاوازدەبێت لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی تر.
زۆرێک لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەدا گەورە دەبن کە هەموو دەرگاکان بۆ من کراوەیە.
هەندێکی تر ئەوە دەڵێن تۆ کچیت، بەهەرحاڵ ناتوانیت هیچ شتێک بکەیت.

خاڵی سەرەتا لەلای منداڵان و گەنجەکان زۆر جیاواز دەبێت.بەڵام سەرەڕای ئەوەش، پێویستە ئەو منداڵانە هەموویان بتوانن سوودمەندبن لە هەلەکان و تواناکان بە یەکسانی.

**چۆن هەلەکان دروستبکەین بۆ هەمووان؟**

دەوڵەت دەتوانێت کە کاریگەری هەبێت لەسەر هەلەکان و تواناکان. لەسەرەتادا هەڵدەستێت بە پشتیوانی ئەو کەسانەی کە کەمیان هەیە، بەڵام ئەو کەسانەی هەر لەسەرەتاوە بەهێندەی پێویستییان هەیە ئەوا دەتوانێت بەتەنها بۆخۆی بەردەوام بێت.

**نموونە: ئەرکەکانی قوتابخانە لە ماڵەوە.**

دوو منداڵ بهێنە بەرچاوی خۆت، کە ئەوانیش هێڤار و سانا.هەردوو منداڵەکە لە هەمان پۆلن ولەئێستادا فێری ئەژماری لێدەرکردن دەبن. هەردووکیان ئەرکی زۆری ماڵەوەیان لەسەرە کە جێبەجێیبکەن بۆ قوتابخانە، بەڵام هیچیشیان تێنەگەیشتوون کە چی لێ داواکراوە.

هێڤار خۆشبەختە و چانسی هەیە کە باوکی کاتی پێویستی هەیە و دەتوانێت یارمەتی بدات لەدوای قوتابخانە:بەشێوەیەک جارێکی تر وانەی ئەژماری لێدەرکردنی بۆ دەڵێتەوە.هێڤار لە وانەکە تێدەگات و ئێستا دەتوانێت بە زیرەکانە ئەرکەکانی وەڵامبداتەوە.

بەڵام سانا بێ چانسە، چونکە هەردوو دایکی و باوکی بۆ ماوەی دوورودرێژ کاردەکەن لەبەرئەوەی خێزانەکەیان پێویستی بە پارەیە، کاتێک دەگەڕێنەوە بۆ ماڵ زۆر ماندوون.باوک و دایکی ناتوانن جارێکی تر یارمەتیبدەن لە ڕوونکردنەوەی ئەژماری لێدەرکردن. هەربۆیە سانا بەتەنها خۆی ئەرکەکانی تا کاتژمێرە درەنگەکانی شەو وەڵام دەداتەوە و داواکاریەکانیش بە باشی تێنەگەیشت.

هەمیشە ئەوە ڕوودەدات لەگەڵ ئەو دوو منداڵەدا.

هێڤار یارمەتی دەدرێت لەلایەن باوکیەوە، ئاستی بەبەردەوامی باشتر دەبێت لە قوتابخانە، بەڵام سانا بەباشی لە وانەکان تێناگات و بەبەردەوامی هەلەکانی بۆ دواوە دەگەڕێنەوە.

**چۆن دەتوانین یارمەتی سانا بدەین؟**

ڕەنگە دەوامی ڕۆژی تەواوی قوتابخانە بۆ سانا باش بێت، ئەوەش مانای وایە کە لەدوای کۆتایهاتنی وانەکانیش لە قوتابخانە دەمێنێتەوە، لەوکاتەشدا مامۆستاکان یارمەتی دەدەن لەوەڵامدانەوەی ئەرکەکاندا، خۆ گەر لە جاری یەکەمدا تێنەگەیشت، ئەوا مامۆستاکەی جارێکی تر بۆی دووبارەدەکاتەوە، بەم شێوەیە قوتابخانە ڕۆژێکی تەواو گرنگی دەدات بە دابینکردنی زیاتری هەلە یەکسانەکان.

**سۆشیال دیموکراتی چی دەوێت؟**

لایەنگرانی سۆشیال دیموکراتی دەڵێن: ئەرکی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیە کە قەرەبووی هەلە جیاوازەکان بکاتەوە.

**نموونە لە سیاسەتی خوێندن:**

دابەشکردنی هەلەکان لەم بوارەدا دادەنرێت بە گرنگترین کار، بەشێوەیەک هەموو باوکان خۆیان ناتوانن یارمەتی منداڵەکانیان بدەن.هەروەها پارەی پێویستیشیان نیە کەتێچووی وانەی سەرەڕایش بدەن.هەربۆیە باوکە هەژارەکان ناچاردەبن کە کاتژمێری زیاتر کاربکەن و ئەوکاتیش ناتوانن کرێی وانە سەرەڕاییەکانیش بدەن.لەبەر ئەو هۆکارە، پێویستە وانەی سەرەڕایی بێ بەرامبەر هەبێت بۆ هەر کەسێک کە پێویستی پێی بێت، جا هەر کات دەوڵەت وانەی سەرەڕایی دەستپێکرد، ئەوا دۆخەکە باشتر دەبێت.

**یاسای بنەڕەتی پارتی سۆشیال دیموکراتی باسیکردوە و دەڵێت:**

( مەبەست لە هەلی ژیانی یەکسان یەکسانی ڕەها نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ڕووبەرێک هەیە بۆ وەدیهێنانی لایەنگری و توانا کەسیەکان.

خەڵکی جیاوازن و هەرواش دەمێننەوە.بەڵام دروست نیە کە جیاوازیە سروشتیەکان و بنەچەی کۆمەڵایەتی بگۆڕێن بۆ چارەنوسێکی کۆمەڵایەتی، بەهەمان شێوە دروست نیە ئاڕاستەکانی ژیان پێشوەختە دیاریبکرێن).

## ٣-٥ سۆشیال دیموکراتی چی دەوێت؟

دادپەروەری یەکێکە لە بەها بنەڕەتیەکانی سۆشیال دیموکراتی، بەشێوەیەک لایەنگرانی دەیانەوێت کە هەموو خەڵکی بە ئازادانە بژین، وکرداری دابەشکردنیش بەشێوەیەکی بەویژدانانە بێت، و هەمووشمان پشتگیری یەکتر بکەین.

• کاتێک پێویست بێت لەسەر هەمووان و ڕێگەشیان پێبدرێت بۆ بەشداریکردن لە کۆمەڵگادا، ئەوا پێویستە لەسەرمان کە دابەشکردنی هەلەکان و خێروبێرەکان بەویژدانانە ئەنجام بدەین.

• جا بۆئەوەی دابەشکردنەکەش بەویژدانانە بێت، سۆشیال دیموکراتی چوار لایەن بەهەند وەردەگرێت: کە بریتین لە یەکسانی و پێویستی و تواناوکارکردن و هەلەکان.

• ئەو چوار لایەنە هەمووانیان هەمان گرنگیان نیە لە هەموو لقەکانی سیاسەتدا، ڕەنگە توانا و کارکردن لەوانی تر گرنگتر بێت لەهەندێک بواردا، یان ڕەنگە پێویستی گرنگترینیان بێت لە بوارەکانی تردا.

• هاوتایی و یەکسانی هەلەکان لەهەموو لایەنەکانی تر بە بەردەوامی گرنگترە. جا بۆ ئەوەی گەورەترین ژمارەی خەڵکی بتوانن بەشداربن لە بەشداریکردن لە کۆمەڵگادا، پێویستە لەسەر دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بەپلەی یەکەم کاربکات بۆ دابینکردنی هەلی یەکسان.

# بەشی چوارەم

## دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی وەکو ماڵ

لەم بەشی چوارەمەدا بەراوردێک ئەنجامدەدەین بەناونیشانی (دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی وەک ماڵ)، ئاشکرایە سیمای ماڵ یان خانوو، لەهەر وڵاتێکدا پشتدەبەستێتە سەر زۆر هۆکار لەوانە:

**ئەو کەرەسانە چین کە بۆ دروستکردنی بینا بەکاردێن؟**
**ئەی ئەوپلانانە چین بۆ دروستکردنی بیناکە وڵات پەسەندیکردوون؟**
**ئەی ئەو ئەندازیارە کێیە کە هەستاوە بە دروستکردنی نەخشەی بیناکە؟**

هەرکەسێک بەناوچەی بینا نوێکاندا هاتووچۆ بکات ڕاستەوخۆ ئەوە دەبینێت کە هیچ بینایەک بەتەواوەتی لەویتر ناچێت.زۆرێک لە بیناکان لە خشت دروستکراون، وهەندێکی تر لە تەختە، هەندێکی تر ڕازاندنەوە بە تەختە یان چیمەنتۆ.ئاشکراشە کەرەسەی بینا جیاوازی گەورە دروستدەکات.

خانووەکان تەنها لە کەرەسەی بیناکاندا جیاواز نین، بەڵکو زۆربەی بیناکان بە نەخشەی جیاواز بنیاتدەنرێن، بۆ نموونە خانویەک دەبینی کە باخچەکەی لە پێشەوەدایە و ٣ ژووری منداڵی تیادایە، یەکێکی تر دەبینیت ژوورێکی نانخواردنی گەورە و باڵکۆنێکی تیادایە.

یەکێک لە ئەندازیارەکان سیمای کۆتایی خانوەکە دیاریدەکات، جا هەر ئەندازیارێکیش دیزاین و شێوازی کارکردنی تایبەتی خۆی هەیە، ڕەنگە هەندێکیان هێڵە دیارە نوێکانی بەلاوە باشتربێت، و یەکێکی تریان هەندێک لە دیزاینی زەخرەفەداری کۆنی بەلاوە جوانە.

بەم شێوەیە خانوەکان جیاوازی زۆریان لەنێواندایە، بەهەمان شێوەش سیاسەتی کۆمەڵایەتیش لەوڵاتە جۆربەجۆرەکانی جیهاندا جیاوازی زۆریان لە نێواندایە.لەم بەشەدا هەوڵدەدەین کە چۆن ئەو جیاوازیانە بە ڕوونی دیارییکەین، لەبەر ئەوهۆکارەش دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بەراوورد دەکەین بە خانوو یان ماڵ.

## ٤-١ کەرەسەی بینا

لێرەدا مەبەست لە کەرەسەی بیناکردنی سۆشیال دیموکراتی هۆکارەکانی یان کەرەسەکانێتی:ئەو کەرەسانە کە دەوڵەت کاریان پێدەکات، ئەمانەی لای خوارەوە گرنگترینیانن:

- **پارە// سەرمایە**

زۆر بە ساکاری پارە دادەنرێت لە گرنگترین کەرەسەی سیاسەتی کۆمەڵایەتی، بەشێوەیەک دەوڵەت پارەکان دەخاتە سەر حسابی خەڵکی لەبەرئەوەی لەدۆخێکی دیاریکراودا، مافی خۆیانە کە یارمەتی داراییان دەستبکەوێت.

ئەو کەسەی کە کاری نیە لەلایەن دەوڵەتەوە بیمەی بێ کاری دەدرێتێ.

کەسانی بەتەمەنیش مووچەیەکی خانەنشینیان دەدرێتێ.

ئەو کەسەی منداڵی هەیە لە تەمەنێکی دیاریکراودا دەرماڵەی منداڵی دەدرێتێ.

- **خزمەتگوزاری**

دەوڵەت دەتوانێت گرنگی بەکاری زیاتریش بدات لە ناردن و پێدانی پارە، دەوڵەت دەتوانێت کە بەکردارەکی یارمەتی خەڵکی بدات. پزیشکان و بەخێوکەران و مامۆستایان و...هتد.لە فەرمانبەران دەتوانن خزمەتگوزاری خۆیان پێشکەش بکەن لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا.

نەخۆش دیاریکردنی نەخۆشیەکە و چارەسەریشی لەلایەن پزیشکان و سستەرەکانەوە پێدەدرێت.

منداڵان جێگەیان لە باخچەی منداڵان پێدەدرێت کە تیایدا چاودێرییان دەکرێت.

منداڵان و گەنجان خوێندیان بۆ دابیندەکرێت لەلایەن مامۆستاکانەوە لە قوتابخانەدا.

- **دەرماڵە دەستیەکان (بینراوەکان)**

دەوڵەت دەتوانێت شتی زیاتریش پێشکەش بکات سەرەڕای پارە و خزمەتگوزاری، ئەوەش پێی دەوترێت بە دەرماڵەی بەردەست یان بینراو.

لە زۆربەی کاتدا نەخۆش دەرمانی بۆدابیندەکرێت، منداڵانی قوتابخانە کتێبیان بەخۆڕایی دەدرێتێ.

**• باجەکان و ڕسوماتەکان**

باجەکان دادەنرێن بە بەشێک لە دەوڵەت، بەشێوەک هەمووان باج و ڕسوماتی کۆمەڵایەتی دەدەن تا دەوڵەت و سندوقە کۆمەڵایەتییەکان بتوانن کە پاڵپشتی ئەو خزمەتگوزارییانەی لای سەرەوە بکەن، بەڵام باجەکان کاریگەریەکی تریان هەیە، بەشێوەیەک دەوڵەت بەهۆی داهاتەکانی باجەکانەوە هەڵدەستێت بە دووبارە دابەشکردنەوەی پارەکان.

**• باجەکان**

بەشێک لەو پارانەی کە دەست دەکەوێت یان خەرجدەکرێن لە زۆرێک لە وڵاتاندا ڕاستەوخۆ دەڕوات بۆ دەوڵەت، چەند جۆرێکیش لە باجەکان هەن.وەک باجی داهات، کە لە دەرخستەی مووچەدا تۆماردەکرێت، باجی بەکارهێنان، کە وەردەگیرێت لەسەر فرۆشتنی بەنزین و کەرەسە خۆراکیەکان.

**• ڕسوماتەکان**

زۆرێک لەو یارمەتیانەی کە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پێشکەشی دەکات پاڵپشتی دەکرێن بە پارەی ڕسومات، هەر بۆ نموونە بیمەی تەندروستی، جا هەرکەسێک زیاتری دەستبکەوێت ئەوا ڕەسمی زیاتریش دەدات.

کەسانی خاوەن داهاتی کەم باج کەمتر دەدەن، بەڵام خاوەن داهاتە بەرزەکان بڕی گەورەتر دەدەن، سۆشیال دیموکراتی دەڵێت: جەستە بەهێزەکان بەرگەی قورسایی زیاتر دەگرن.

ئەو کەرەسە بەکارهێنراوانە چین بۆ دروستکردنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لە وڵاتە جیاوازەکاندا؟

لێرەدا باسی گرنگترین کەرەسەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی دەکەین:

- **باجەکان**

ئەو پارانە لەکوێوە دێن کە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی دابەشی دەکات؟ زۆرینەی لە باجەکانەوە دێن، هەموو مرۆڤێک پارەی هەیە بۆیە دەبێت بەشێک لەو پارەیەی دەستیدەکەوێت یان خەرجی دەکات بداتە دەوڵەت.

- **یارمەتی//بیمەی بێکاری**

دابینکردنی باجەکان بریتییە لە یارمەتییەکی دارایی لە زۆربەی وڵاتاندا، بەشێوەیەکە کە هەموو ئەو کەسانەی کاریان هەیە بڕێک لە مووچەی مانگانەکەی دەداتە سندوقی دڵنیایی.

مافی ئەو کەسانەشە کە بێکار دەبن کە قەرەبووبکرێنەوە لە سندوقی دڵنیایی، ئەو کەسەی کە کاری نیە ئەوا بڕێک پارەی لەلایەن دەوڵەتەوە پێدەدرێت لە جیاتی مووچەکەی پێشووی.بەڵام ئەو کەسانەی کە کاریان هەیە یان کارێکی دۆزیوەتەوە و دەسکەوتی خۆی بەدەست دێنێت، ئەوە پێویستی بە بیمەی بێکاری نیە.

ئەو بیمەی بێکاریە لە زۆرێک لە وڵاتاندا هەنگاوی بەرەو پێشەوە هەڵناوە، بەشێوەیەک ئەو وڵاتانە نەک تەنها پارەیان داوە بەڵکو، خزمەتگوزاریشیان پێشکەش کردوە.بۆ نموونە خەڵکی ڕاهێنانی پیشەیی و ڕاهێنانی تەواوکاریان لەدەوڵەتەوە بۆ دابیندەکرێت، هەلی دەسکەوتنی کاریش زیاد دەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە پەیوەندی دەکەن بە خولە تەواوکاریەکانەوە.

- **خانەنشینی**

مووچەی خانەنشینی بریتییە لە یارمەتییەکی دارایی بەردەوام، بەشێوەیەک کە پێویستە هەموو کەسێک کە گەیشتە تەمەنێکی دیاریکراو دەبێت مووچەیەکی

خانەنشینی هەبێت. کرێکاران لە ئەڵمانیادا، بۆ نموونە مووچەیەکی خانەنشینیان پێدەدرێت لە بیمەی خانەنشینیەوە، بەڵام ئەو کەسانەی کە کار ناکەن ئەوا مووچەیەکی بنەڕەتیان پێدەدرێت لەیارمەتیە کۆمەڵایەتیەکانەوە.

دەوڵەت مووچەی خانەنشینی لە باج و ڕسوماتەکان دەدات کە خەڵکی لە ئێستادا کاریان هەیە، بەشێوەیەک کرێکاران و ڕاهێنەران هەمووانیان بەشداریدەکەن لەو کارەدا بە شێوەیەکی خۆڕسکی، و بەشێک لە مووچەکەیان دەبڕدرێت بۆ بەرژەوەندی سندوقی خانەنشینی، خاوەنی کارەکەش نیوەکەی تری دەدات.

لە زۆرێک لە وڵاتاندا، سیستەمی خانەنشینی تایبەت هەیە سەرەڕای خانەنشینی بنەڕەتی، دەکرێت کە فەرمانبەر بەشداریبکات لە خانەنشینی سەرەڕایی لەڕێگەی خاوەن کار یان بانکەوە.جا هەرکەسێک پارەی زیاتری دەستبکەوێت لە کارەکەی لە گەنجێتیدا دەتوانێت شتی زیاتر بکڕێت لەکاتی بەتەمەنیدا.ئالێرەدا جیاوازی گەورە دەردەکەوێت:بەشێوەیەک بەشێک لە خانەنشینان بە هەژاری دەژین، بەڵام هەندێکی تریان ژیانێکی دەوڵەمەندانە دەژین، بەنزیکەیی لە زۆربەی وڵاتاندا ئەو بارودۆخە هەیە.

- **خوێندن**

لە زۆرێک لە وڵاتاندا خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی دادەنرێن بە بەشێک لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، لێرەدا پارە دەستناکەوێت وەکو قازانج بەڵکو دەوڵەت هەڵدەستێت بەدابینکردنی خزمەتگوزاری.

خزمەتگوزاریە پێشکەشکراوەکان لەڕووی بڕ و جۆرەوە جیاوازن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، زۆرێک لە وڵاتان چاودێری دەوڵەتی بۆ منداڵان دابیندەکات جیا لە وڵاتانی تر کە ئەو خزمەتگوزاریانە پێشکەش ناکات. هەروەها لای زۆرێک لە وڵاتان سیستەمی قوتابخانە و ڕاهێنانی جیاواز هەیە، سیستەمی خوێندن لە هەندێک وڵاتدا بە سانایی جیادەکرێتەوە.بەشێوەیەک دەتوانرێت قوتابخانە یان ڕاهێنانی پیشەیی یان بەردەوامبوونی خوێندن بە سانایی ئەنجامبدرێت.لە

وڵاتانی تردا چەقبەستوویی زاڵە لە سیستەمی خوێندندا، بەشێوەیەک مرۆڤ تەنها یەکجار دەتوانێت بڕیار بدات.

- **تەندروستی**

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لەبواری تەندروستیدا پارە پێشکەش ناکات، بەڵکو خزمەتگوزاری و پێداویستیە بینراو و بەردەستەکان دابین دەکات.

لە زۆرێک لە وڵاتاندا سیستەمی تەندروستی گشتی هەیە، مەبەست لەوەش ئەوەیە کە هەر هاووڵاتیەک لەبەرامبەر بیمەی تەندروستیەکەیدا پارەدەداتە دەوڵـەت، هەموو پزیشکان و سستەرەکانیش لە نەخۆشخانەکان و کلیینکە حکومیەکاندا کاردەکەن.

لەوڵاتانی تردا، سیستەمی تێکەڵاو هەیە:بیمەی تەندروستی حکومی و هەندێکی تریش تایبەت هەیە، بەشێوەیەکی کەمیش یارمەتیە پزیشکیەکان تایبەتکراوە، کە ئەوەش سیفاتی باش و خراپی هەیە.

## ٤-٢ ئەندازیاران و نەخشەی بیناکان

کەرەسەی بینای جیاواز هەیە بۆ هەر جۆرێک لە خانووەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، وەک یارمەتیە داراییەکان و خزمەتگوزاری و یارمەتیە بینراو و بەردەستەکان، هەر سێ جۆرەکە لە زۆربەی وڵاتاندا کاردەکەن.

لەچ جۆرە تێکەڵەیەک کەرەسەی بینا بەکاردەهێنرێت؟ئەوە بەجۆرێکی گەورە پشتدەبەستێتە سەر ئەوئەندازیارەی کە نەخشەی بیناکە دادەنێت، ئەی ئەندازیارە ئامادەبوەکان کێن و ئەی شێوەی خانووە نموونەییەکان لایان کامانەن؟

لەخوارەوە سێ جۆر لەدەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی باسدەکەین:

- دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لیبڕاڵی
- دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پارێزگار

- **دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکرات**

هەڵدەستین بە بەراووردکردنی نەخشەی بینای هەر سێ جۆرەکە لە دوو ڕووەوە کە بریتین لە:

دابینکردنی تێچووی ژیان ، و جیاوازی نێوان چینە کۆمەڵایەتیەکان.

- **دابینکردنی تێچووی ژیان**

مرۆڤ لە ژیاندا پێویستی بە پێداویستیە بنەڕەتیەکانە، کە بریتین لە پارەی پێویست بۆ بەکرێگرتنی ماڵێک تیایدا بژی، خواردنیش کە بیخوات.زۆربەی خەڵکی دەتوانن ئەو پێداویستیە بنەڕەتیانە دابینبکەن بۆخۆیان لە ڕێگەی کارکردنەوە.ئایا حاڵی ئەو کەسانە چۆن دەبێت کە ناتوانن کاربکەن بەهۆی نەخۆشیەوە یان گەورەیی تەمەنەوە؟یان حاڵی ئەو کەسانەی کە کارێکی گونجاو نادۆزنەوە یان هەر کارێکیان دەستناکەوێت؟ئایا خەڵکی شایەنی یارمەتی و پشتیوانیکردنە؟

لە زۆرێک لە وڵاتان، کەموکوڕی لەمافەکاندا هەیە کە گرنگی دەدەن بە دابینکردنی تێچووی ژیان لە دەوڵەتدا.بۆیە زۆرێک لە خەڵکی ناچارن کە هەرجۆرە کارێک قبوڵ بکەن تا پێداویستیە بنەڕەتیەکانی ژیانیان بەخۆیان دابینبکەن.

بەپێچەوانەی وڵاتانی ترەوە کە زۆرێک لە مافەکان هەیە کە دەتوانن پێداویستیە بنەڕەتیەکانی ژیان لەدەوڵەت دابینبکەن، بەشێوەیەک نەخۆشەکان وبەتەمەنەکان لەدارایی گشتی پێداویستیە بنەڕەتیەکانی ژیانیان دەستدەکەوێت، دەوڵەتیش چاودێریان دەکات تەنانەت لەکاتی خاوبوونەوەی گەشەی ئابوری و بڵاوبونەوەی بێکاریشدا.

- **چینە کۆمەڵایەتیەکان**

لەهەر وڵاتێکدا کەسانێک هەن کە پارەی زۆریان هەیە و هەندێکی تریشیان کەمتریان هەیە، دەتوانرێت ئەو کەسانە دابەشبکرێت بە چەند کۆمەڵێکەوە:

ئەو کۆمەڵانە ناودەبەین بە چینە کۆمەڵایەتیەکان، کە بریتین لە:

چینی هەژار و چینی مامناوەند و چینی باڵا.

خەڵکی لەو چینانەدا داهاتێکی کەمیان دەستدەکەوێت، یان مام ناوەند، یان بەرز.

چۆن سێ جۆرەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی مامەڵە دەکەن لەگەڵ ئەو کۆمەڵانەدا؟ ئایا جیاوازیەکان لە نێوان چینەکاندا زیاد دەکات یان کەم دەکات؟

## ٤-٣ دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لیبڕاڵی

ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە یارمەتیدانە لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لیبڕاڵیدا تەنها پێداویستیە گرنگەکانیان دەدرێتێ، و تەنها مافێکی کەمیشیان هەیە لە پشتیوانیکردندا.

پێیدەوترێت دەوڵـەتـی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لیبڕاڵی لەبەرئەوەی بەزۆری ملکەچی پارتە لیبڕاڵە ئابوریەکانن.دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لیبڕاڵی پارەکانی لە باجەکانەوە دەستدەکەوێت. دەوڵەتیش تەنها کەمێک لەخزمەتگوزاریەکان پێشکەش دەکات، بەڵکو هەندێک کۆمپانیا گەورە تایبەتەکان کاری زۆرێک لەخزمەتگوزاریەکان ئەنجام دەدەن، جا هەرکەسێکیش پێویستی بە یارمەتیدان هەبێت ئەوا پڕۆسەیەکی بێزارکەری ووردبینیکردنی بۆ دەکرێت.

- **دابینکردنی تێچووی (خەرجیەکان) ژیان**

لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لیبڕاڵیدا، کاری بەکرێ دادەنرێت بەپێویستیەک بۆ هەڵگرتنی خەرجیەکانی ژیان، بەشێوەیەک مافەکانی خەڵکی لە دابینکردنی خەرجیەکانی ژیان لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لیبڕاڵدا زۆر کەمە.

- **چینە کۆمەڵایەتیەکان**

بڕی یارمەتیەکان لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لیبڕاڵیدا پشت

نابەستێتە سەر داهاتی تاک، بەڵکو هەمووان هەمان یارمەتیان دەدرێت، کە بەشێوەیەکی گشتی کەمە.کەسێک کە داهاتی زۆر بەرزبێت دەتوانێت کە بەشداریبکات لە بیمەی سەرەڕاییدا دژی مەترسیەکانی ژیان وەکو نەخۆشی و لەدەستدانی کار.بەڵام پشکی بەرز دەدەن لەبەرامبەر ئەوەدا.

هەژارەکانیش تەنها نزمترین ئاستی یارمەتیەکانی دەوڵەتیان بەردەکەوێت، بەوەش جیاوازیە چینایەتیەکان لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لیبرالیدا زیاتر دەبێت.

- **تۆڕی ڕاوکردن**

کاتێک دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لیبرالی بەراوورد دەکەین بە تۆڕی ڕاوکردن، دەتوانین بڵێین ئەو تۆڕی پارێزگاریە کونی گەورەی تیادایە، مرۆڤ دەتوانێت بە ئاسانی لێی بکەوێتە خوارەوە.

خۆ ئەگەر دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی وەکو ماڵێک وابێت، ئەوا وەکو ئەوە وایە کە نەپەنجەرە و نە گەرمی تیادا نەبێت.

لەکوێ نموونەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لیبرالی دەبینین؟

لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و بەریتانیای مەزن و ئوستورالیادا هەن.

### ٤-٤ دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پارێزگار

ئەو خەڵکانەی کەپێویستیان بە یارمەتییە لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پارێزگاردا لەچەند لایەکەوە یارمەتی دەدرێن.هەروەها خەڵکی مافی پشتیوانکردنیشیان هەیە.ئەو مافانەش جیاوازیان هەیە، بەشێوەیەک کە هەمووان هەمان مافەکانیان نیە.دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پارێزگاریش لە ڕسوماتەکانەوە کە پشتدەبەستێتە سەر داهاتی کار پشتیوانی دەکرێت.

خەڵکی مامەڵەیەکی یەکسان و وەکیەکیان لەگەڵدا ناکرێت لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پارێزگاردا، لەکاتێکدا خاوەن پیشە دیاریکراوەکان

دەبنە خاوەنی هەندێک ئیمتیازات، ئەوا خاوەن پیشەکانی تر خراپیەکانیان بۆ دەمێنێتەوە، ئەوەش لە ئەنجامی بنەماکانی ڕێکخستنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیەوەیە.

بەشێکی گەورە لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لە ئەڵمانیادا ڕێکدەخرێت لە ڕێگەی بیمەی کۆمەڵایەتیەوە، زۆرێک لە پیشەکانیش سەندیکای پیشەیی خۆیانیان هەیە.پزیشکان و فەرمانبەرە جێگیرەکانی حکومەت و پارێزەران و ...هتد.لەکۆمەڵە پیشەییەکانی تر ڕسوماتەکانیان بەشێوەیەکی خۆبەخۆیی دەدەنە سندوقی سەندیکا پیشەییەکانیان.جا کاتێک پێویستیان بە یارمەتی دەبێت، ئەوا بە پلەی یەکەم چاودێری دەکرێن لەلایەن سەندیکا پیشەییەکانیانەوە.

هەندێک پیشەی ترهەن کە داواکاریەکانیان خراپن، یان ڕەنگە سەندیکای پیشەییان نەبێت، ئەوا لەلایەن دەوڵەتەوە یارمەتی کەم دەدرێن.

- **دابینکردنی تێچووی (خەرجی) ژیان**

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پارێزگار بیمە لەسەر ژیان پێشکەش دەکات، بەڵام یەکسان نیە لەنێوان مرۆڤەکاندا.هەموو خەڵکی و بەیاسا مافی بیمەی خەرجی ژیانیان هەیە، بەڵام هەمووان وەکویەک هەمان یارمەتی وەرناگرن.

- **چینە کۆمەڵایەتیەکان**

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پارێزگار جیاوازیەکان لە نێوان چینەکاندا گەورەتر دەکات وەک لەوەی کە هەیە، ئەوەش پەیوەستە بە دابەشکردنی خزمەتگوزاریەکانی بیمەوە.

- لای زۆرێک یارمەتیەکان پەیوەستە بە مەترسیەکانی ژیانەوە بەوەی کە لە ڕابردوودا کەسەکە چی دەسکەوتوە لەداهات ، جا هەرکەسێک زیاتری دەستکەوتبێت ئەوا یارمەتی زیاتری بەردەکەوێت لەوەی کە کەمتری دەستکەوتوە.

• بیرۆکە و بنەماکانی دەوڵـەتـی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پارێزگار سەرچاوەدەگرن لە بیرۆکەی ماڵە پارێزگارەکانەوە.هەر لەبەرئەوەیە کە سیفاتی باجی تیادایە کاتێک پیاو کاردەکات و ژن دادەنیشێت لە ماڵەوە  بۆ منداڵ بەخێوکردن. بەڵام ئەو سیفاتانە بوونیان نیە بۆ ئەو کەسانەی کە کەسانی تر بەخێودەکەن یان بە شێوەی بەشی کاردەکەن Part Time.

لەکاتی بەراووردکردنمان بۆ دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پارێزگار بە تۆڕی ڕاوکردنەوە دەتوانین بڵێین:کە ئەو تۆڕی پارێزگاریە گەلێک کونی تیادایە، دەتوانرێت مرۆڤ بە ئاسانی و خێرایی لێیبکەوێتە خوارەوە.

بەبەراوردیش بە ماڵ ، دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پارێزگار وەک ماڵێکی گەورە وایە کە هەندێک ژووری قەوارە زۆر گەورەی تیادابێت و هەندێک ژووری تری زۆر بچوکیش، دانیشتوانەکەشی هەمان مامەڵەی ویژدانانەیان لەگەڵدا ناکرێت.

لەکوێ بەپلەی یەکەم ئەم جۆرە لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پارێزگار دەبینین؟

بۆ نموونە لە ئەڵمانیا و فەڕەنسادا هەن.

### ٤-٥ دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتی

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتی پشتیوای دارایی دەکرێت لە ڕێگەی باجەکانەوە، هـەروەک ئەوەی لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لیبرِاڵیدا هەیە.لەدوای ئەوە، خاڵە هاوبەشەکانیان نامێنێت هەروەک چۆن دەبینین کە جیاوازی گەورە هەیە لە نێوانیانیاندا تایبەت بە یارمەتیەکان:

• بـەزۆری یارمەتیەکان لەدەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتیدا گەورەترە لە یارمەتیەکانی وڵاتانی لیبرِاڵیدا.

• یارمەتیەکان لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتیدا

بەشێوەیەکی ئاشکرا و ویژدانانە دابەشدەکرێن بە بەراورد بە وڵاتانی پارێزگار. بەشێوەیەک خەڵکی هەمان یارمەتییان پێشکەشدەکرێت بەبێ گوێدانە مووچەکانیان کە وەریدەگرن.

• دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتی بەتەنها لەکاتی قەیرانە سەختەکانی ژیاندا پشتیوانی پێشکەش ناکات، بەڵکو دەوڵەت خزمەتگوزاری بۆ هەمووان دابیندەکات وەک چاودێری منداڵان و نەخۆشەکان.

**بەهۆی ئەوەوە ئاسەوار یان کاریگەری لەسەر هاووڵاتیان دادەنرێت:**

ژنان لەدەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتیدا دەتوانن لەهەمانکاتدا کاری خێزان و پیشەی خۆشیان ئەنجامبدەن، بۆ کاتژمێری دوورودرێژیش کاربکەن و زۆرجارانیش زیاتر لەوەی لە دەوڵەتای خۆشگوزەرانی تردا هەن.

زۆرێک لە خەڵکی لەدەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتیدا لەلای دەوڵەت کاردەکەن، ئەو کارانەش تەنها بۆ پۆلیس نیە، بەڵکو مامۆستاو سەرپەرشتیاران وسستەرەکان وکەرتی گشتیش دەگرێتەوە، کە پێیان دەوترێت خزمەتی شارستانی.

• **دابینکردنی تێچووەکانی (خەرجیەکان) ی ژیان**

خەڵکی لەدەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتیدا مافی گشتیان هەیە لە دابینکردنی خەرجیەکانی ژیاندا.دەوڵەت بەتەنها یارمەتی خەڵکی نادات لەکاتی پێویستیدا ، بەڵکو هەوڵی باشکردنی هەلەکانیشیان دەدات لەکۆمەڵگادا تەنانەت لەرۆژانی خۆشگوزەرانیشیاندا.

• **چینە کۆمەڵایەتیەکان**

جیاوازیەکانی داهات لە نێوان چینە کۆمەڵەیەتیاکاندا لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی

کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتیدا زۆر کەمە. بەشێوەیەک هەمووان هەمان یارمەتی وخزمەتگوزاریان بەردەکەوێت، سیستەمەکە بەشێوەیەک ڕێکخراوە کە هەمووان دەتوانن لە میانەیدا هەمان هەلەکانیان بەربکەوێت.

ئەگەر هەستاین بەبەراوردکردنێکی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتی لەگەڵ تۆڕی ڕاوکردندا دەتوانریچت بوترێت:ئەوا تۆڕی پارێزگاریەکە کونی زۆر کەمی تیادایە، زۆر خەڵکی لێ دەربازنابێت، بەڵکو تۆڕەکە هەندێک جار بەشێوەی تۆڕی ترامبۆلین کاردەکات.

خۆ ئەگەر دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتیمان بەماڵێک چوواند، ئەوا وەکو ئەوە وایە کە ماڵێکە و بنمیچێکی جوانی هەیە و ژووری زۆر و فراوانیشی بۆ هەمووان تیادایە.

ئەو وڵاتانە کامانەن کە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتی کاریگەری زۆری تیایاندا ئەنجامداوە؟

نموونەی وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا لە سوید و نەرویج و دانیمارک و فینلەندا.

## ٤-٦ بەراووردی نێوان هەر سێ دەوڵەتە خۆشگوزەرانە کۆمەڵایەتیەکان

هیچ دەوڵەتێکی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی نیە کە تەنها لەسەر یەک بیرۆکە دامەزرابێت ، بەواتای ١٠٠٪ لیبراڵی یان پارێزگاری یان سۆشیال دیموکراتی .

دەتوانرێت زۆربەی وڵاتان دابەشبکرێن بەپێی ئەو سێ جۆرە:

| دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتی | دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پاریزگاری | دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لیبراڵی |
|---|---|---|
| مافی زۆر لە یارمەتیدان | هەندێك ماف لە یارمەتیدان | مافی کەم لە یارمەتیدان |
| جیاوازیەکان کەم دەکەن | جیاوازیەکان زیاد دەکەن | جیاوازیەکان زیاد دەکەن |
| هەلی باش | هەلی کەم | هەلەکان مامناوەندن |
| کاری زۆر لە کەرتی حکومیدا | هەندێك کار لە کەرتی حکومیدا | کار لە کەرتی حکومیدا کەمە |
| باجەکان بەرزن | باجەکان مامناوەندین | باجەکان نزمن |
| ڕسوماتەکان نزمن | ڕسوماتەکان بەرزن | ڕسومات کەمە |
| ڕێژەیەکی کەم ، هەژاری کەم | ڕێژەیەکی مامناوەندی، هەندێك هەژاری | ڕێژەیەکی بەرز لە هەژاری |

**لەو خشتەیەی لای سەرەوە تێبینی دەکەین:**

• خەڵکی لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لیبراڵیدا باجی کەم دەدەن، لەبەرئەوە مافی یارمەتیدانیان کەمە، جیاوازیەکانیش لەنێوان دەوڵەمەند و هەژارەکاندا زیاد دەکات.

• خەڵکی لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی پارێزگاریدا باجی بەرز دەدەن، لەبەرئەوە

هەندێک جیاوازیان هەیە لە یارمەتیدانەکاندا، بەڵام هەلەکان بۆ ژنان لە نێوان کاری ماڵ و پیشەکانیاندا لاوازە.

- خەڵکی لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتیدا باجی زۆر دەدەن، لەبەرئەوە زۆرێک لە مافەکان و یارمەتیەکان دابیندەکرێت، جیاوازیەکانی نێوان دەوڵەمەند و هەژارەکانیش کەم دەبنەوە.

بەو بۆنەیەوە: سەرەڕای باجە بەرزەکان، دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتی لەڕووی ئابوریەوە بەسەرکەوتوویی دەمێنێتەوە، کەرتی خزمەتگوزاری سەر بە حکومەتیش کاردەکات بۆ ئەوەی خەڵکی وەزیفەکانیان لەدەست نەدەن، ئەوەش کاریگەری هەیە لەسەر تێکڕای هەژاری.

**تێکڕای هەژاری:**

ڕێژەی کەسەکان چەندن کە دەناڵێنن بەدەست دۆخی دارایی خراپەوە بەبەراوورد بە خەڵکانی تر لە وڵاتەکەتدا؟

### ٤-٧ چاودێری دواتر و چاودێری خۆپارێزی

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی دەتوانێت بەرگەی چی بگرێت؟ وە پێویستە بەرگەی چیش بگرێت؟

ئەندازیارەکان دەربارەی ئەو ئامانجە جیاوازیان نیە:

- **چاودێری دواتر**

پێویستە دەوڵەت چاودێری کۆمەڵایەتی یارمەتی ئەو کەسانە بدات کە کەوتونەتە دۆخی سەختەوە.

کێ نەخۆش کەوێت یارمەتی و پشتیوانی دەدرێت.

کێ کاری نیە پێداویستیە بنەڕەتیەکانی ژیانی بۆ دابیندەکرێت.

بەڵام ڕاوبۆچونەکان جیاوازن دەربارەی قەوارەی ئەو یارمەتیانە.

یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کەوتونەتە دۆخی سەختەوە پێی دەوترێت (چاودێری دواتر).

دەتوانرێت وەصفی هەرسێ سیستەمەکەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بکرێت بەوەی کە گرنگی دەدەن بە چاودێری دواتر.

بەڵام ئەندازیارەکان لەم بارەیەوە جیاوازیان هەیە.

• چاودێری خۆپارێزی ( پێشەکی)

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتی گەرەکێتی پشتیوانی خەڵکی بکات تا دەبنە خاوەنی هەلی ژیانی باشتر.

دەوڵەت گرنگی دەدات بە قوتابخانەکان و ڕاهێنانی پیشەیی.

دەوڵەت گرنگی دەدات بە دابینکردنی سیستەمی تەندروستی باش.

دەوڵەت چالاکانە کاردەکات لەسەر ئاڕاستەکردنی بازاڕی کار.

ڕەخساندنی هەلی باش بۆ خەڵکی ناودەبرێت بە ( چاودێری خۆپارێزی یان پێشەکی).

بەوشێوەیە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتی بەهەمان شێوە دەبێتە دەوڵەتی  خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی خۆپارێزی.

چاودێری خۆپارێزی هەندێک سیفاتی باش دابیندەکات بۆ هاووڵاتیان لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی سۆشیال دیموکراتیدا لەوانە:

• تەندروستی باش دەبێتە هۆکاری کەمکردنەوەی حاڵەتی تووشبوون بە نەخۆشی و بەرکەوتنی کار، ئەوەش بەڕۆڵی خۆی دەبێتە هۆکاری نزمکردنەوەی تێچووی چارەسەر و چاودێری.

• خوێندنی باش دەبێتە هۆکاری هەلی باش لە دەسکەوتنی کاری باشدا، هەروەها دەسکەوتنی داهاتی بەرز، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەی  کە خوێندنی باشیان هەیە بتوانن لە چینە کۆمەڵایەتیەکەیان بە ئاسانی دەربچن.

• خوێندنی باش هەلی باشتر دەڕەخسێنێت لەکاتی خراپبوونی دۆخی ئابوریدا، خەڵکی ڕووبەڕووی سەختی گەورە نابنەوە لە دۆزینەوەی کاری نوێدا، و بە بێکاری نامێننەوە بۆ ماوەی دوورودرێژ و بەهەمان شێوەش پێویستیان بە یارمەتی لەدەوڵەتەوە کەمتر دەبێت.

# بەشی پێنجەم

# ئایا کاتی گۆڕانکاری هاتووە؟

بەشی پێنجەم سێ پێشکەوتنی گەورە چارەسەر دەکات لە جیهاندا کە کاریگەری هەیە لەسەر دەوڵەتی خۆشگوزەرانی.جیهان بچوکدەبێتەوە و کۆمەڵگەکەمان وئابوریەکەشمان تائێستا بەرەوگۆڕانکاری دەڕۆن. ئایا گرنگی ئەوە چییە بەلای دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیەوە؟ ئەی ئایا کاتی گۆڕانکاری هاتوە؟

**کەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بەدەرکەوت؟**

لەپێش ١٢٥ ساڵدا لە ئەڵمانیا بەردی بناغەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی دانرا، کاتێک ڕاوێژکاری ڕایخی ئەڵمانی ئەوکاتە بسمارک ، دوای فشاری بزوتنەوەی کرێکاران، یەکەم بیمەی کۆمەڵایەتی دامەزراند.ئیدی لەوکاتەوە، خزمەتگوزاری چاودێری دواتر و خۆپارێزیش بۆ هاووڵاتیان بە هێواشی گەشەیان کرد.

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی هەر بەتەنها پشتیوانی لێناکرێت، بەڵکو ڕەخنەی زۆریشی لێدەگیرێت، زۆرێک لە ڕەخنەگران بڕیاری پێشوەختە دەدەن وەک لە پێشتر و لە بەشی دووەمدا باسمان کردن.

نموونە: دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی زۆر گەورەیە.

یان: دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی زیان بە گەشەی ئابووری دەگەیەنێت.

**بەسوودە گەر جارێکی تر بیربکەیەوە بۆ نموونە:**

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی ئەڵمانیا تاڕادەیەکی گەورە بەهێز نیە.

کاتێک یارمەتیەکان بەراوورد دەکەین بە یارمەتیەکانی وڵاتانی تر. دەبینین کە ئەڵمانیا دەکەوێتە ناوەڕاستەوە نەک لوتکە.بەهەمان شێوە هاووڵاتیان باجی کەم دەدەن بە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بەبەراوورد بە هاووڵاتیانی وڵاتانی تر.

هیچ پەیوەندیەک نیە لەنێوان دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و سەرکەوتنی ئابوریدا

وڵاتانێک هەن کە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی زۆر بەهێزی تیادایە و بەهەمان شێوەش ئابوریەکی بەهێزیشی هەیە.بەڵام وڵاتانێکی تریش هەن کە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بەهێزی تیادایە بەڵام ئابوریەکەی لاوازە.

هەروەها هەندێک وڵاتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی زۆر بچووک هەن و ئابوریەکەیان بەهێز یان لاوازە.

## دەوڵەمەندەکان باجی زۆر نادەن

بۆ نموونە لە ئەڵمانیادا، کۆمەڵێکی بچووک بە ڕێژەی ٢٤٪ بەشێکی گەورە لە باجەکان بەڕێژەی ٨٠٪ دەدەن، ئەوە پەیوەندی بە داهات و سامانەکەیانەوە هەیە، بەشێوەیەک ئەو کەسانە باجی زۆرتر دەدەن لەبەرئەوەی پارەی زیاتریان دەستدەکەوێت لە کەسانی تر، واتە زیاتر لە ٤٠هەزار یۆرۆ لە ساڵێکدا.

خاڵی کۆتایی وگرنگ، جیاوازی گەورەش هەیە لە نێوان دەوڵەمەندەکان و هەژارەکاندا لە ئەڵمانیادا: بەشێوەیەک دەوڵەمەنترینەکان ڕێژەی ١٠٪ کەخاوەنی لە ٦٠٪ زیاترن لە سامانی وڵات.بەڵام کەسانێک کە کەمترین سامانیان هەیە کە بریتین  لە ڕێژەی ٧٠٪ ئەوا تەنها خاوەنی ١٠٪ی سامانی وڵاتن، جا ئەو کەسەی کە کەمی هەیە ناتوانێت باجی زۆر بدات.

**مرۆڤ بەئاسانی دەتوانێت دژی ئەو ڕەخنانە ببێتەوە بۆ نموونە:**

(دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بەتێچووە یان دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بێ ویژدانە).

ئایا پێویست دەکات کە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی تا سەر هەروەکو خۆی بمێنێتەوە؟

بەدڵنیایەوە نەخێر، دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سیستەمێکی چەقبەستوو نیە، بەڵکو داهێنراوە کە بەپێی توانا پشتیوانی خەڵکی بکات، دواتر هەڵدەستین بە گونجاندنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆمان کاتێک جیهان گۆڕا.

**سێ پێشکەوتن ئاماژەی کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی کە بریتین لە:**

- جیهان بچووک دەبێتەوە.
- ئابووری دەگۆڕێت.
- کۆمەڵگا دەگۆڕێت.

## ١-٥ جیهان بچووک دەبێتەوە

- **جیهانگیری**

جیهان پەیوەندی بەیەکتریەوە هەیە، بەشێوەیەک پەیوەندیەکان لە ڕابردوودا کورتکرابۆوە بەزۆری لەسەر بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەردا.بەڵام ئەمڕۆ بە دڵنیایی لەسەر ئاستی جیهان لەبوارەکانی بازرگانی و کەلتور و ژینگە و پەیوەندیەکاندا پەیوەندی هەیە.کە کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر ئابوریی نیشتیمانیی و نێودەوڵەتیی، وبەهەمان شێوەش لەسەر دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیش.

- **ئەی کێشەکە چییە؟**

ئابووری وڵاتە زلهێزەکان ناودەبرێن بە ئابووری نێودەوڵەتی، لە ئێستادا کۆمپانیاکان بۆخۆیان بڕیاردەدەن.زیاد لەهەر کاتێکی تر.لەکام وڵاتدا بەرهەم دەهێنێت.زۆربەی کۆمپانیاکان هەوڵدەدەن بۆ کەمکردنەوەی تێچووی بەرهەمەکانیان بۆ نزمترین بڕ.هەروەها کۆمپانیاکان لەگەڕانیشدان بەدوای هەرزانترین جێگا بۆ کارگەکانیان، ئەو وڵاتانەشی کە هەرزانترین کرێ و باج و ڕسوماتیان هەیە.

کرێکاران لە وڵاتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بەهێزدا کرێی بەرز وەردەگرن.و باجی زۆریش دەدەن.پارەی باجەکانیش بەکاردەهێنرێت بۆ یارمەتیدانی بەتەمەنەکان و نەخۆش و بێکارەکان.

لە زۆرکاتدا کۆمپانیاکان دەڵێن:نامانەوێت باجی زۆر بدەین، ناشمانەوێت کە پارە بدەین بە کەسانێک کە کارمان لەلا ناکەن. لەبەرئەوە، کۆمپانیاکان هەڵدەستن

به بەرهەمهێنان لە وڵاتانێکدا کە کرێ و باج تیایاندا کەمن.

زۆرێک لە وڵاتانیش دەیانەوێت کە میوانداری زۆرترین ژمارەی کۆمپانیاکان بکەن لەبەرئەوەی کۆمپانیاکان ژینگەیەکی کارکردن دەڕەخسێنن و بەشداریدەکەن لە گەشەکردندا.زۆرێک لەو بڕوایەدان کە ئێمە لە کێبڕکێیەکی بەردەوامداین لەگەڵ وڵاتانی تردا: کێ تێچووی کەمی هەبێت بۆ کرێ و باجی کەم؟ئەم کێبڕکێیە کاریگەری دەبێت لەسەر وڵاتانی تر، کاتێک باجەکان دادەبەزن ئەوا دەوڵەت ناتوانێت بەردەوام بێت لەسەر یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە یارمەتیە وەک نەخۆش و بەتەمەن و بێکارەکان.

بەڵام کرێ و مووچەی کەم هەموو کات باشتر نین بۆ کۆمپانیاکان.کاتێک باجەکان کەم دەبن، ئەوا دەوڵەت پارەی کەمی لەلا دەبێت بۆ پشتیوانی خزمەتگوزاریەکان کە هەمووان لێی سوودمەند دەبن. بۆ نموونە ئەوکاتە پارە نابێت بۆ دروستکردنی ڕێگاکان .و جاکاتێکیش ڕێگاکان خراپ بوون، ئەوا بەرهەمی کۆمپانیاکانیش لەکاتی دیاریکراودا ناگەن، یان هەر ناگەن، هەروەها پارەی پێویستیش نابێت بۆ هێڵی ئەنتەرنێت، ئەوەش زیاندەگەیەنێت بەبازرگانی. بەڵام کاریگەری ئەوە زۆرگەورەترە، لەو وڵاتانەی کە باجەکان تیایاندا نزمن، ژمارەی مامۆستا و پۆلیس و کرێکارانی پاککەرەوە بەهەمان شێوە کەمدەکەن.

لەبەرئەوە، دەبینین کە باجە بەرزەکان سوودیان هەیە، بەشێوەیەک لەو وڵاتانەی کە باجەکان بەرزن ئەوا کرێکاری ڕاهێنراوی باش هەن، ڕێگاکان باشترن و خزمەتگوزاریەکانی ئەنتەرنێتیش خێراترن، بۆئەوەی کۆمەڵگا پڕ ئاسایشتر بێت و ئاستی گوزەرانیش بەرزتربێت.

- **تائێستا بە کردارەکی چی ئەنجامدراوە؟**
- مەرجەکانی دەسکەوتنی یارمەتیەکان لە زۆرێک لە وڵاتانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا زۆر قورستر بوون لە ڕابردوو لەم ساڵانەی دوایدا، بەشێوەیەک خەڵکی پارەی کەمتریان لە پێشتر دەستدەکەوێت کاتێک کارەکانیان لەدەستدەدەن،

پشتیوانیشیان بۆماوەیەکی کەمتر لێدەکرێت وەک لە ڕابردوو.

لەبەرئەوە زۆربەی وڵاتانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پارەی کەمتر خەرجدەکەن بەهۆی زیادبوونی ژمارەی خەڵکەوە کە پێویستیان بە یارمەتیدانە سەرەڕای مەرجە توندەکان.

**• ئایا دەتوانین بەردەوام بین لە گونجاندنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا؟**

لایەنگرانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی هەوڵدەدەن بۆ وەدیهێنانی زیاتر لە ئازادی و دادپەروەری و هاوکاری لە هەموو لایەکی جیهاندا، و دەڵێن: (ناتوانرێت کێشەکانی جیهانگیری چارەسەربکەین تەنها بە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆمان، بەڵکو چارەسەری کێشەکان بە فراوانکردنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی تردا دەبێت).

**ئایا دەتوانرێت دەوڵەتێکی خۆشگوزەرانی نێودەوڵەتی دروستبکرێت؟**

مافەکانی مرۆڤی زیاتر، دابینکردنی پارێزگاری گەورەترە لە بێکاریدا، مووچەی خانەنشینی بەرزترە و بیمەکانی تەندروستی زۆرترن لە هەموو لایەکی جیهاندا، لە وڵاتانی دەوڵەمەند و هەژارەکاندا بەهەمان شێوە؟

وەڵام بریتییە لە: بەداخەوە نەخێر، ئەوە بەهیچ جۆرێک سوودی نابێت.

• وڵاتانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لە ڕووی ڕێکخستنەوە جیاوازن (بگەڕێرەوە بۆ بەشی سێهەم).

• لەو وڵاتانەی کە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیان تیادا نیە لە زۆربەی کاتدا ئەوا وڵاتێکی دیموکراتی نین. (بگەڕێرەوە بۆ بەشی دووەم).

• ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیش نیە کە بتوانێت دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بەپێی یاسا بسەپێنێت.

بەڵام کۆمەڵە بیرۆکەیەکی باش هەن وەک پاراستنی بنەڕەتی کە لەتوانای وڵاتانی جیهاندایە وەدیانبهێنن.هەروەها هێڵی پانیش (خطوط عريضه) هەن بۆ پاراستنی کرێکاران کە زۆرێک لە وڵاتان ڕێکەوتوون لەسەریان، بەڵام دەبێت بەڕێگایەکی باشتر جێبەجێبکرێن.

تا ئێستا دامەزراندنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی جیهان وەک ئامانجێکی دوورە دەست ماوەتەوە، بەڵام لە ئەوروپادا هەلی زیاتر بۆ دامەزراندنی.

وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا بەشداریدەکەن لە سیاسەتی ئابوریاندا، دەتوانن بەیەکەوە بڕیاربدەن لەسەر ئەو یاسا و بنەمایانەی کە کۆمپانیاکان لەسەریان دەڕۆن لەهەموو لایەکی ئەوروپادا، بەداخەوە تائێستا وڵاتانی ئەندام سیاسەتێکی هاوبەش پیادە ناکەن.بەڵام یەکێتی ئەوروپا دەتوانێت کە ئەو یارمەتیە دیاریبکات کە مافی هەریەکە لەو هاووڵاتیانە پێیانبدرێت لەو وڵاتەی کە تیایدا دەژی.

ئەمە ئەوەیە کە سۆشیال دیموکراتی دەیەوێت:یەکێتیەکی ئەوروپای کۆمەڵایەتی کە یاسا وبنەمای سیاسەتی ئابووری هاوبەشی تیادابێت.

ئەمەش دەقی ئەو بەندانەیە کە بەرنامەی بنەڕەتی پارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا لەخۆی گرتوە دەربارەی یەکێتی ئەوروپا:

(پێویستە کە یەکێتی ئەوروپا وەڵامە سیاسیەکەمان بێت بۆ جیهانگیری، وپێویستە یەکێتی ئەوروپاش بچێتە ناو یەکێتیەکی کۆمەڵایەتیەوە سەرەڕای یەکێتی دارایی و ئابووری، بەهەمان ئاست و پلەوە.

نامانەوێت کە سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان یەکبخەین، بەڵام دەمانەوێت لەیەکتری تێبگەین لەگەڵ وڵاتانی ئەندامی تر دەربارەی ڕێکەوتنی جێگیری کۆمەڵایەتی).

## ٥- ٢ ئابووری دەگۆڕێت

### • کێشەکە چییە؟

لەم ٧٠ ساڵەی دوایدا ئابورییەکەمان زۆر گۆڕاوە، بەشێوەیەک لە ڕابردوودا خەڵکی کاریان دەکرد لە کۆمپانیاکان یان لە کشتوکاڵدا. بەڵام لەئێستادا، زۆرێک لە خەڵکی لە کەرتی خزمەتگوزاریدا کاردەکەن. هەربۆیەش جیاوازیەکانی داهات و مووچە بەهەمان شێوە زیاتر بوون لە جاران.بەڵام گۆڕان تیایاندا ئاسەواری هەیە لەسەر دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.

بۆ نموونە لە ئەڵمانیادا لەساڵی ١٩٥٠دا پشتی دەبەستە سەر پیشەسازی وەک بناغەیەک بۆ دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی

لە ساڵی ١٩٤٩دا، کۆماری ئەڵمانیای فیدڕاڵی دامەزرا.

هەر ئەو کات بوە خاڵی دەستپێک بۆ زۆرێک لەدەستکەوتەکان لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا.

ئەوکاتیش ئابووری لەسەر سێ کەرتی یەکسان لە هێزدا دامەزرا.

٢٥٪ لە خەڵکی لە کەرتی کشتوکاڵدا کاریان دەکرد.

٤٢٪ لە خەڵکی لە کەرتی پیشەسازیدا کاریان دەکرد.

٣٣٪ لە خەڵکی لە کەرتی خزمەتگوزاریدا کاریان دەکرد.

### • سێ کەرتەکانی ئابووری

**کەرتی یەکەم: کشتوکاڵ**

جوتیارەکان و ڕاوکەرەکان و کرێکارانی دارستانەکان.

لە ڕابردوودا زۆربەی خەڵکی بەنزیکەیی پێش ٢٥٠ ساڵ لە گوندەکاندا کاریان دەکرد.بەڵام ژمارەکەیان تائێستا هەر ڕوەو کەمبونەوەیە، پیشەسازی سەرکەوت بەسەر کاری کشتوکاڵیدا.

**کەرتی دووەم: پیشەسازی**

بەرهەمهێنانی کاڵا و کەلوپەل لە کارگەکاندا.

زۆربەی خەڵکی هەتا پێش ٥٠ ساڵ کاریان لە پیشەسازیدا دەکرد، بەڵام پیشەسازی لەم ڕۆژانەدا جێگەی کاری زۆر وەکو پێشتر دابین ناکات.

**کەرتی سێیەم: خزمەتگوزاری**

مامۆستاکان و سەرتاشەکان و بەرنامەدانەرەکان و ....هتد.

زۆربەی خەڵکی لەئێستادا بریتین لە پێشکەشکاری خزمەتگوزاریەکان، ئەوان کاڵاوکەلوپەل دروستناکەن بەڵکو خزمەتگوزاری پێشکەشدەکەن. هەر بۆنموونە، دەتوانن منداڵان فێری خوێندن بکەن یان بڕینی قژ یان دیزاینی بەرنامەکان.

زۆربەی خەڵکی لە ڕابردوودا لە کەرتی پیشەسازیدا کاریان دەکرد، کارگەکانیش بەرهەمەکانیان باشتر و زۆرتر بەرهەمدەهێنا، بەڵام نوێگەرییە تەکنەلۆجیەکان بونە هۆی زیاترکردنی بەرهەمهێنان. بەشێوەیەک کرێکارێک بەرهەمەکەی زیاد دەکرد لە هەمان کەلوپەل لە کۆمپانیادا بەبێ زیادبوونی کات لە بەرهەمهێناندا. بەوەش کرێکەی زیاتر دەبوو.سەرەڕای ئەوەش، نرخی کەلوپەلەکانیش دابەزین کە بەرهەمدەهێنران، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆرتری خەڵکی بتوانن بیانکڕن.ئابوریش هەموو ساڵێک گەشەی دەکرد. بەوشێوەیەش هەندێک کەس بەدرێژایی تەمەنیان لەیەک کارگەدا دەمانەوە.

- **بەرهەمهێنان**

مەبەست لێی توانای کۆمپانیایە.

ئەوە بەدیاریکراوی ئەوەیە کە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لەسەر دامەزراوە:

تەکنەلۆجیای زیاتر بەرهەمی زیاتر، جێگەی کاری زیاتر و داهاتی زیاتر ، خواستی زیاتر.

باجی بەرزتر، خزمەتگوزاری زیاتر.

پشتیوانی زیاتر بۆ خەڵکی کە پێویستیان بە یارمەتیدانە.

**لەم قۆناغەدا پیشەسازی وەک کەرتێکی گرنگی ئابووری نەماوەتەوە، وەک ئەوەی ژمارەکان لەساڵی ٢٠١٠دا ئاماژەی پێدەدەن:**

- ٢٠١٠: زۆربەی خەڵکی لە کەرتی خزمەتگوزاریدا کاردەکەن.
- ٢٪ لە خەڵکی لە کەرتی کشتوکاڵیدا کاردەکەن.
- ٢٥٪ لە خەڵکی لەکەرتی پیشەسازیدا کاردەکەن.
- ٧٣٪ لە خەڵکی لە کەرتی خزمەتگوزاریدا کاردەکەن.

کەرتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان بەڕێگایەک کاردەکات کە بەتەواوەتی جیاوازە لەکەرتی پیشەسازی، پێشکەش کارانی خزمەتگوزاریەکان ناتوانن بەرهەهێنانیان زیاد بکەن بە ئاسانی.بۆ نموونە با مامۆستا وەربگرین، ئەو ناتوانێت توانای منداڵەکان زیاتر بکات لەسەر خوێندنەوە بە خێرایی، لەبەرئەوە شێوە خاوبونەوەیەک هەیە لە گەشەی ئابوریدا بەبەراوورد بە ڕابردوو.

نرخەکان دانابەزن، مووچەکان بەزناکرێنەوە، ئەم کارە ئاسایی نییە.

خەڵکیش بەدرێژایی تەمەنیان لای یەک خاوەن کار نامێننەوە، لە ئێستادا زۆرێک لە کرێکاران گرێبەستی دیاریکراویان لەڕووی کاتەوە دەستدەکەوێت، کارەکانیان زۆردەگۆڕن، زۆرینەی خەڵکیش کاردەکەن بەشێوەی Part Time، یان کاری تایبەت دەکەن، پاشەکەوتی خانەنشینی کەمتر کۆدەکەنەوە، وباجی کەمتریش دەدەن وەک لە ڕابردوو.هەربۆیە خەڵکی پێویستیان بە یارمەتیدانی زیاترە لەلایەن دەوڵەتەوە بەهۆی بازاڕی کاری ناجێگیرەوە.

- **کێشەکان و چارەسەرییەکان**

ئاشکرایە ئابووری گۆڕاو ڕەنگە کاریگەری زۆر دابنێت لەسەر ژیانی مرۆڤ، لەوانەش:

• **جیاوازی زۆر لەنێوان دەوڵەمەند و هەژارەکاندا**

ڕۆژبەڕۆژ کرێی کاری ئەو کەسانە کەمدەبێتەوە کە لەکەرتی خزمەتگوزاریە ساکارەکاندا کاردەکەن، بۆ نموونە ئەوە حاڵی سەرتاشەکانە.بەڵام ئەو کەسانەی کە خزمەتگوزاری ئاڵۆز پێشکەش دەکەن ئەوا هەمیشە دەتوانن کە داوای مووچەی بەرزتر بکەن، ئەوەش حاڵی بەڕێوەبەرە گەورەکانە.

• **کەمبونەوەی جێگە بۆشەکانی کارە ساکارەکان**

تائێستاش کەرتی پیشەسازی لە چوونەوەیەکدایە، بەپێچەوانەی کەرتەکانی تر کە بەخێرایی گەورە دەبن، بەڵام ناتوانرێت هەموو خەڵکی کە لەڕابردوودا لە پیشەسازیدا کاریان کردوە هەموو جێگە بەتاڵەکان پڕبکەنەوە لە بواری خزمەتگوزاریدا.

• **زیادبوونی پێویستی بە ڕاهێنانی پیشەیی و ڕاهێنانی تەواوکەر**

• پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی کە لە کەرتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکاندا کاردەکەن کە ڕاهێنانێکی باش دەستبخەن، زۆرێک لە کارەکان پێویستیان بەوەیە کە کرێکار پەیوەندی بکات بە خولە تەواوکەرەکانەوە بەڕێکوپێکی.هەر لەبەر ئەو هۆیە، پێویستمان بە ڕاهێنانی گونجاو و توانای فێربوون و دەستخستنی زانیاریە نوێکانە بەدرێژای تەمەن.

• **سۆشیال دیموکراتی چی گەرەکە؟**

تائێستا دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی ئاڕاستەنەکراوە بۆ ئەو جۆرە نوێیە لەئابووری، بەشێوەیەک لایەنگرانی سۆشیال دیموکراتی دەیانەوێت کە هەموو خەڵکی هەلی یەکسانیان لە ژیاندا دەستبکەوێت، ودەیانەوێت کە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی مامەڵە لەگەڵ هەموو خەڵکی بکات وەکیەک و بەیەکسانی.

نابێت گرێبەستە ماوە دیاریکراوەکان و کارکردن بە Part Time و کارە ئازادە تایبەتەکان و ...هتد.لەجۆرەکانی کارکردن ببێتە هۆی دابەشکردنی خزمەتگوزاری و یارمەتیەکانی دەوڵەت بەڕێگایەکی نادادپەروەرانە.

## ٣-٥ کۆمەڵگاش دەگۆڕێت

• **کێشەکە چییە؟**

کۆمەڵگاکەمان بە خێرایی دەگۆڕێت.

یەکەم، پێکهاتەی دانیشتوان گۆڕا، بەشێوەیەک لە ئەڵمانیادا ، بۆ نموونە، تەمەندارەکان لەگەنجەکان زیاترن.

دووەم، پێکهاتەی خانوەکانیش گۆڕا، بەشێوەیەک لە پێشوودا خەڵکی لە خێزانی گەورەدا دەژیان، بەڵام ئەمڕۆ خەڵکی تەنها ژن و مێرد پێکەوە دەژین، یان بەتەنها.سەرەڕای ئەوە، ژمارەی هاتوەکانیش (کۆچبەر)ەکانیش لە وڵاتانی ترەوە ڕوو لەزیادبوونن.

ئەوەش هەل و ئاڵنگاری دروستدەکەن بۆ دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.

بۆ نموونە:ژمارەی بەتەمەنەکان لە ئەڵمانیادا ڕوو لە زیادبونن.

ئەوەش بۆ دووهۆکار دەگەڕێتەوە:

خەڵکی زیاتر دەژین وەک لە پێشتر.

کەمبونەوەی ڕێژەی منداڵبوون لە پێشتر.

### ئەوە چی دەگەیەنێت بۆ دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی؟

سیستەمی خانەنشینی دەناڵێنێت بەدەست فشارەکانەوە، بەشێوەیەک مووچەی خانەنشینە بەتەمەنەکان لە پارەی ئەو کەسانە دەدرێت کە لە ئێستادا کاردەکەن، لەڕابردوودا، ژمارەی ئیشکەرەکان زیاتر بوون لە ژمارەی خانەنشینەکان،

وڕسوماتی خانەنشینیش وەکو ئێستا بەرز نەبوو.ئەمڕۆ، ژمارەی خانەنشینان زیاترن لە ژمارەی ئیشکەرەکان،  ئەوانەی ئێستا کاردەکەن ناتوانن تێچووی خانەنشینی بدەن ئەگەر ڕسوماتی خانەنشینی بە بەرزی بمێنێتەوە وەک ئەوەی هەیە.

**چیمان پێدەکرێت کە بیگۆڕین؟**

**لێرەدا چوار گریمانە هەن:**

• دەکرێت بڕی ڕسوماتەکان زیاد بکەین، هەرکاتێ ئەوانەی زیاد کاریان کرد هەموویان پارە بدەن، ئەوا پارەی زیاتر وەدەستدێت بۆ خانەنشینی.

• دەکرێت مووچەی خانەنشینی کەمبکرێتەوە، کاتێک مووچەی خانەنشینی کەمدەکرێتەوە، ئەوا کرێکارانی ئێستا ناچارنابن کە پارەی زیاتر بدەن لە داهاتەکانیان.

• دەکرێت خەڵکی زیاتر کاربکەن، کاتێک خەڵکێکی زیاتر ڕسوماتەکان دەدەن، ئەوا دەتوانین سیستەمی خانەنشینی وەکو خۆی بهێڵینەوە، بۆ ئەوەش دوو هەل هەن:

• یەکەمیان: پێویستە لەسەرمان ڕاهێنانێکی باش بەو هاتووە (کۆچبەر)ە نوێیانە بکەین، تا بتوانن یارمەتیمان بدەن.

• بەڵام هەلی دووەم بریتیە لە: دروستکردنی باخچەی منداڵان، تا باوکان بتوانن بەخێرایی دەستبکەن بەکارکردن.

• دەتوانین وەبەرهێنان زیاد بکەین لە توێژینەوە و خوێندندا،  بەوەش ئەو خەڵکەی  کە کاردەکەن دەتوانن کاتی کارکردنی خۆیان دیاریبکەن، لەوەشدا دەسکەوتی گەورە هەیە بۆ سیستەمی خانەنشینی.

سۆشیال دیموکراتی چی دەوێت؟

سۆشیال دیموکراتی کاردەکات لەسەر وەدیهێنانی دوو گریمانەکەی کۆتایی.

ژمارەی خەڵکی زیاد دەکەن کە لەناو خێزانی بچووکدا دەژین.

پێش ١٠٠ساڵ ژمارەی خەڵکی کە لەگەڵ یەکتردا دەژیان زیاتر بوون لەمڕۆ.

ئەوان ژنیان دەهێنا و هێشتا تەمەنیان کەم بوو و بەخێراییش منداڵیان دەخستەوە و زۆربەی خێزانەکان سێ منداڵ یان زیاتریان هەبوو.

بەڵام ئەمڕۆ، زۆربەی خەڵکی تەنها ژن ومێرد یان بەتەنها دەژین، یان لە تەمەنێکی درەنگدا هاوسەرگیری دەکەن یان هەر لە بنچینەوە هاوسەرگیری ناکەن، و منداڵی کەمیش دەخەنەوە، یان هەر منداڵیان نابێت.

ئەوە چی دەگەیەنێت بۆ دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی؟

تائێستا دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی ئامادە نیە بۆ پێکهاتەی نوێی خێزان.

زۆربەی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان( مووچەی خانەنشین و بیمەی بێکاری و یارمەتی کۆمەڵایەتی)خێزانە گەورەکان لەبەرچاو دەگرن.

بەوەش، ڕەنگە بەخێوکەرە گەورە و تەنهاکان ، کە یارمەتیان دەدرێت بەپێی نمونەی خێزانە گەورەکان، ڕووبەڕووی کێشەی گەورەببنەوە.

لێرەدا دوو گروپ لەخەڵکی هەن کە ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە:

- ئەو دایکانەی کە شوویان نەکردوە.
- ژنە بەتەمەنەکان، ئەوانەی بەتەنها دەژین.

- **لێرەدا سێ ئاڵنگاری هەن، ئەی چی بکەین؟**

جیهانگیری و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کۆمەڵگاو و ئابوریدا ڕوویاندا بونە هۆکاری کاریگەری گەورە لەسەر دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.

ئەگەر هەڵنەستین بە گۆڕانکاری لەدەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا، ئەوا دەوڵەتی خۆشگوزەرانی ناتوانێت چاکسازی بەردەوام بکات لە ژیانی خەڵکیدا.

- **سۆشیال دیموکراتی چی دەوێت؟**

سۆشیال دیموکراتی گەرەکێتی کە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بگونجێت بۆ ئایندە، تا بتوانێت یارمەتیدەر بێت لە ئایندەدا.

تائێستاش دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سوورە لەسەر یارمەتیدانی خێزانە کلاسیکیەکان بەپلەی یەکەم، زۆر سیفاتی باش هەیە لەو خێزانانەی کە تیایدا پیاو کاردەکات، و ژنانیش دادەنیشن لەماڵەوە بۆ بەخێوکردنی منداڵان.

پێویستە لەسەر دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی کە یارمەتی هەموو شێوەکانی خێزانەکان بدات لە ئایندەدا.

پێویستە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی توانا و هەلەکان پێشکەش بکات بۆ هەموو مرۆڤەکان:

بەبێ جیاوازی لەوەی پیاون یان ژن.

بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ماوەیەکی زۆرە لەلای کۆمپانیایەک کاردەکەن یان ماوەیەکی کورتە.

بەبێ گوێدانە ئەوەی کە لەگەڵ هاوسەری ژیانیاندا دەژین یان لەگەڵ منداڵ یان بەتەنها دەژین.

# بەشی شەشەم

# پارتەکان و سیاسەتی کۆمەڵایەتی: ئەڵمانیا وەک نموونەی توێژینەوە

بەشی شەشەم لەدەوری سیاسەتە کۆمەڵایەتیەکانی پارتە سیاسیە جیاوازەکانی ئەڵمانیا دەسوڕێتەوە وەک نمونەی توێژینەوە، سیمای نمونەیی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی چیە لە ئەڵمانیادا بەپێی دیدی پارتەکان وەک: یەکێتی دیموکرات مەسیحی، پارتی دیموکراتی ئازاد، پارتی سۆشیال دیموکراتی، هاوپەیمانی ٩٠/سەوزەکان، و پارتی چەپ، و پارتی جێگرەوە لە پێناو ئەڵمانیادا؟ ئایا دەکرێت پارتەکان پێکەوە کاربکەن لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانیاندا؟

چۆن دەتوانین کە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بناسین وەک چۆن لە هەریەکە لە پارتە سیاسیەکانی ئەڵمانیا دەیەوێت؟

ئەوەمان دەستدەکەوێت لە بەرنامە بنەڕەتیەکانی پارتەکاندا.

**بەرنامەی بنەڕەتی:**

هەموو پارتێکی سیاسی بەرنامەیەکی بنەڕەتی تایبەت بەخۆی هەیە کە ئەمانەی لای خوارەوە لەخۆدەگرێت:

- ئەو بەهایانەی کە پارتەکە دەستیان پێوەدەگرێت.
- گرنگترین خاڵەکان بەلای پارتەکەوە.
- پارتەکە چۆن دەیەوێت ئەڵمانیا بگۆڕێت.
- بەرنامەی بنەڕەتی بەزۆری گشتگیرترە لە بەرنامەی هەڵبژاردن، بەرنامەی هەڵبژاردن بۆ ئێستایە کە تیایدا پێشنیازی دیاریکراو بۆ هەڵبژاردنێکی دیاریکراو لەخۆدەگرێت.

پارتی سۆشیال دیموکراتی کۆتا جار لەساڵی ٢٠٠٧دا بەرنامەی بنەڕەتی خۆی داناوە کە ناسراوە بە (بەرنامەی هامبۆرگ).

## ١-٦ بابەتی بەراووردکردنەکە

دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی ئەڵمانی بریتیە لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پارێزگار:

لەبەشی چوارمدا ئەوەمان زانی کە چەند نموونەیەک هەیە لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی:لیبرِاڵی و پارێزگار و سۆشیال دیموکراتی.

لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لیبرِاڵیدا: ئەو خەڵکانەی کە پێویستییان بە یارمەتیدان هەیە تەنها گرنگترین پێداویستیەکانیان دەدرێتێ، خەڵکی زۆرێک لە مافەکانیان نیە یان پاراستن.ئەم جۆرە لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سەرچاوەی دارایی لە وەرگرتنی باجەکانەوە دەستدەکەوێت، یارمەتیدانی کۆمەڵایەتی تیایدا کەمە. کۆمپانیا تایبەتەکان جڵەوگیری زۆرێک لە یارمەتیەکانیان کردوە، ئەو کەسەی کە پێویستی بە یارمەتیدانە ڕووبەڕووی کردارێکی ووردبینیکردنی بێزارکەر دەبێتەوە.

لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پارێزگاردا: ئەو خەڵکانەی پێویستییان بە یارمەتیدان هەیە ئەوا لەچەند ڕێگەیەکەوە خزمەتگوزاریان دەستدەکەوێت. خەڵکی مافی پاراستنی هەیە بەڵام ئەم مافە بۆ هەمووان یەکسان و وەکویەک نیە. ئەم جۆرە لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سەرچاوەی دارایی لە پارەی بەشداریکردنی هەمەجۆرەوە کە لە داهاتی کارەوەیە دەستدەکەوێت.

هەموو خەڵکی مامەڵەیەکی یەکسانیان لەگەڵدا ناکرێت لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پارێزگاردا، بەشێوەیەک خاوەنی هەندێک پیشە ئیمتیازاتی دیاریکراویان هەیە، لەکاتێکدا خاوەنی پیشەکانی تر هیچ ئیمتیازاتێکیان نیە، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکخستنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پارێزگار.

له دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتیدا: سەرچاوەی داراییەکەی لەوەرگرتنی باجەکانەوە دەستدەکەوێت، بەتەواوەتی وەکو دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لیبڕاڵی.بەڵام زەمینەی هاوبەشی نێوانیان لێرەدا کۆتایی دێت، لەکاتێکدا جیاوازی زۆریـان هەیە لە ڕووی یارمەتیادانەکانی دەوڵەتەوە.

• یارمەتیدانە کۆمەڵایەتیەکان لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتیدا بەرزترە لەدەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لیبڕاڵیدا.

• یارمەتیەکان بەشێوەیەکی یەکسانی زیاتر دابەشدەکرێت لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتیدا وەک لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پارێزگاردا، بەشێوەیەک لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتدا خەڵکی بەشە یارمەتیەکانی بە یەکسانی دەستدەکەوێت بەبێ گوێدانە ئەوەی چەندە مووچە وەردەگرێت.

• دەوڵـەتـی خـۆشـگـوزەرانـی کـۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتی بەتەنها یارمەتیەکانی پێشکەش ناکات لەکاتی قەیرانەکاندا، بەڵکو خزمەتگوزاریەکان بۆ هەمووان دابین دەکات، وەک چاودێری منداڵان و چاودێری بەتەمەنەکان.

بەرنامەی بنەڕەتی پارتە جیاوازەکان بـەراوورد دەکەین و دواتـر وەڵامی هەندێک پرسیار دەدەینەوە.

ئایا دەوڵەتی نموونەیی کامەیە لەلای هەر شەش پارتە سیاسییەکە؟

ئایا ئەو نموونەیە کامەیە کە ئەو پارتانە دەیانەوێت بەکاریبێنن لە گۆڕانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا؟

پارتە سیاسیەکان چۆن دەیانەوێت کە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی ئێستا بگۆڕن؟

لەچوارچێوەی ئەوەدا چاوێک دەخشێنین بەسەر چوار بواری سیاسیدا.

١. تەندروستی

٢. کار و ئابووری

٣. باجەکان

٤. خوێندن

## ٦-٢ پارتی سۆشیال دیموکراتی SPD

لەساڵی ٢٠٠٧دا بەرنامەی بنەڕەتی پارتی سۆشیال دیموکراتی دانرا و ناوی (بەرنامەی هامبۆرگی)لێنرا.پارتی سۆشیال دیموکرات وایدەبینێت کە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کرۆکی کۆمەڵگای سۆشیال دیموکراتی، بەشێوەیەک کەدەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی گرەنتی دەدات بەوەی کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا دەتوانن بەشداری کۆمەڵگا بکەن.

ئێمە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی خۆپارێزی پێشدەخەین کە دوژمنایەتی هەژاری دەکات، دەرگای هەلی یەکسان دەکاتەوە بۆ دیاریکردنی چارەنوسی هەموو خەڵکی، و گرەنتی بەشداریکردنی دادپەروەرانە دەکات و خەڵکی دەپارێزێت لە مەترسیە گەورەکانی ژیان.

جا لەپێناو گرەنتیکردنی ئەوەدا پێویستە دەوڵەت بتوانێت دەستوەربداتە ئابووری و کۆمەڵگاشەوە، ئەوەشی بۆ دەکرێت لە ڕێگای دووبارە دابەشکردنەوەی خێروبێرەکان و دروستکردنی هەل بۆ هەمووان.

ئەوە چییە کە پارتی سۆشیال دیموکرات دەیەوێت بیگۆڕێت لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا؟

### کار و ئابووری:

پارتی سۆشیال دیموکراتی گەرەکێتی سیستەمی بیمەی کار ئازاد بکات، بەشێوەیەک ئەو سیستەمە کاردەکات لەسەر خستنە ناوەوەی هەموو خەڵکی بۆ

ناو سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتیەوە، نەک تەنها قەتیس بێت بۆ ئەو کەسانەی کە کارێکی جێگیریان هەیە.

**تەندروستی:**

بیمەیەکی گشتی بخرێتە کار کە جێگەی بیمەی تەندروستی بگرێتەوە، و ئیدی بوونی بیمەی تەندروستی هەمە چینەکان نامێنێت بۆ ئەوەی بگۆڕێت بە بیمەی گشتی بۆ هەمووان و پەیوەندیشی نابێت بە ئاستی داهاتەوە.

**خوێندن:**

هەموو قوتابیان دەڕۆن بۆ قوتابخانە وبۆماوەی دووروودرێژ تیایدا دەمێننەوە، سەرەڕای ئەوەش، پارتی سۆشیال دیموکراتی وایدەبینێت کە قوتابخانەی بە دەوامی تەواوە زۆر گرنگە.

**باجەکان:**

پارتی سۆشیال دیموکرات دەیەوێت کە بیمەی کۆمەڵایەتی دابین بکات بەڵام پێویستە باجەکان زیاتر بن، هەموو هاووڵاتیەک هەڵدەستێت بە پشتیوانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بەپێی ئاستی داهاتەکەی، ئەوەش بەواتای ئەوە دێت کە ئەو باجانەی کە دەوڵەمەندەکان دەیدەن بەرزترە لەو باجانەی کە هەژارەکان دەیدەن.سەرەڕای ئەوەش، هەموو جۆرە داهاتەکان بەشداری دەکەن لەدانی باجدا.بەواتای ئەوەی خاوەن کۆمپانیا و سەرمایەکان کە خاوەنی سەرمایەن پێویستە لەسەری کە بەشداری بکات لە سندوقی بیمەی کۆمەڵایەتیدا.

**بەکورتی:**

پارتی سۆشیال دیموکراتی دەیەوێت دەوڵەتی خۆشگوزەرانی پارێزگار زیاتر بکاتە سۆشیال دیموکراتی لە ڕێگەی زیادکردنی پشتیوانی حکومەتەوە

و دابینکردنی زیاتر لە خزمەتگوزاریەکان بۆ خەڵکی هەژار ودابینکردنی هەل و پشتیوانی زیاتر لە هەردوو بواری خوێندن و تەندروستیدا.

### ٦-٣ **پارتی یەکێتی دیموکراتی مەسیحی** CDU

بەرنامەی بنەڕەتی پارتی یەکێتی دیموکراتی مەسیحی لەساڵی ٢٠١٧دا ئامادەکراوە، و ناوی ( بنەماکان لە پێناو ئەڵمانیادا)ی لێنراوە.

پارتی یەکێتی دیموکراتی مەسیحی زاراوەی ئابووری بازاڕی کۆمەڵایەتی لەجیاتی دەوڵـەتـی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنێت، دەتوانرێت پێناسەی ئابووری بازاڕی کۆمەڵایەتی بەوە بکرێت کە تێکەڵەیەکە لە ئابووری بازاڕ وئاسایشی کۆمەڵایەتی، بەڵام پارێزگارەکان وادەبینن کە ئابووری گرنگترە لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.

پارتی یەکێتی دیموکراتی مەسیحی بڕوای بە لێپرسراوێتی خۆیی هەیە، ئالێرەوە وادەبینێت کە کاتێک هاووڵاتی دەتوانێت کارێک بۆخۆی و بەتەنها ئەنجام بدات جا لەناو خێزاندا بێت یان لەگەڵ خەڵکی تردا بێت بەشێوەیەکی باش و چاکتر پێویستە لەسەری بەتەنها ئەنجامی بدات.ئەوکارانەی لەسەر دەوڵەتیشە بریتییە لەو کارانەی کە هاووڵاتیان یان شارەوانیەکان ناتوانن ئەنجامی بدەن بۆخۆیان.

پارتی یەکێتی دیموکراتی مەسیحی بڕوای بەوە هەیە کەدابەشکردنی سامان پشتدەبەستێتە سەر توانا و کاری کەسی، نەک بەپێی پێویستی و هەلەکان.

ئەوە چییە کە پارتی یەکێتی دیموکراتی مەسیحی دەیەوێت بیگۆڕێت لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا؟

**کار و ئابووری:**

پێویستە خاوەن کارەکان کەمێک لە تێچووەکان بگرنە ئەستۆ، و لەسەریشیانە کە پارەی کەمتر بدەن بۆ بیمەی کۆمەڵایەتی بەو کرێکارانەی کەلایان کاردەکەن.

**تەندروستی:**

پارتی یەکێتی دیموکراتی مەسیحی هەوڵدەدات بۆ خستنەکاری سیستەمی پاداشت، بەشێوەیەک بەرنامەکە وایدەبینێت کە پێویستە لەسەر هەر کەسێک هەمان بڕە پارە بداتە بیمەی تەندروستی.بەڵام تائێستا بەشداران بەپێی ئاستی داهاتەکانیان بڕی بەشداریکردنەکانیان دەدەن.

**خوێندن:**

پێویستە هەڵسەنگاندن بکرێت بۆ هەریەکە لە قوتابی قوتابخانەکان و خوێندکاری زانکۆکان، ڕاهێنەرەکانیش هەریەکە بەپێی توانای خۆیان، بەووردیەکی زیاتر لەوەی کە ئێستا هەیە.

**باجەکان:**

پارتی یەکێتی دیموکراتی مەسیحی دەیەوێت کە باجی سەر داهاتەکان لەوەی کە هەیە کەمتر بکاتەوە نەک زیادیبکات، واش دەبینێت پێویستە کە سەرچاوەی دارایی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی هەمەجۆر بکرێت لە باجەکانی ترەوە.

**بەکورتی:**

پارتی یەکێتی دیموکراتی مەسیحی دەیەوێت لە چوارچێوەی بەرنامە بنەڕەتیەکەیەوە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پارێزگار زیاتر بکاتە لیبڕاڵی، بەواتای:پشتیوانی کەمتر لە دەوڵەتەوە بۆ هاووڵاتیان، یارمەتی کەمتر بۆ خەڵکی هەژاران، هەل و پشتیوانی کەمتر لە هەردوو بوارەکانی خوێندن و تەندروستیدا.

## ٦-٤ هاوپەیمانی ٩٠/ سەوزەکان

بەرنامەی پارتی سەوزەکان ساڵی ٢٠٠٢ دەرکەوت.

بەناوی: ئایندە ڕەنگی سەوزە.

سەوزەکان هەوڵی گۆڕینی کۆمەڵگا و ئابووری دەدەن، وایدەبینن کە پێویستە گرنگی زیاتر بدرێت بە ژینگە.هەروەها سەوزەکان دەڵێن کە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی ناوەندی هەیە، بەڵام پێویستە لەلایەن هاووڵاتیانەوە پشتگیری بکرێت.

سەوزەکان دەڕواننە دووبارە دابەشکردنێکی ناوازە، بەشێوەیەک دەیانەوێت کە دادپەروەریەک بنیات بنێن کە ناویدەنێن دادپەروەری بەشداربوون.ئەو دادپەروەریەش هەلی دەستخستنی خوێندن و کار و بەشداریکردن لە کۆمەڵگادا بۆ هەموو هاووڵاتیان پێشکەش دەکات.

سەوزەکان بڕوایان بە دابەشکردن بەپێی پێویستی هەیە، هەروەها بە یەکسانی هەلەکان.سەوزەکان کاردەکەن لە پێناو دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی سۆشیال دیموکراتیدا، بەڵام لەبەرنامەکەشیدا هەندێک خاڵ لەخۆدەگرێت کە لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لیبراڵیدا هەیە.

ئەوە چییە کە پارتی سەوزەکان دەیەوێت کە بیگۆڕێت لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی؟

### کار و ئابووری:

پێویستە هەموو خەڵکی پێداویستیە بنەڕەتیەکانیان دەستبخەن، وپێویستە دابەشکردنیش بە پێی پێویستی بێت.

### تەندروستی:

سەوزەکان گەرەکیانە سیستەمی بیمەی گشتی بخەنە کار، وپێویستە خەڵکی بەشداربونەکانیان بدەن بەپێی ئاستی داهات.

**خوێندن:**

زیادکردنی قوتابخانەکان بە دەوامی تەواوە، و زیادکردنی ڕاهێنانی تەواوکاری، و زیادکردنی لێپرسراوێتی خۆیی لە هەڵبژاردنی خوێندندا.

**باجەکان:**

سەوزەکان دەیانەوێت باجەکان بەرزبکەنەوە بەپێی ئاستی داهات، بەشێوەیەک پێویستە دەوڵەمەندەکان باجی زیاتر بدەن وەک لە هەژارەکان.سەرەڕای ئەوەش پێویستە هەموو کەسەکان لە داهاتە جۆراوجۆرەکانەوە بەشداربن لەوەدا.

**بەکورتی:**

سەوزەکان گەرەکیانە سۆشیال دیموکراتی چەسپاوتر بکەن لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پارێزگاردا، ئەوەش لەڕێگەی زیادکردنی پشتیوانی حکومەتەوە، و زیادکردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ خەڵکی هەژاران، وزیادکردنی هەلەکان و پشتیوانی لە هەردوو بوارەکانی خوێندن و تەندروستیدا.

## ٦-٥ پارتی دیموکراتی ئازاد FDP

بەرنامەی پارتی دیموکراتی ئازاد لەساڵی ٢٠١٢دا دانراوە.

بەناوی: لێپرسراوێتی دەربارەی ئازادی

ئەم پارتە بە بەهێزی کاردەکات لە پێناو پاراستنی خاوەندارێتی تایبەت، بەپلەی یەکەم دایدەنێت بە مافێکی بنەڕەتی.مافە کۆمەڵایەتیە بنەڕەتیەکان وەک مافی خوێندن و مافی چاودێری تەندروستی ڕۆڵێکی گرنگ ناگێڕن لە بەرنامەی بنەڕەتی پارتی دیموکراتی ئازاددا.هەموو گرنگیدانەکانی ئەو پارتە بە ئابووری بازاڕە، واشدەبینێت کە دەوڵەتی ڕەفا گرنگی کەمتری هەیە.پارتی دیموکراتی ئازاد لایەنگری دەوڵەتی خۆشگوزەرانی لیبراڵیە، بەڵکو باس لە دیدگاکانی خۆشی دەکات بۆ دەوڵەتێکی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی چالاک کە بڕوانێت بەرەو گۆڕانکاریش.

پارتی دیموکراتی ئازاد بڕوای بەدابەشکردن بە پێی توانا و کارکردن هەیە،

لای لیبراڵەکان دابەشکردن بەپێی پێویستی یان یەکسانی هەلەکان ڕۆڵێکی گرنگ ناگێڕن.

ئـەوە چییە کە پارتی دیموکراتی ئـازاد گەرەکێتی بیگۆڕێت لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا؟

**کار و ئابووری:**

پارتی دیموکراتی ئـازاد دەیـەوێت کە سیستەمی بیمەی ژیانی بنەڕەتی بخاتە کار، ناویدەنێت پارەی گەل.جا لەپێناو ئەو ئامانجەدا، پێویستە هەندێک خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی پوچەڵبکرێتەوە بۆ نموونە بیمەی بێکاری، تائێستا هیچ زانیاریەکیش نیە دەربارەی بڕی پارەی گەل.ڕەنگە زۆر کەمتر بێت لەوەی کە خەڵکی دەستیاندەکەوێت لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی ئێستا.

**تەندروستی:**

پارتی دیموکراتی ئازاد بەهیوایە کە کێبڕکێی زیاتر هەبێت لە نێوان کۆمپانیاکانی بیمەی تەندروستیدا، و کاریگەری بازاڕیش بەهێزتر بێت.

**خوێندن:**

پێویستە کە قوتابی قوتابخانەکان و خوێندکارانی زانکۆکان و ڕاهێنەرەکان پۆلێنبکرێن بەپێی تواناکانیان، وپێویستە بەهێزەکانیان پشتیوانیبکرێن.

**باجەکان:**

پارتی دیموکراتی ئازاد دەیەوێت کە سیستەمی باجەکان ساکار بکات، وادەبینێت کە پێویستە باجەکان نزمبکرێنەوە بە ئاستێکی گەورە، ئەنجامی ئاسایش بۆ ئەوە کەمبونەوەی پارەی وەبەرهێنانە لە خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان و دووبارە دابەشکردنەوەیەتی.

**بەکورتی:**

پارتی دیموکراتی ئازاد دەیەوێت کە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی پارێزگار زیاتر بکاتە لیبراڵی.جا لە سایەی ئەو سیستەمەوە دەبینین کە پشتیوانی دەوڵەت کەم دەبێتەوە، و خزمەتگوزاری کەمتریش دەدرێتە خەڵکانی هەژار، و هەلی کەمتریش بۆ خوێندن و پشتیوانی کەمتریش لە هەردوو بواری تەندروستی و خوێندنیشدا دەڕەخسێت.

## ٦-٦ پارتی چەپ

یەکەم بەرنامەی پارتی چەپ لەساڵی ٢٠١١دا دەرکەوت، ئەوەش لە شاری ئێرفۆرت بوو.

پارتی چەپ دژایەتی ئابووری بازاڕی کۆمەڵایەتی دەکات و هەوڵ بۆ سیستەمێکی ئابووری نوێ دەدات.پارتی چەپ وادەبینێت کە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی گرنگە و دەیەوێت فراوانیشی بکات.

پارتی چەپ گەرەکێتی کە مافە کۆمەڵایەتیەکان لە یاسای بنەڕەتیدا بچەسپێنێت، و دەشیەوێت کە سیستەمی بیمەی خانەنشینی بۆ هەمووان بەرکاربێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی درێژی ماوەی کارکردنی تاک لە وەزیفەیەکی جێگیردا.

ئەوە چییە کە پارتی چەپ دەیەوێت بیگۆڕێت لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا؟

کار و ئابووری:

پارتی چەپ دەیەوێت  کە داهاتی بنەڕەتی بگاتە هەمووان، هەروەها پێی وایە دەبێت کە بەتەمەنەکان لانی کەمی مووچەیەکی خانەنشینیان هەبێت، ئەو مووچەیەش بەرزبێت، بەشێوەیەک کە کەسی خانەنشین بوو هەژار نەبێت.

تەندروستی:

پێویستە هەموو خەڵکی بیمەیەکی یەکگرتووی گشتیان هەبێت.

**خوێندن:**

نابێت قوتابیەکانی قوتابخانەکان وخوێندکارانی زانکۆکان وڕاهێنەرەکان بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ تێچووی خوێندن لە ئەستۆ بگرن. بەڵکو دەبێت هەموو بوارەکانی خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی بەخۆڕایی بێت.

**باجەکان:**

پێویستە باجە سەپێنراوەکان لەسەر ئەو کەسانەی کە داهاتیان دیاریکراوە وچینی ناوەڕاستیش کەمبکرێتەوە بەپێچەوانەی دەوڵەمەندەکان وکۆمپانیاکانەوە.پێویستە دەوڵەت زۆرترین خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی پێشکەش بکات و پێویستیشە کە دەوڵەمەندەکان تێچووی ئەوە بگرنە ئەستۆی خۆیان.

**بەکورتی:**

پارتی چەپ گەرەکێتی کە سۆشیال دیموکراتی پتەوتر بکات لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی پارێزگاردا لە ڕێگەی زیادکردنی پشتیوانی حکومەت و خزمەتگوزاریەکان بۆ هەژاران و هەل و پشتیوانیش لەهەردوو کەرتەکانی خوێندن و تەندروستیدا.لەبەر ئەو هۆکارە، پارتی چەپ دەخوازێت کە هەموو سیستەمی سیاسی بگۆڕێت.

## ٦-٧ پارتی جێگرەوە لە پێناو ئەڵمانیا AfD

جێگرەوە لە پێناو ئەڵمانیا، کورتکراوەی ناوەکەی AfD تاڕادەیەک پارتێکی تازە دروستبووە. ئەو پارتە دەڵێت:هەموو پارتەکانی ئەڵمانیا هەمان کار دەکەن، و دەشڵێت:ئەو دەیەوێت کە سیاسەتێکی تر پیادە بکات، لەبەرئەوە ناوی خۆی ناوە (جێگرەوە) . بەڵام ئەو جێگرەوەیە چییە؟

پارتی جێگرەوە لە پێناو ئەڵمانیا پارتێکی ڕاسترەوی پۆپۆلیستیە.

پارته ڕاسترەوە پۆپۆلیستیەکان تەنها کەمێک لە پێشنیاز پێشکەش دەکەن بۆ چۆنێتی چارەسەری کێشەکان، بەڵکو پێی باشترە کە باس لە گوناهکار بکات لە تێڕوانینی خۆیەوە.گوناهکاران بەزۆری (ئەو کەسانەن) یان (ئەوانی ترن) بەپێی تێڕوانینی ڕاستەڕەوە پۆپۆلیستیەکانەوە.

(ئەوانی تر) لای ڕاسترەوە پۆپۆلیستەکان بریتین لەکەسانی قژ ڕەش یان نا مەسیحییەکان، یان ئەو ژن و مێردانەن کە منداڵیان نیە یان ئەو ژنانەن کە ژنیان خۆشدەوێت یان ئەو پیاوانەی کە پیاویان خۆشدەوێت.

پارتی جێگرەوە لە پێناو ئەڵمانیا بەرنامەکەی خۆی لەساڵی ٢٠١٦دا پەسەند کردوە.وهیچ شتێک دەربارەی مافە کۆمەڵایەتیەکان باس ناکات.پارتی جێگرەوە هەوڵدەدات بۆ بچووککردنەوەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی. بەڵام چۆنێتی ئەو کارەی ئاشکرا نەکردوە.ئەو پارتە وایدەبینێت کە پێویستە خەرجیەکانی کاروباری کۆمەڵایەتی کەمبکرێتەوە، پێویستە دەوڵەت گرنگی زیاتر بە مەسەلەکانی تر بدات.هەروەها خەڵکی گرنگی بەیەکتری بدەن وەک ئەوەی لە خێزانە گەورەکاندا ڕوودەدات.

بەرنامەی پارتی جێگرەوە باسی هیچ بیرۆکەیەک ناکات کە هەموو خەڵکی بتوانن بەشداری بکەن تەنها یەک جار نەبێت.ئەوەش لە چوارچێوەی باسکردنی لەو خەڵکانەی کە دەناڵێنن بەدەست کەمئەندامیەوە، بەشێوەیەک ئاماژەی داوە بەوەی کەدەتوانن بەشداریبکەن لە خوێندندا بەشێوەیەکی باش. ئەو پارتە هیچ باسی لە مافەکانی کرێکاران و فەرمانبەران نەکردوە.هەروەها لەبەرنامەکەشیدا باسی لە کاروباری سەندیکاکان و ئەنجومەنەکانی نوێنەرانی کرێکاران نەکردوە.

ئەوە چییە کە پارتی جێگرەوە دەیەوێت بیگۆڕێت لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا؟

**کار و ئابووری:**

پارتی جێگرەوە دەیەوێت کە سیستەمی بیمەی بنەڕەتیەکانی ژیان بەرکاربکات، بەڵام نرخەکەی دیارینەکردوە.بەڵام لەو بڕوایەدایە ئەو کەسەی پارەی کەم کۆدەکاتەوە پێویستە یارمەتی کەمتریش وەربگرێت.

**تەندروستی:**

پارتی جێگرەوە لەبەرنامە بنەڕەتیەکەیدا باسی هیچ پێشنیازێکی نەکردوە دەربارەی دابینکردنی سیستەمی تەندروستیەکی باشتر.

**خوێندن:**

پارتی جێگرەوە دژایەتی خوێندنی قوتابیان پێکەوە دەکات بۆ ماوەیەکی درێژ، ودەیەوێت کە خوێندکاران بە زوویی دابەشبکرێن بەسەر جۆرەها قوتابخانەی جیاوازدا، ودروست نیە کە لە قوتابخانەکاندا باسی شێوەکانی خێزانی نوێ بکرێت وەک دوو باوک یان دوو دایکی.

**باجەکان:**

پارتی جێگرەوە دەیەوێت کە نزمبونەوەی زۆر بکرێت لە باجەکاندا. وەک باجی میراتی بۆ نموونە، بەوەش پارەیەکی زۆر نامێنێتەوە بۆ دەوڵەت بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی.

**بەکورتی:**

پارتی جێگرەوە دەیەوێت کە دەوڵەت زۆر بەشداری نەکات لە کەرتی کۆمەڵایەتیدا.پارتی جێگرەوە مانای پشتیوانیەکی کەمتر و یارمەتیدانێکی کەمتر بۆ خەڵکی هەژاران، هەروەها هەل و پشتیوانی کەمتر بۆ لاوازەکان.

### ٦-٨ پارتەکان ...... بەراوورد

دوای بەراوردکردنی پارتەکان گەیشتینە دەرئەنجامێکی سەرسوڕهێنەر: هەموو پارتەکان دەیانەوێت کە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی ئێستا بگۆڕن، بەڵام هەر پارتە و ئاڕاستەیەکی جیاوازی هەیە لە پارتەکەی تر.

لێرەدا هەندێک پارت هەوڵدەدات بۆ بچووککردنەوەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.ئەوانیش پارتی جێگرەوە لە پێناو ئەڵمانیا، پارتی یەکێتی دیموکراتی مەسیحی و پارتی دیموکراتی ئازادن.ئەو پارتانە بەئاڕاستەی بردنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانن بەرەو لیبرالیزم.و کاردەکەن لەسەر کەمکردنەوەی باجەکان و دابەشکردنی خێروبێرەکان بەپێی توانا و کارکردن.

بەڵام پارتەکانی تر وەکو پارتی سەوزەکان و پارتی چەپ و پارتی سۆشیال دیموکرات هەوڵدەدەن بۆ فراوانکردنی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و کاردەکەن لەسەر زیادکردنی باجەکان و دابەشکردنی خێروبێرەکان بەپێی پێویستی.

بەڵام هیچ پارتێک لە ئەڵمانیادا ناتوانێت بیرۆکەکانی جێبەجێ بکات وەک ئەوەی لەبەرنامە بنەڕەتیە حیزبیەکەیدا هاتوە.جا بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە هیچ حیزبێکیش ناتوانێت زۆرینەی کورسیەکانی پەرلەمانی ئەڵمانی بەدەستبێنێت، پارتەکان لە هاوپەیمانێتی لەگەڵ یەکتردا کاردەکەن، ئەوەش بەمانای سازشکردن دێت.



وەرگێڕ لەچەند دێڕێکدا

**نەوزادی موهەندیس**

• لەدایک بووی ساڵی ١٩٧٠ لەگوندی کەڵەکنی سەر بەناحیەی سەرچناری ئەو کاتەی سلێمانی .

• قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لەگوندی کەڵەکن ١٩٨١و ناوەندی١٩٨٤و دواناوەندی لەشاری سلێمانی١٩٨٧ وزانکۆی تەکنەلۆژی لەشاری بەغداد١٩٩١ تەواوکردوە.

• دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری کیمیاوی / پسپۆڕ لە نەوت وپترۆکیمیاویاتدا لەزانکۆی تەکنەلۆژی لەبەغداد ساڵی ١٩٩٠-١٩٩١.

• لەساڵی ١٩٩١-١٩٩٢ لە ڕێکخراوەکانی WHO و CAREوFAO کاری کردوە.

• لەساڵی ١٩٩٢- ١٩٩٤ لەکارگەی چیمەنتۆی سەرچنار کاریکردوە.

• لەساڵی ١٩٩٤-١٩٩٧ جێگری بەڕێوەبەری فەرمانگەی دابەشکردنی نەوتی سلێمانی و لێپرسراوی تەکنیکی بوە.

• لەساڵی ١٩٩٧-٢٠٠٠ بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی هێزی کار بوە.

• لەساڵی ٢٠٠٠-٢٠٠٨ بەڕێوەبەری کارگەی گەچی هونەری بازیان بوە.

• لەساڵی ٢٠٠٨-٢٠١٣ بەڕێوەبەری پرۆژەی کارگەی بەردی مەڕمەڕی ماوەت بوە.

• لەساڵی ٢٠١٣ تا ٢٠١٩ بەڕێوەبەری کارگەی جگەرەی سلێمانی بوە.

• لەساڵی ٢٠٢٠-٢٠٢١ بەڕێوەبەری بەشی کۆنترۆڵی جۆری بووە لە کارگەی چیمەنتۆی دەلتای کەرتی تایبەت.

• لە ساڵی ٢٠٢٢- تاکو ئێستا بە ناونیشانی ئەندازیاری کیمیاوی شارەزا لە بەڕێوەبەرایەتی فرۆشتنی چیمەنتۆی سلێمانی کاردەکات.

- سەرنوسەری گۆڤاری ئەندازیارانە لەساڵی ٢٠٠٢وە.
- لەکتێبە بڵاوکراوەکانی وەرگێڕ:-

١. ڕیفۆرم لەم قۆناغەی ئێستای کورددا بۆ ؟ ساڵی ٢٠٠٦

٢. کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاری گەورەو کتوپڕدا. ساڵی ٢٠٠٦

٣. کوردایەتی لەنێوان دروشم و واقیعدا .ساڵی ٢٠٠٧

٤. بیردۆزەی فەوزای دروستکەر.ساڵی ٢٠٠٧

٥.ڕێبازی سۆشیال دیموکرات و کۆمەڵگەیکوردەواری. ساڵی ٢٠٠٨

٦.کرۆنۆلۆژیای خەبات و تێکۆشانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. ساڵی ٢٠٠٨

٧. مێژووی هۆزی گەڵباخی لە سەرچاوە مێژووییەکانەوە .ساڵی ٢٠١٢

٨. دومۆزی مەلەک تاووس / لێکۆڵینەوەیەک لە ڕەگ و ڕیشەی ئاینی دێرینی کوردی.// وەرگێڕان ساڵی ٢٠١٢

٩. خێڵ و نەتەوە لە تەرازووی دەسەڵاتی سیاسی کوردیدا.ساڵی ٢٠١٢

١٠. یەکەمین سەرکێشی عەقڵ/ لێکۆڵینەوەیەک لە ئەفسانە، سوریا،وڵاتی دووڕووبار.// وەرگێڕان ساڵی٢٠١٣

١١.نیو سەدە لە مێژووی کارگەی جگەرە و پوختەکردن و ترشاندنی توتن لە شاری سلێمانی.ساڵی ٢٠١٣

١٢. دەسەڵاتی ئیسلامیەکان لەنێوان ترس و ئومێددا. ساڵی ٢٠١٧

١٣. جەنگی دژە تیرۆر بەرەو کوێ ؟ ساڵی ٢٠١٨

١٤.الکرد پوار حقیقیون ام بندقیە للٲیجار ؟ بەزمانی عەرەبی. ساڵی ٢٠١٩

١٥. کەڵەکن گوندێکی دێرین و گەڕەکێکی نوێ لەشاری سلێمانی. ساڵی ٢٠٢٠

١٦.مێژووی گفتوگۆکانی کورد و حکومەتەکانی عێراق لە ١٠٠ساڵی ڕابووردوودا (( ١٩٢٠ -٢٠٢٠)).ساڵی ٢٠٢٠

١٧.پیشەسازی چیمەنتۆ بەڕێگای وشک./ وەرگێڕان ساڵی ٢٠٢١

١٨.گرنگی ڕۆڵی کۆنترۆڵی جۆری لە کارگەکانی پیشەسازی چیمەنتۆدا/ ساڵی ٢٠٢١

١٩.کۆنکریت،سیفاتەکانی،جۆرەکانی،پشکنینەکانی./وەرگێڕان ساڵی ٢٠٢١

٢٠.ئەریَ شەمەندۆفێرەکەی دەوڵەتی کوردی ڕاوەستاوە یان لە پێشڕەویدایە؟ ساڵی ٢٠٢١

٢١.تاکگەرایی وەک فەلسەفەیەکی سیاسی بۆ بونیاتنانی تاکێکی ئازادی کوردی./ ساڵی ٢٠٢٢

٢٢.بیبلیۆگرافیای گۆڤاری ئەندازیاران ٢٠٠٢-٢٠٢٢/ساڵی٢٠٢٢

٢٣. ڕێبەری یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان ١٩٩٢-٢٠٢٢/ ساڵی ٢٠٢٢

٢٤. ........................................................./٢٠٢٢

٢٥. ڕۆڵی ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتیەکان لەگەشەی کۆمەڵگەی کوردەواریدا / ساڵی ٢٠٢٣

- خاوەنی دەیان بابەت و وتاری ( سیاسی و ئابوری وئیداری و زانستیە) لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان و سایتەکانی ئینتەرنێتدا به زمانی کوردی و عەرەبی لەساڵی ١٩٩٦وە.
- خاوەنی سەدان چاوپێکەوتنی کەناڵە جیاوازە کوردی و عەرەبیەکانە وەک چاودێری سیاسی لەساڵی ٢٠١٤وە.